# ئاین، عەلمانییەت، فێندەمێنتالیزم

محەمەد ئەرکۆن

# ئاین، عەلمانییەت، فێندەمێنتالیزم

وەرگێڕانی:

شوان ئەحمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەد ئەرکۆن
ئاین، عەلمانییەت، فێندەمێنتالیزم
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٨٨
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٥٣ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-57-7

پێڕست

پێشەکی: بۆچی دەبێت عەلمانی بین؟ ..... 7
١ . دیاردەی فێندەمێنتالیزم ..... 15
٢. ئاین و عەلمانییەت ..... 29
٣. عەلمانییەت و ئیسلام – ئەتاتورک وەک نموونەیەک ..... 91

## پێشەکی

## بۆچی دەبێت عەلمانی بین؟

لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی لە مانا مەیدانییەکانی عەلمانییەت بگەین، ناچارین لە سەرەتادا سروشتی ئەو دۆخە سیاسییە بناسینەوە کە سیستەمێکی وەک عەلمانییەتی تێدا پیادە دەکرێت. ئاخۆ عەلمانییەت وەک سیستەمێک قابیلی خواستنە، یاخۆ پێشتر پێویستی بە لەبارکردنی زەمینەی کولتووری هەیە؟ پرسیارێک کە بۆ سیستەمێکی وەک دیموکراسییەتیش هەمان شتە. پاشان ئاخۆ عەلمانییەت بێ دیموکراتییەت دادەمەزرێت، یاخۆ بە پێچەوانەوە دەکرێت دیموکراسییەتێکی هەقیقیمان بێ عەلمانییەت دەستگیر ببێت؟ بەڵکو لە نزیککەوتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەدا شتێکمان بۆ ڕوون بێتەوە.

لە سەرەتادا هەق وایە لەو پێوەندییە بەیەکداچووە بگەین کە لە نێوان چەمکی دیموکراسی و عەلمانییەتدا هەیە، بێ ئەوەی خۆمان بەوەوە خەریک بکەین کە کامیان پێش ئەوی تریان دەکەوێ. مادامێک ئێمە دەخوازین لە سروشتی ئۆرگانی ئەو پێوەندییە بگەین کە ئەم دووانە پێکەوە گرێ دەدات. لە ڕاستیدا عەلمانییەت پرسی کۆمەڵگەیەکی مەدەنییە، کۆمەڵگەیەک کە ڕێکخستنێکی ئاسۆیی و تەندروستی هەیە. لەو ڕووەوەی کە مەوداکانی دەربڕینی لە بەردەمدا ئاوەڵایە و خاوەنی توێژ و گرووپی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرە. واتە خاوەنی تەنیا ماسکێک نییە، بگرە هەر توێژ و گرووپێک بەپێی پێگە و بەرژەوەندی کۆمەڵایەتیی خۆی ڕوخساری تایبەت بە خۆی هەیە.

کۆمەڵگەیەک کە بە تەبیعەت ناچار دەبێت بۆ ڕاییکردنی پێکهاتەی

کۆمەڵایەتی خۆی هێزی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی جۆراوجۆر بەرهەم بهێنێت، یان لانی کەم پێویستی بە نمایندەکردنی جۆراوجۆر ببێت. هەڵبەت ئەگەر بەشێکی ئەم نمایندەیە سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەوا بەشێکی ئەم دیکەی فۆرمێکی سیاسی هەیە و پێویستی بە گەڵاڵەکردنی حزبییانە هەیە. حزبیش بەو مانا تەندروستەی مەبەستمانە، بریتییە لە ڕێکخستن و جڵەوگیرکردنی خەون و خەیاڵی گرووپێک یاخۆ توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و داوتریش بە سیاسیکردنی بە ئاراستەی بەدیهێناندا.

بەم مانایەشە کە فرەحزبی یاخۆ فرەنمایندەیی، بەرەنجامێکی سروشتی کۆمەڵی مەدەنییە. ڕێگرتنیش لە بە مەدەنیبوونی کۆمەڵگە، لە هەمان کاتدا بەرپاکردنی سیستەمی فرەحزبی، هیچ نییە جگە فێڵێک بۆ ڕازاندنەوەی خوانی دەستەڵات. واتە ئەزموونێکی سیاسی بۆ خۆی دەبێتە ڕێگر لە بەردەم بە مەدەنی نەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ئەویش بە غەرقکردنی کۆمەڵگە لەناو ئاراستەیەکی جەماوەری تاک ڕوخساردا و قۆرغکردنی هەموو میکانزمە مەدەنییەکانی دەربڕین و خۆخەملاندن.

لە هەمان کاتدا ڕێگەدان بە دامەزراندنی پارتی سیاسی بەناوی بەرپاکردنی ژیانی فرە حزبییەوە، ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە فاوڵگرتنێکی ئاشکرایە لە پرۆسەی مەدەنییەت و دیموکراسییەت و ئامانجی هەڵسوکەوتێکی لەو جۆرە، تەنیا بەخشینی شەرعییەتێکی سیاسیی کاتییە بە دەستەڵاداریتییەک لە ڕێگەی بەکارتۆنیکردنی ژیانی فرەحزبییەوە. مادامێک کە کردنەوەی ئاسۆ کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و دابینکردنی کەناڵە مەدەنییەکانی تەعبیر لەخۆکردن، ڕستێک ئیجرائاتە و پێش بەرپاکردنی سیستەمی فرەحزبی دەکەوێت، دیارە حزب بەو پێناسەیەی سەرەوە کە بارکردن و ناردنی خەیاڵ و نییەتی گرووپێکی کۆمەڵایەتی خاوەن ڕوخسارە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو.

بێگومـان دۆخـێکی مــەدەنی لەو جـۆرەی باسـمـان کـرد، پێـویسـتـی بە دیموکراسییەت هەیە وەک سیستەمێک بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسی هەموو ئەو هێزانەی، ئەرکی نمایندەکردنی توێژ و گرووپەکانیـان دەچێتـە ئەسـتۆ. مادامێک کۆمەڵگەیەکت هەیە لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە ،سیما و ڕوخساری جیاواز و فۆرمەلەبووی تێدایە و هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەستی بەسەر کۆی ستراکتۆری کۆمەڵگەدا نەگرتووە. بۆیە دەبێت ژیانی سیاسی ئەو کۆمەڵگەیەش بە میکانیزمێکی سیاسی وەها ڕێکبخرێت کە پانتایی دەستەڵاتی سیاسی بۆ نمایندەیەکی دیاریکراو قۆرغ نەکرێت.

تەنیا میکانیزمێکیش بۆ پاراستنی دەستکەوتە مەدەنییەکانی کۆمەڵگە، سیستەمی دیموکراسییەتە. ئەو سیستەمەی پانتایی حوکمکردن لەبەردەم زیاد لە هێزێکدا ئاوەڵا دەکات و سندووقی هەڵبژاردن دەکاتە مەحەکی باڵادەستی هێزێک بەسەر هێزێکی تردا، بێ ئەوەی شانسی حوکمکردن لەبەردەم هیچ توێژ و گرووپێکدا دابخات.

بەڵام هەموو ئەو هێزە سیاسییانەی لە دنیادا هەقی نمایندەکردن بە خۆیان دەدەن، دەخوازن هەڵگری شەرعییەتێکی وەها بن کە لە ڕێگەیەوە دەستکراوەیی خۆیان پیادە بکەن. ئەم تەرحەش زیاتر بۆ ئەو کۆمەڵانە دەشێت کە ستراکتۆرێکی مەدەنی نییە و تەنیا پەیمانی کۆمەڵایەتی و متمانەی توێژە کۆمەڵگەییەکانی بەس نییە بۆ بەخشینی شەرعییەتی نمایندەیی.

هەڵبەت لە کۆمەڵگەی لەو جۆرەشدا هێزە سیاسییەکان مافی فراوانتر و دوور مەوداتر بەخۆیان ڕەوا دەبینن. ئەمەش بێگومان شەرعییەتی زیاتریان لێ دەخوازێت. دیارە شەرعییەتی ئاینیش بەهێزترین جۆری شەرعییەتە کە هێزێکی سیاسی لە ساتەوەختێکی کۆمەڵگەیدا پەنای بۆ بەرێت، بەجۆرێک کە ڕەنگە شەرعییەتێکی لەو جۆرە قەدەری ئەو هێزە سیاسییە لە هەموو ئەو

لێپێچینەوە و چاودێرییانە بدزێتەوە کە هەموو هێزێکی سیاسی لە واقیعی مەیدانیدا، پێویستە لە سەری مومارەسە بکرێت.

لێرەوە قسە لەسەر زەرووڕەتی سیستەمێک دەکەین کە ناوی عەلمانییەتە و یەکێکە لەو کەرەستە ئۆرگانییانەی، کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسییەتی پێ تەواو دەبێت. بەڵام چۆن؟

بێگومان بەخشینی شەرعییەتی ئاینی بەهێزێکی سیاسی، لەوێدا خەتەرە کە زەمینەیەکی پیرۆزکراو بۆ ئەو هێزە دابین دەکات، لە کاتێکدا زەمینەی کاری سیاسی لە بنەڕەتدا زەمینەیەکی مەیدانی و کۆمەڵگەییە، بە هەموو ماناکانی کۆمەڵگەییبوون کە هەڵبەت ئەو ڕێژەییبوون و گۆڕاوییە دەگەیەنێت کە بەرژەوەندی توێژ و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەیسەپێنێت.

واتە شەرعییەتی ئاینی کە ڕەهەندێکی ئاسمانی هەیە و بە تەبیعەت سروشتێکی پیرۆزکراو و ڕەها بە هەموو ئەو ئایدیایە و نەریتانە دەدات کە دەبنە هەڵگری، لە وەختێکدایە کە حزب نمایندەی ئەو گرێبەندییە کۆمەڵایەتییە دەکات کە گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو وەک ئەمانەتێکی مەدەنی پێی دەبەخشێت. مەبەست لە ئەمانەتی مەدەنی هەموو ئەو متمانە ڕێژەیییە کە لە بنەڕەتدا، ڕێژەی بوونی بەرژەوەندی گرووپ و توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەیسەپێنێت.

مادامێک پێکهاتەی کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی گۆڕاو و دنیاییە، بۆیە ناکرێت ئایدیایەکی سیاسی بە شەرعییەتێکی جێگیر و ئاسمانی نوێنەرایەتی بکات. حزبی سیاسی لە بنەڕەتدا داهێنراوێکی دنیایی و کۆمەڵگەییە، بۆ داکۆکیکردن لە ڕستێک نییەت و نەریتی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، لە کاتێکدا ئاین کە بەرژەوەندیی دینی و دنیایی پانتاییەکی بەشەری فراوانی هەیە بەهەند وەردەگرێت، ئەمەش لەوێدا خەتەرە ئەو هێزە سیاسییەی شەرعییەتێکی ئاینی بەخۆی دەدات و وەهمی ئەوەی لا دروست دەبێت کە

دەتوانێت لە یەک کاتدا، نمایندەی هەموو کۆمەڵگە بەسەریەکەوە بکات. ئەمەش ئەگەر لە بۆچووندا وەهمێکی زەق بێت، ئەوا بێگومان لە پراکتیکی سیاسەتدا دەگاتە خۆسەپێنی و تۆتالیتارییەت.

لەلایەکی ترەوە ئاین لە ڕووی زەمینەوە مەودایەکی سەروو مێژوویی هەیە و بۆ هەموو کات و شوێنێک دەست دەدات، هەڵبەت هەڵگرتنی شەرعییەتی ئاینی بۆ حزب بیانووی ڕەهابوونی دەست دەخات و ئەو تایبەتمەندییە دنیاییانەی لێ دەسێنێتەوە کە لە بنەڕەتدا حزب خاوەنێتی. بەڵام با سەرنجمان بەلای ڕەنگدانەوە سیاسی و مەیدانییەکانی ئەم دۆخەدا بەرین و بزانین، لە کوێدا ئەم شتانە سیستەمی عەلمانییەتمان لێ دەکەنە زەرووڕەتێک.

بێگومان سیستەمی فرەحزبی تەندروستترین فۆرمی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەیە، بەو پێیەی لە بنەڕەتدا کۆمەڵگە پێکهاتەیەکە لە زیاد لە توێژ و گرووپێکی کۆمەڵایەتی و هەڵبەت بەرژەوەندییەک پێک دێت. بەڵام ڕێکنەخستنی پێوەندی نێوان سیاسەت و ئاین یاخۆ ڕاستتر بەخشینی شەرعییەتی ئاینی بە پارتێکی سیاسی، ڕێگە لە بەردەم سیستەمی نمایندەی جۆراوجۆر یاخۆ هەقی نمایندەکردن تەنیا بۆ ئەو هێزە قۆرغ دەکات، ئەمەش خەتەرێکە تەنیا جیاکردنەوەی سنوورە بە یەکچووەکانی نێوان ئاین و سیاسەت کۆتایی پێ دەهێنێت.

واتە بە تەبیعەت بەخشینی شەرعییەتی ئاینی بە هێزێکی سیاسی، داخستنی دەرگایە لەسەر پێویستبوونی ژیانی فرەحزبی و هێزی جۆراوجۆر و کردنەوەی دەرگاشە لەسەر ئینفرادییەتی دەستەڵاتخوازی، مادامێک ئاین زەمینەیەکی تاقانە بۆ نمایندەکردن دەستەبەر دەکات.

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە تا ئەو دەقەیەی شەرعییەتی ئاینی تەنیا هێزێکی سیاسی سەرپشک بکات، کەواتە هەمان هێز نەک هەر شەرعییەتی

تاقانە بوون بگرە کۆتابوونیش بۆ خۆی مسۆگەر دەکات. واتە پێی وا دەبێت کە نەک هەر نوێنەری تاقانەی کۆمەڵگەیە، بگرە نوێنەری هەمیشەییشی دەبێت. لێرەبەدواوە ئەوەی پێی دەوترێت ئاڵوگۆڕی دەستەڵات، چ مەعنایەکی نامێنێت و پانتایی حوکمکردن بۆ هێزێک بە بەردەوامی دەکەوێتە سەرپشت. لەم ڕووەشەوە دیموکراسییەت وەک سیستەمێکی سیاسی بۆ ڕێکخستنەوەی ژیانی سیاسی کۆمەڵگە و سەرپێشخستنی سیستەمی عەلمانی پێویستە، بەوپێیەی کە ناکرێت و نابێت گرەو لەسەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی بکەین لە ئاین و سنوورە بەیەکداچووەکانی نێوانیان لێ بکەینەوە، تا ئەو دەقەیەی هەموو ئەو میکانیزم و کەرەستە ئۆرگانییانەمان لە بەردەمدا نەبێت کە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە واتە بە عەلمانیکردن پێویستمانە.

بۆ نموونە بەرپاکردنی ژیانی فرە حزبی و ئیجرائاتە مەیدانییەکانی ئەم بوارە و بەگەڕخستنی سیستەمی هەڵبژاردن، لەناو ژیانی سیاسی و کردنەوەی دەرگای یاسایی لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات و دابینکردنی کەناڵە مەدەنییەکانی دەربرین و یاساڕێژکردنی سەرتاپای ژیانی سیاسی، زنجیرەیەک تەرتیباتە بۆ ئەوەی سیستەمی عەلمانییەتی پێ بخرێتە سەر پێ، یاخۆ لانی کەم لە پرۆسەی وەرگرتنەوەی شەرعییەتی ئاینی لە هێزە سیاسییەکان، یان بە دەربڕینێکی تر دەرهێنانی بەرەی پیرۆز لەژێر پێی هێزە سیاسییەکان، نەکاتە دروستکردنی فەوزایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی قووڵ یاخۆ قەیرانێکی متمانەکردن بخوڵقێنێت.

بۆیە ڕەنگە هەڵسوکەوتی پێویست لەم بوارەدا پێشتر دروستکردن و دابینکردنی زەمینەی مەدەنی و یاسایی متمانەکردن بێت، تاوەکو بۆشاییەک دروست نەبێت لە پرۆسەی گواستنەوەی ستراکتۆرێکی مەدەنی و ڕێژەیی.

ڕەنگە واقیعی سیاسی و کولتووری کوردی، هەنووکە لە هەموو کات پتر

پێویستی بە پراکتیککردنی سیستەمی عەلمانییە بێت، بە تایبەت کە دیاردەی هەڵگرتنی شەرعییەتی ئاینی لەلایەن چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کە هەندێک بە (ئیسلامی سیاسی) ناوزەندی دەکەن، بووەتە بەشێک لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان. بە ئەندازەیەک هەموو ئەو ئیجرائاتە دیموکراسییەی تازە بە تازە خراونەتە گەڕ، تێکڕا لە بەردەم هەڕەشەی دیاردەیەکی لەو جۆرەدایە.

هەڵبەت بەرگرتنیش لە شەپۆلێکی لەو شێوەیە، تەنیا بە پتر دیموکراتیزەکردنی ژیانی سیاسیمان چارەسەر دەکرێت. ئەگەر پرۆسەی دیموکراتیزەکردنیش لە ڕستێک نەریت و ئیجرائات پێکهاتبێت، ئەوا تیۆریزەکردن و وەرگێڕانی کتێبێکی لەم جۆرە بەشێکە لەو پرۆسەیە.

توانا عوسمان

١

# دیاردەی فێندەمێنتالیزم

هاشم ساڵح: به درێژایی ئەم ساڵانەی دوایی، ئسوولییەت بووەتە یەکێک لەو مەسەلانەی جیهانی عەرەبی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. چۆن لەم دیاردەیە تێ دەگەیت و هۆکارەکانیشی چۆن لێک دەدەیتەوە؟

محەمەد ئەرکۆن: لە چوارچێوەی ئیسلام خۆیدا ناتوانین لە ئسوولییەت تێ بگەین، گەر بێتو بە ئسوولییەتی ناو ئاینەکانی تری بەراورد نەکەین. ناشتوانین بە شێوەیەکی دروست تاوتوێی بکەین، گەر میتۆدە مێژووییەکانمان بەسەردا پراکتیزە نەکرد. بۆ نموونە وەکی ئەوەی لە ڕۆئاوادا بەسەر ئسوولییەتی مەسیحیدا کرا.

کاتی ئەوە هاتووە فیکری عەرەبی یاخۆ ئیسلامی، دەست بە لێکۆڵینەوەی ئەو شتانە بکات کە لە دەرەوەیدا ڕوو دەدەن. بە تایبەتی لە بواری ئەو لێکۆڵینەوە تازانەی بە شێوەیەکی گشتی لە دەوری ئاینەکان خول دەخوات. مەبەستم ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە پێوەستە بە واتای دیاردەی ئاین و ئەو ئەرکانەی لە کۆمەڵگەدا ڕای دەپەڕێنێ.

لێرەوە بانگی موسڵمانان دەکەم تا زیاتر و زۆرتر، بایەخ بەوە بدەن کە مێژوو فێرمان دەکات. بایەخ بەوە بدەن کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لەبارەی دیاردەی ئاینەوە پێمان دەڵێن. بەم پێیە و بۆ ئەوەی لە دیاردەی

ئسوولّییەت تیّ بگەین، ئەوا ناچار دەبین تا لە ڕێی زانستە کۆمەلاّیەتییەکانەوە بۆی بچین. مەبەستم ئەوەیە، پێویستە زانستە کۆمەلاّیەتییەکان (یاخۆ زانستە ئینسانییەکان)، بەسەر ترادسیۆنی ئیسلامیدا جێبەجێ بکەین. وەک چۆن پێش ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا بەسەر ترادیسیۆنی مەسیحیدا پراکتیزە کرا.

ئەلّبەتە موسلّمانە کۆنسێرفاتیف و ئسوولّییەکان بەرپەرچمان دەدەنەوە دەلّێن: (زانستە کۆمەلاّیەتییەکان بەسەر ترادسیۆنی ئیسلامیدا پراکتیزە نابێ، چونکە بەرهەمی ڕۆئاوایە. بەم پێیەش موسلّمانان کاریان بەسەریەوە نییە!).

ئەم هەلّوێستە سلبییە لە زانستە ئینسانی و کۆمەلاّیەتییەکان بە تەنیا ئسوولّییەکان ناگرێتەوە، بگرە تا ئێستاش ئەمە هەلّوێستی زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرانی عەرەب و ئیسلامییە. ئەلّبەتە لەناو ئەمەدا چەند حالّەتێکی ڕیزپەڕ هەیە، مایەی خۆشحالّیشە کە چەند حالّەتێکی ڕیزپەڕ هەیە. بەم جۆرە موسلّمانان بە داخراوی لەناو بازنەی ترادسیۆنێکی داخراو بەسەر خۆیدا دەمێننەوە.

ئەوان نایانەوێت بواری گفتوگۆ و مشتومڕ بەرفراوان بکرێت و دەرگاکان بخرێنە سەرپشت، تا هەوایەکی تازە لێیان بدات. ئەوان نایانەوێت زانستە کۆمەلاّیەتییەکان بەسەر ترادسیۆنی خۆماندا پراکتیزە بکرێت، لە پێناو نوێکردنەوەی ترادسیۆن و سەرلەنوێ تەئویلکردنی ئیسلامدا، بەو پێیەی ئیسلام دیاردەیەکی ئاینی مەزنە لە ڕیزی دیاردەکانی تردا. ئەوان لەوە ناگەن کە میتۆدی بەراوردکاری لەگەلّ ئەوانی تردا چەند بەسوودە، بە مەبەستی تێگەیشتن لە خود. جگە لە ئیسلام چەنان ئاینی تر لە جیهاندا هەیە، ئەوەتانێ مەسیحییەت و یەهوودییەت و بووزییەت و هیندۆسییەت و .. هتد، هەیە.

کەواتە ئیسلام وەکو دیاردەیەکی ئاینی (بە شێوەیەکی ڕەها)، جیاواز نییە لە تەواوی دیاردەکانی تر. ئەو دیاردانەی پێوەندییان بەو ئاینانەوە هەیە کە باسمان لێکردن. ئەڵبەتە ئەو هەڵوێستەی لێرەدا وەری دەگرین هەڵوێستێکی زانستییە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی هەڵوێستی ئیمانی دۆگمایی یاخۆ هەڵوێستی پاسیڤی ویژدانییە کە بە درێژاییی سەدان ساڵ، بە میرات لە باووباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە.

مسوڵمانی تەقلیدی یان ئسووڵی، لە هیچ شتێکدا هەڵوێستی لە هەڵوێستی مەسیحییەکی تەقلیدی یاخۆ یەهوودییەکی ئسووڵی جیاواز نییە. لەبەرئەوەی هەریەک لەوان لە ناوەخۆیدا داخراوە و پێی وایە خۆی ڕەهایە و لە دەرەوەی خۆشیدا هیچ شتێکی تر بوونی نییە، یان وەکی بڵێی ئەوانەی وەک ئەو نین گومڕا و سەرلێشێواون.

مەبەستم لە هەڵوێستی پاسیڤی ویژدانیش، ئەوانەن کە دەیانەوێت تەنیا لە ڕێی ئیمانێکی تەقلیدییەوە قسە لەسەر ئیسلام بکرێت. بەدەر لەوەش هەموو ئاقارێکی شیکاری ئەقڵانی و زانستی وەلاوە دەنێن. مادامەکیش ئەم ئاقارە باڵادەستە، ئیتر مەحاڵە یەک هەنگاو بەرەو پێش بچین. کەواتە وا پێویست دەکات ڕەخنەی مێژوویی ڕادیکال بەسەر ئسووڵییەکان و غەیرە ئسوڵییەکانیشدا پراکتیزە بکرێت، واتە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر فیکری تەقلیدیدا جێبەجێ بکرێت.

هاشم ساڵح: هەندێک دەڵێن گوایە ئسووڵییەکان پەیڕەوی ئاقارێک لە ئاقارەکانی ئیسلام دەکەن، هەرچی ئاقاری ئەقڵانی و هیومانستیشە (واتە ئاقاری موعتەزیلە و فەیلەسووفەکان) پشتگوێی دەخەن. ڕات چییە بەم قسانە؟

محەمەد ئەرکۆن: بێگومان، بەڵام ئەو ئاقارە ئسووڵییە (یاخۆ سەلەفییە)ی

لە سەدەی سیازدەوە جێگیر بووەو دەستی بە پەلهاویشتن کردووە، تەشەنەسەندن کردووە، داهێنان و بەرهەمی ئەمڕۆ نییە. ئسووڵییەکانی ئەمڕۆ ڕەگوڕیشەیان لە ڕابردوودا هەیە، تەنانەت وەکی دەبینین ڕەگوڕیشەیان لە ڕابردوویەکی دووریشدا هەیە. ئەوان لەسەر زەمینەیەکی ساز و لەبار کار دەکەن، یان تۆ بڵێ گەشە دەکەن. زەمینەیەک لە مێژە ئامادەکاری بۆ دەکرێ و ڕێی بۆ خۆش دەکرێت. نهێنی هێز و توانا و تەشەنەکردنی خێرا و بە پەلەیان لێرەدایە. قوتابخانە فیقهییەکان بە تەواوی لە وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاو بوونەتەوە، لە هەر وڵاتێکیشدا یەکێک لەو مەزهەبانە پەیرەو کراوە. لە تورکیا مەزهەبی حەنەفییان پێ پەسەند بووە، لە سعودیە حەنبەلی، لە میسر شافعی و لە مەغریبی گەورەدا مالیکی و لە ئێران جەعفەری شیعی و .. هتد.

ئەم تایبەتمەندێتییە بەرتەسک و سنووردارە، بە پاشەکشەیەک لە فرە ئایدیۆلۆجی و فیکری دادەنرێت کە لە سەردەمی کلاسیکی، یان لە سەردەمی زێڕینی تەمەنی شارستانی عەرەبی ئیسلامیدا لە ئارادا بووە. پلورالیزم بەر لە پێخستنە ناو سەردەمی دووبارەکردنەوە و تەقلید و کاوێژکردن (واتە لە سەردەمی داوەشان و داخستنی دەرگەی ئیجتیهادا)، شتێکی مومکین و ڕێپێدراو بوو. بۆیە هەر ئەوەندە بەس نییە بڵێین ئسووڵییەت لادانێکە لە ئیسلام یاخۆ بڵێین پێوەندی بە ئیسلامەوە نییە، لەبەرئەوەی ئەمە چارەسەری کێشەکە ناکات. گرفتەکە لەمە قووڵترە و ئسووڵی و غەیرە ئسووڵییەکانیش دەگرێتەوە.

ئسووڵییەکان کەسانێکن بێگومان بە هەموو تێکستەکانی فیکری ئیسلامی ئاشنا نین. بگرە تەنها بەو ئاقارە ئاشنان کە بە درێژایی مێژوو باڵادەست بووە. واتە ئاینزا سوننییەکان لەلایەک و ئاینزا شیعییەکان لەلایەکی تر، بەڵام هەریەک لە مەزهەبی سوننە و شیعە هەر لە سەرەتای سەدەی سیازدەوە دووچاری چەقبەستنێکی ترسناک هاتن، یاخۆ

پاشـەکشـەیەکی ترسناکیـان بەخۆوە بینی، ئەمـەش تا سـەدەی بیسـتەم بەردەوام بوو، واتـە تا ڕۆژگـاری ئـەمـڕۆمـان. ئەم داخـرانـە مـێـژوویـیـە تا ئێسـتـاش بە شـێوەیەکی زانسـتی لەلایەن مـوسـڵـمـانەوە تـاوتوێ نەکراوە و لێکۆڵینەەی لـە بارەوە ئەنجـام نەدراوە. گـەر لێکۆڵـینـەوەی لە بارەوە بکرایە، لەوە دەگەیشـتـین کە ئەو ڕەوشـەی تێی کەوتووین دەگەڕێتـەوە بۆ ئەو سـەدە تاریکانەی چووینە ناوی و هەتا ئێستاش لێی نەهاتووینەتە دەر.

ئەمـە مـانای وایە ئێـمـە میـراتگری ئەو سـەردەمـانەین کـە لە جـەوهـەری پلورالیستی یاخۆ لە بڕشتی فیکری و ئایدیۆلۆجی خاڵییە، نەک میراتگری ئیسـلامی شکۆداری سـەردەمی کلاسیکی بین (ئیسـلامی کلاسیکی شـەش سـەدەی یەکەمی کۆچی دەگرێتەوە، واتە تا دەوروبەری مردنی ئیبن ڕوشـد). ئەمە هەقیقەتێکی مێژووییە و جێگەی گومان نییە.

بەم پێیە پێویستە بە شێوەیەکی مێژووییانە سەیری مەسـەلەکان بکەین. تا بزانین ئسـووڵییـەت بۆچـی گەشـە دەکات و لە هەمـوو جێیەکدا تەشـەنە دەسـێنێ و پەلوپۆ دەهاوێت. ناکـرێت لەم شـتـانە تێ بگەین گـەر بێتـو لە چوارچێوەی ماوەیەکی زەمـەنی کورتخایەندا سـەرنجمان دا، واتە لە مـاوەی بیست سـاڵی ڕابردوودا (با بڵـێین لە سـاتەوەختـی بەرپابوونی شـۆڕشـی – خومـەینی-یەوە لە ساڵی ١٩٧٩)، بگرە پێویسـتە مەسەلەکان لە چوارچێوەی ڕوانگەی مـێـژوویی درێژخـایەندا دەسـتنیـشـان بکەین، وەک ئەوەی مێژوونووسی بەناوبانگ "فێرنان برۆدێل" باسی لێ دەکات.

واتە بۆ ئەوەی لـە نهێنیی ئـەم دیاردەیە تێ بگەین کـە لە ئێسـتـادا تەواوی جـیـهـانی ئیـسـلامی گـرتووەتـەوە، هەروەها بۆ ئـەوەی ڕەگـوڕیشـەی وەها دیاردەیەک دەسـتنیـشـان بکەین، ئـەوا پێویسـتـە هەشت سـەدە بگەڕێینەوە دواوە. بەم جـۆرە دەبینـین زانسـتی مـێـژوو مـەسـەلەکانمان بە جـۆرێک بۆ ڕۆشن دەکاتـەوە کـە لەوەوبەر لێی بێئاگا بووین ئەمـە گـەر زانییـمان چۆن

چۆنی له ڕووی میتۆدییەوە بە کاری بێنین، یاخۆ بە چ شێوەیەک بەسەر ترادسیۆنی ئیسلامی دێرینماندا پراکتیزەی بکەین.

ئەمە بیری ڕەخنەیی لەناو ئیسلامدا نوێ دەکاتەوە، ئێمەش لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوپەڕی پێویستیمان پێیەتی. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا، فیکری ئیسلامی بەسەر ئاقاری زانستە ئینسانییەکان و دەسکەوتە مەعریفییەکانیدا دەکاتەوە. ئەو دەسکەوتە مەعریفییانەی مەحاڵە لەمرۆ بەدواوە پشتگوێیان بخەین. بەم جۆرە دەبینین پراکتیزەکردنی ئاقارو ڕێبازە مۆدێرنەکان بەسەر ترادسیۆنی ئیسلامیدا، شتێک نییە بە تەنها حەزی پێ بکەین، بگرە خواستێکی پێویست و هەنووکەییە، بۆ ئەوەی فیکری ئیسلامی لە قەتیسمانی زەمەن و دووبارەبوونەوەی سەردەمەکان ڕزگار بکەین.

هاشم ساڵح: تۆ تەواوی پرۆژە فیکرییەکەت لە ژێر ئەم ناونیشانە پان و پۆڕەدا دادەنێیت: (ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ئیسلامی)، مەبەستت چییە لەمە؟

محەمەد ئەرکۆن: ئەم پرۆژەیە بۆ یەکەم جار لەو کاتەدا لەدایک بوو کە سەرقاڵی ئامادەکردنی تێزەی دکتۆراکەم بووم، لەبارەی "مەسکویهی"وە وەکی فەیلەسووف و مێژوونووسێک. "ئیبن خەلدوون" نموونە بە "مەسکویهی" دێنێتەوە، ئەمەش بەڵگەی گرینگی ئەوە.. ئەم بیریارە ئاسۆیەکی گەورەی لە بەردەمدا کردمەوە، لەبەرئەوەی ئازادییەکی سەرسوڕهێنەرم لە بیرکردنەوەیدا بەدی کرد، گەر بێتو لەگەڵ ئەقڵی ئاینی دۆگماتیستی باودا بەراورد بکرێت.

لای "مەسکویهی" ئەوەم بەدی کرد کە ئەو بەشێوەی فیکری یۆنانی سەتری ئەقڵی دەکرد، فیکرێک کە پێشتر دەقەکانی وەرگێڕدرابوونە سەر

زمـانی عـەرەبی، بەرلەوەی "مـەسکوەیهی" لە سـەدەی چوارەمی کـۆچی (دەیەمی زایینی)دا، چاو بە دنیا هەڵبێنێ و پێ بگات.

ئەم بیرمەندە موسڵمانە پابەندی ئەقڵی ڕەخنەیی فەلسەفی بوو، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. پاشان دوای ئەوە ئاشنای ئەو بیرمەندانەی تر بووم کە هاوسەردەمی "مەسکوەیهی" بوون، لە ڕیزی پێشەوەشیاندا "ئەبوحەییانی تەوحیدی". بەم جۆرە کارنامەیەکی تەواوم لەبارەی ئەو نەوە ڕۆشنبیرەوە نووسی، ئەوەی "مەسکوەیهی و تەوحیدی".

وەکی دەزانرێت ئەوان پێکەوە لە ڕێگەی نامە گۆڕینەوەوە (یان پرسیار و وەڵامەوە) کتێبێکی هاوبەشیان داناوە، ئەویش کتێبی (الهوامل والشوامل)ە، کـە لە زمـانەکـانی تردا نموونـەی دەگمـەنە و یەکێکە لە گـەنجینەکـانی ترادسـیۆنی عـەرەبی ئیسـلامی. بەڵێ خـوێندنەوەم بۆ "مـەسکوەیهی و تەوحیدی" لە ئەقڵیەتی بەرتەسکی دۆگمایی ڕزگاری کردم، ئەو ئەقڵیەتەی مەخابن تا ئەمڕۆش بەسەرماندا باڵادەستە.

هاشم ساڵح: جیاوازی چییە لە نێوان پرۆژە ڕەخنەییەکەی تۆ لە ئەقڵی ئیسلامی، لەگەڵ پرۆژە ڕەخنەییەکەی "محەمەد عابد جابری" بۆ ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی عەرەبی ئیسلامی؟

محەمەد ئەرکۆن: پێم وایە (جابری) بەشداری لە بزاوتی ئیستهلاککردنی ئایدیۆلۆجییانەی ترادسیۆندا دەکات. بە مـانایەکی تر ئەو دەیەوێت دەسکەوتەکـانی سـەردەمی کـلاسیکی یان سـەردەمی زێڕینی تەمـەنی شارستانی ئیسلامی نیشان بدات. دەشیەوێت عەرەبی ئەمڕۆ لەوە دڵنیا بکاتەوە کـە ئەوان ڕۆژێک لە ڕۆژان، ڕابردوویەکی شکۆداریان هەبووە و لە ئێستاشدا دەتوانن پشتی پێ ببەستن، تا لە ڕێیەوە بتوانن ڕووبەڕووی تازەگـەری ئەوروپایی ببنەوە. بەڵام کێشـەکـە ئەوەیە کـە چارەسـەر لە

ئیستهلاکی ئایدۆلۆجییانەی کەلەپووردا نییە، یان لە شانازیکردن بە باووباپیرانەوە نییە، بگرە لەوەدایە ئەم کەلەپوورە بکرێتە خاڵی دەسپێک بۆ ڕاگەیشتن بە کاروانی شارستانییەت و سەردەم.

ترادسیۆنی عەرەبی ئیسلامی لە سەردەمی کلاسیکیدا، هەر بە کۆت و بەندی کەش و هەوای ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەمێنێتەوە، سەرەڕای گرینگی و مەزنی. ترادسیۆن چارەسەر نییە، بگرە ئەو ئامرازەیە گەر بێتو بزانین چۆن چۆنی بەکاری دێنین و گەشەی پێ دەدەین و تێی دەپەڕێنین، ئەوا دەتوانین بگەینە چارەسەر. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا چەمکی ئەقڵی ئیسلامی زیاتر مەلمووسترە لە چەمکی ئەقڵی عەرەبی، لەبەرئەوەی ئەقڵی ئیسلامی لەناو تێکست و ئەقڵی ئینسانەکاندا ئامادەیی هەیە و دەتوانین بەشێوەیەکی ئاشکرا و هەست پێکراو دەستی لێ بدەین، بەو پێیەی ئێمە هەموو ڕۆژێک بەری دەکەوین. کەواتە تاوتوێکردنی لە ڕێی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی مێژووییەوە، نەک لێکۆڵینەوەیەکی تەجریدی و خەیاڵ ئامێز، کارێکی شیاوە. بەم مانایە ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ئیسلامی یەکەمین هەنگاوێکە پێویستە بنرێت، تا موسڵمانان پێ بخەنە ناو نوێگەرییەوە و ببنە خاوەنی نوێگەری.

ئەوەی ڕاستی بێت "جابری" خۆی لە بەکارهێنانی چەمکی ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ئیسلامی لاداوە و ئەو چەمکەی بە ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی عەرەبی گۆڕیوە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە سەرئێشە و گیروگرفت و بەرپرسیارێتی بەدوور بێت. ئەمە فێڵێکی ئاشکرا و ڕوونە و لە کەس شاراوە نییە. ئەو کێشانەی لەمڕۆ و سبەیدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بریتییە لە کێشەی ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ئیسلامی. لەبەرئەوەی ئەقڵی عەرەبی بۆ خۆی ئەقڵێکی ئاینییە، یان تا ئێستاش قۆناغی ئاینی لە بووندا تێنەپەڕاندووە. کەواتە چۆن دەتوانین ڕەخنە لە ئەقڵی عەرەبی بگرین، بێ ئەوەی ڕەخنە لە ئەقڵی ئاینی بگرین؟! ئەمە کارێکی مەحاڵە. بەم جۆرە ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی تیۆلۆجی

سـەدەكانی نـاوەڕاست كە سـەدان سـاڵە باڵادەسـتـە بەسـەرمـانەوە، ئەركی گەورەی تەواوی ڕۆشنبیریی عەرەبییە.

بەبێ ئەنجـامـدانی ئەم كـارە نـە ئازادی هەیە و نە ڕزگـاربوون. بـەڵگەش بۆ ئەمـە ئەوەیە كـە لە ئێـسـتـادا ڕوو دەدات. ئەڵبـەت ئـەمـە ئەوە ناگـەیەنێ كـە "جـابری" هیچ شـتـێكی نەكردووە. بێگومـان ئـەو هـەوڵەی ئەو بەسـوودە و لە گرینگترین ئەو هەوڵانەیە كە ئێستـا لە كایەی ڕۆشنبیـری عەرەبیدا هەیە، بەڵام ئەمـە بـەس نییـە و سـەبووری نادات. پێویسـتـە ئەمـە تێپـەڕێنین بەرەو ئەوەی قـووڵتـر و دوورترە. بە كورتیـیـەكەی پێویسـتـە بچینـە ناو جـەوهـەری گیـروگرفتـە ڕاسـتـەقینەكانـەوە. نابێت بە بیـانووی لەبەرچاوگرتنی میللەت یاخـۆ جـەمـاوەر و.. هتـد، خـۆمـانی لێ لابدەین.. پێـویسـتـە ڕەخنە بگاتە ڕەگـوڕیشـەی شـتـەكـان، نەك بـەوەندە بوەسـتـێ خـتـوكـەیان بـدات یان بە ناسكییەوە قەرەیان بكەویت.

هـاشم سـاڵح: بۆچی ڕۆئاوا سـەردەمی ڕێنیسـانس یاخۆ دابڕانی لەگـەڵ سـەدەكـانی نـاوەڕاست بەخـۆیەوە بینی، بەڵام ئێـمـە نەمانبینی؟

مـحـەمـەد ئەركۆن: ئێـمـە دوو هـەوڵدانمان بۆ ڕابوون بە خـۆمـانـەوە بینی، بەڵام هەردووكـیـان لەبار بران. یەكـەمـیان وەك باسـمـان كرد لـە سـەردەمی كلاسـیكیـدا ڕووی دا و دووەمـیـان لە سـەدەی نۆزدەمـدا بوو. ئەگـەر بوار لە بەردەم ڕێنیسـانسی یەكەمدا بڕەخسـایە بەردەوام بوایە، ئەوا ئێمـە جڵـەوی مـێـژوومـان دەگـرتە دەسـت و ڕۆشنگەری فكریشـمـان دەنارده ئـەوروپا، یان بەلایەنی كەمەوە ئەوا ئێمە لەم ڕۆشنگەرییەدا پێشیان دەكەوتین.

ڕاسـتـیـیـەكـەی ئێـمـە بە درێژایی هـەردوو سـەدەی نۆیەم و دەیـەمی زاینی (واتە سـێـیـەم و چوارەمـی كـۆچی)، لـە بوارەكـانـی زانسـت و ئـەدەب و

فـەلسـەفـەدا لە پێـشـەوە بووین. لـە سـەرەتای سـەدەی دوازدەوە ئەوروپا زۆر شتی لێ وەرگرتین. بەڵام بە داخەوە ئـەم ڕێنیسانسـە فیکرییـە شکۆدارە زۆر نەژیا و لەلایەن چینێکی کـۆمـەڵایەتی کـراوەی وەکـو چینی بۆرجـوازی لە ئەوروپا، پشتیوانی لێ نەکرا. ئاشکراشە گەر لە سـەدەی هەژدەدا ئەم چینە دروست نـەبوایـە و بەسـەر بیـر و بۆچوونە تـازەکـاندا و نـەکـرایەتـەوە و پشـتـیـوانی لە فـەیلەسـووفـانی ڕۆشنگەری نەکـرایە و، ئەوا ئـەوروپا نـەی دەتوانی لە دروسـتکردن و دامـەزراندنی ئەو شـارسـتـانییـەتەی ئـەمڕۆ لەبەر چاومـانـدایە سـەرکـەوتوو بێت.. چونکە ئەوە چینی بۆرجـواز بـوو کـۆسپ و تەگـەرەکـانی دەرەبەگـایەتی لەناو کـۆمـەڵدا ڕامـاڵی، هەر ئەویش بوو چینی کـۆنی خـانەدانـەکـانی لە شـوێنەکـانی خـۆیان هـەڵکەندن و بـەشـداری لە پێکهێنانی نوێگەریدا کرد.. بەڵام ئەو چینە بۆرجواز بازرگانییـەی لای ئێمـە لە سـەردەمـانی "مـەئمـوون" و جێگرەکانیدا گەشـەی سـەند و پشـتیـوانی لە فیکری ڕۆشنگەریی موعتەزیلە و فـەیلەسووفەکان دەکرد هەر زوو بەلادا هات و لەناو چوو. ئەویش بە هـۆی گـۆڕانی ڕێگە بـازرگـانییـەکـان لە جـیـهـانی عەرەبی ئیسـلامییەوە بۆ شوێنەکـانی تر. هەرچی ڕێنیسانسـەکەی ترمانە کە لە سـەدەی نۆزدەدا دەسـتی پـێ کـرد و تـا نـاوەڕاسـتـی ئەم سـەدەیە بەردەوام بوو، بەهەمـان شـێـوە و بە هـۆی چەند هـۆکـارێکی ناوەخـۆیی و دەرەکـیـیـەوە لەبار برا.

تا ئێـسـتـاش سـەرلـەنوێ چاوەڕێی ڕابوونێک دەکـەین. ئەگـەر بۆ هـەزار جـاریش لە هـەسـتـانەوەدا شکسـتـمـان هێنا، ئەوا دەبێت جارێکی تریش واتە بۆ جـاری هـەزار و یـەکـەمین، تەکـان بدەینە بەر خـۆمـان.. هەمـوو ئەوەی لە ئێسـتـادا دەیبینـین، زەمـینە خـۆشکردنێکە بۆ سـەردەمی ڕابوونی عـەرەبی و ئیـسـلامی لە داهـاتوودا. بەڵام ئەمـەش ئەگـەر لە ڕێگەی فـیـکرێکی تازەوە نەبێت، ئەنجام نادرێت.

هاشم ساڵح: ئاخۆ ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگری وا لە ئارادان، بتوانن میتۆد و ئاقارە نوێیەکان بەسەر باس و لێکۆڵینەوەی ترادسیۆنی ئیسلامیدا پراکتیزە بکەن؟

محەمەد ئەرکۆن: وا هەست دەکەم تا ئێستا ڕۆشنبیرێکی موسڵمانی وا نییە، بوێرێت قەرەی ڕەگوڕیشەی کێشەکان بکەوێت. ئەڵبەتە چەند تەقەللایەک لە ئارادایە، بەڵام دوور نارۆن. پێویستە ئەوە بزانیت کە فیکری عەرەبی ئیسلامی لە ساتەوەختی "ئیبن ڕوشد و ئیبن خەلدوون"ەوە، لە بەخشش و ئەفراندن وەستا. بەم جۆرە کیشوەرێک لە بیر لێنەکراوە و ئەو شتانەی ئەستەمە بیری لێ بکرێتەوە، بە درێژایی ئەو هەموو ماوە زۆرە لە گۆڕەپانی ئیسلامیدا لە سەریەک کەڵەکە بوون. ئەمە مانای وایە کەلێنێکی مێژوویی گەورە و بەرفراوان هەیە و پێویستە نەهێڵرێت یان کەم بکرێتەوە. بێگومان پێویستە ئەوەی لە ڕینیسانسی سەدەی نۆزدە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ڕووی دا لە بەرچاو بگرین، چونکە ڕابوونخوازەکانی وەک "تەها حسێن" و نموونەکانی بە درێژەپێدەری یان هاوڕێبازی "ئیبن ڕوشد و ئیبن خەلدوون" دادەنرێن.

بەڵام ئەم ئاقارە ئەقڵانییە ڕەخنەییە لە ساڵانی دواتردا بەردەوام نەبوو، ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی ناوەخۆیی و دەرەکی. دەکرێت بڵێین بە درێژاییی ئەو ماوەیە، لێکۆڵینەوەی مێژوویی – ڕەخنەیی بۆ ترادیسیۆنی ئیسلامی دوا دەخرا. ئەو دواخستنەش لە ژێر ناوی پێویستی خەبات و تێکۆشان لە دژی ئیستعمار بوو. ئەمە لە کاتی خۆیدا کارێکی ڕەوا و بەجێ بوو، لەبەرئەوەی ئازادکردنی ئیرادەی نیشتمانی لە پێش هەموو شتێکەوە بوو.

لەوەها هەلومەرجێکدا ئەوە کەلەپوورە دەتوانێت سەنگەرێکی پتەو، بە دەوری کەسایەتی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیدا دروست بکات. بەوە هاوکات ناکرێت لەناو گێژەی ململانێ و بەگژاچوونەوەی داگیرکاراندا یان لە حاڵەتی

هەبوونی هەڕەشەی دەرەکیدا، ئەو پرۆسەیە بەگەڕبخرێت، بەڵام دوای ئەوە پەرژاینە سەر خۆمان، ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانە دەبنە شتێکی پێویست، ئەویش لە پێناو قوتاربوون لەو چوارچێوە دۆگماییە ئەرسۆدەکسیەی کەلەپوور. ئیتر لە پاش ڕزگاری دەرەکی سات و وەختی ڕزگاری ناوەخۆیی هاتووە. تەشەنەکردنی ئەو بزاوتە ئسوولیانەی ئێستا بە گوڕ و تینەوەیە چییە و ئەگەر گەورەترین بەڵگەیەک نەبێت لەسەر پێداویستی بەشداریکردن لەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە قووڵەی کەلەپووردا..

٢

# ئاین و عەلمانییەت

هاشم ساڵح: ناکرێت ئێمە ئەم مەسەلە گەورانەی پێوەندی بە هیومانیزمی کلاسیکی ئەوروپایی و شێوازی مەعریفەی کلاسیکییەوە هەیە بورووژێنین، هەروەها باس لەو شۆڕشەی بیرمەندانی فرەنسی بکەین بەسەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا کە بە درێژایی قۆناغەکانی پێشوو لە ئارادا بووە، بێ ئەوەی بیر لەو شۆڕشەی تۆ نەکەینەوە، بەسەر ئۆریانتالیزمدا کە ئەمەش بۆ خۆی بەشێکە لە هیومانیزمی ئەوروپایی کۆن و لێی جیا نابێتەوە. ئەڵبەتە شەڕی تۆ لەگەڵ ئۆریانتالیزمدا شەڕێکی رووکەشانەی ئایدۆلۆجی نییە، بەو شێوەی کە عەرەب و موسڵمانان سەردەمانێکی دوور و درێژە شەڕێکی توندی لەگەڵدا دەکەن و هەنووکە بووەتە شتێکی بێتاقەتکەر و دووبارەبووەوە، بگرە ئەوەی تۆ ترسناکتر و زۆر قووڵترە، لەبەرئەوەی پێوەندی بە جەوهەری سیستەمی مەعریف و ئەو وەرچەرخانەی ئەبستمۆلۆجییەوە هەیە کە ئۆریانتالیزم تا ئێستاش نایەوێت میتۆد و بەرەنجامەکانی لە بەرچاو بگرێت. دەکرێت لەم ڕووەوە مەسەلەکەمان هەندێک بە درێژی بۆ باس بکەی؟

محەمەد ئەرکۆن: کێشەی من لەگەڵ ئۆریانتالیزم و میتۆدەکانیدا کۆنترە لەوەی تۆ دەیزانیت. مەسەلەکان لەو کاتەوە دەستیان پێ کرد کە لە ساڵی

١٩٥٠ خـوێندكـاری كـۆلێجی ئاداب بووم له زانكۆی جـهزائیـر. ئهو كـات مـامـۆسـتـاكـان (هـهمـوویان فـرهنسـی بوون) به هیچ جـۆرێك كـێـشـهكـانی كـۆمـهڵگهی جـهزائیـر یان كـێـشـهكـانی كـۆمـهڵگه عـهرهبیـیـهكـان یان ئیـسـلامـیـیـهكـانیـان بههێند وهرنـهدهگرت. واته مـهبهسـتم ئهوهیه ئهوان به شێوهیهكی مهعریفی و ئهبستمۆلۆجی ئهو كێشانهیان نهدهخسته ڕوو، یان ههوڵی ئهوه بدهن گهر چارهسـهریشی نهكهن ئهوا دهستنیشانی بكهن. ئهوان له دوورهوه و زۆر له دوورهوه، لێـیـان دهڕوانی و له دهرهوه سـهیری ئهو كێشـانهیان دهكرد، وهكی ئهوهی پێوهندی بهوانهوه نهبێت. پاشـان لهوهش گـرینگتـر ئهوهیه كـه له كـاتی ڕوانگهیهكی هیـومـانیـزمی بورجـوازی فرهنسـاییـیهوه سـهیریان دهكرد، ئهو هیـومانیزمـه ڕووكهشهی دواتر "فۆكۆ" و كهسانی وهك ئهو به ڕوویدا وهستانهوه.

ئهو كات كولتووری ڕۆژئاوا خۆی به كولتوورێكی یۆنیڤێرساڵی جیهانی دهدایه قهڵهم. بۆ ئهوهش هاتبووه جهزائیرهوه تا جهزائیرییه دڕندهكان بكاته كهسانێكی شارستانی (واته بۆ ئهوهی داخڵ به شارستانییهتیان بكات)، نهك هاتبێت وهك ئیستعمارێك وڵاتهكهیان داگیر بكات. واته كولتووری فرهنسی شانازی بهوهوه دهكرد كه باڵادهستی بهسهر ههموو كولتوورهكانی تردا ههیه و نایهوێت، ددان بهو كـولتـوورانه و تهنانهت به زمـانی نهتهوایهتیشیاندا بنێت.

لهو قـۆناغـهدا ئیـسـلام لهلایهن ئاینی مـهسـیـحـیـیـهوه پهڕاوێز خـرابوو موبهشیرهكان بهو مهبهسته هاتنه جهزائیر، تا خهڵكانی ئهوێ لهسهر دینی خۆیان لادهن و بیانكهنه مهسیحی. من بۆخۆم لهگهڵ هاوتهمهنهكانمدا ههموو ئهم شتانهمان ئهزموون كرد. پێویسته ئهمانه بزانیت، تا له بنهمای بیركردنهوه و بایهخی ڕۆشنبیری من حاڵی بیت. پێویسته خهڵكی ئهمانه بزانن تا له هۆكارهكانی یاخیبوونی فیكری من تێبگهن و بزانن من دهمهوێ چی بنیات بنێم.

من لای خـۆمـەوە هـەر بـەوەنده ناوەسـتم (وەکی هـەنـدێک باسـی دەکـەن)، تەنیـا شت ڕەت بکەمـەوە یان بڕووخـێنم یاخـۆ ڕەخنه بگرم. سـەردەمـانی ئیسـتعمـار من لە فەزایەکی سـەرکوتکراو و کـەڕولاڵ و بێدەنگ و نـائومێددا ژیـاوم. وتم (کــەڕولاڵ) و (بێــدەنگ)، لەبـەرئـەوەی لە جــەزائیــردا بەر لـە سەربـەخۆیی، جـەزائیرییـەک مافی ئەوەی نەبوو نـاڕەزایی نیشـان بدات یـاخۆ قسە لەسـەر مـەسـەلەکان بکات، چونکە ئەو کاتە ئیستعمار لە دواڕۆژەکانیدا بوو، زۆر لە جـاران توندتر و دڕنـدەتر بوو، لەبـەرئەوەی هەسـتـی بەدوادوایی مانەوەی خۆی دەکرد.

ئیسـتعـمار بەم شێوە لووتبەرزییـەی خۆیەوە، ئامـادەییـەکی بەهـێزی لەناو زانکۆدا هـەبوو. ئێمە تەنیـا پێنج یان شەش خـوێندکاری بە ئەسڵ جـەزائیری بووین زمـان و ئەدەبی عـەرەبیـمـان دەخوێند، بەڵام فـرەنسـاییـیـەکـان کە لە کـۆلێـجـەکـانـی تر دەیانخـوێند ژمـارەیان هـەزاران کـەس دەبوو. ئـەڵبـەتە فـرەنسـاییـیـەکان حـەزیان بە خـوێندنی زمـانی عەرەبی نەدەکرد و کـەم تا زۆر هـەوڵـی ئەوەیان دەدا، ڕێ بـە خــوێندنـی نەدەن و ئاسـتــەنگی لە بەردەمــدا دروست بکەن. لێرەوە بیر لە ڕادەی سـەختی هەلومـەرجێکی وا بکەرەوە، بە نیسبەت گەنجانی جەزائیرەوە.

لەو کـاتەوە سـەرەتاکـانی ڕەتکردنەوەی ئۆریانتـالیزم لە ناخـمـدا چەکەرەی کرد، بە هـەموو میتۆد و ئاقارەکانییەوە. پاشـان یاخیبوونم لە دژی کۆمەڵگە و بارودۆخـی کـۆمــەڵگە و دژی ئـەو زوڵم و سـتــەمــەی دووچاری کـۆمــەڵگەی جــەزائیــری بووبوو دەســتی پـێ کـرد. ئـەوکـات ســەرنجی ئـەوەم دەدا و ئەو کەلێنە بەرینەم دەبینی کە لە سـەرجـەم ئاستـەکاندا، لە نێوان پێشکەوتن و گەشەسـەندنی فرەنسا و دواکەوتوویی جـەزائیردا هـەبوو. لەو سەردەمـانەدا جەزائیر گیرۆدەی ئاقاری سکولائی قوتابخانەی تەقلیدی و دووبارە بووەوە و نەزۆک بووبـوو، ئەمـە لە کـاتێکدا فـرەنسـا و شـارسـتـانیـیـەتی ڕۆئاوا بە شێوەیەکی گشـتی شانازییـان بە خۆیانەوە دەکرد و پشت ئەسـتوور بوون بە

هێز و تازەگەریی خۆیان.

لەناو ئەم هەلومەرجەدا یەک شت زەینی منی داگیر کرد، ئەویش ئیرادەی تێگەیشتن و مەعریفە بوو. من دەمویست بزانم بۆچی هەلومەرج وەهایە؟ بۆچی بەم جۆرەیە کە هەیە؟ ئەمە ئەو پرسیارە سەرەتایی و ڕیشەییە بوو کە لە پشت تەواوی لێکۆڵینەوە و بیرو بۆچوونەکانمانەوە بووە، بە درێژایی سی ساڵ و تا ئەمڕۆ. بۆ نموونە با شتێکت بۆ بگێڕمەوە کە لەو سەردەمانەدا کاتێک خوێندمەوە ڕاپەڵەکاندم، ئەویش گوتارە بەناوبانگەکەی "ئەمیر شەکیب ئەرسەلان" بوو بە ناوی: (بۆچی موسڵمان دواکەوتن و ئەوانی تر پێشکەوتن؟). ئەم پرسیارە لێم نەبووەوە و بەردەوام داوای وەڵامی لێ دەکردم. بەم جۆرە داخڵ بە ڕێگەی دۆزینەوەی تێگەیشتن و عیرفان بووم.

ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بووبێت تێکەڵ بە خەباتی سیاسی یان بە حزبە سیاسییەکان نەبووم، لەبەرئەوەی ئەمانە دروشم و شیکاری و لێکدانەوەی خێرا و بە پەلەیان پێشکێش دەکرد، کارێک کە تینوویەتی نەدەشکاندم و نەیدەتوانی ڕازیم بکات.

> هاشم ساڵح: تایبەتمەندی و دەگمەنی ئاراستەی فکریی تۆش لێرەدایە، بە بەراورد بەو نەوەیە لە ڕۆشنبیران و ئایدیۆلۆجیستانی عەرەبی کە بە شێوەیەکی گشتی تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و حزبایەتی بوون. ئەمەش زۆربەی کاتی بردن، بە ڕادەیەک مەسەلەی کەشفی مەعریفی و توێژینەوەی زانستییان فەرامۆش کرد.

محەمەد ئەرکۆن: ڕەنگە وا بێت. بەهەر حاڵ، زۆربەی لاوانی جەزائیر چوونە ڕیزی بزووتنەوە نیشتمانییەکان، لە پێناو بەدەستهێنانی

سەربەخۆییدا. ئەم مەسەلەیە گرینگی زۆر هەبوو، لە پێش شتەکانی ترەوە بوو. بەڵام من لای خۆمەوە، بە مەبەست ڕێگەی فکرم بۆ ڕزگاربوون هەڵبژارد. بەڵام یاخیبوونی فکریی من هەمان یاخیبوونی تێکۆشەرێکی سیاسی بوو. بە تەنیا ئامرازی کارکردن و بەرنامەمان جیاواز بوو. بەڵام ئەو ئامانجەی مەبەستمان بوو یەک شت بوو، ئەویش بریتی بوو لە ئازادی و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی.

لە حاڵەتی یەکەمدا ئامانج ئازادکردنی سیاسی نیشتمانی بوو، لە حاڵەتی دووەمدا (حاڵەتی من) ڕزگاری فیکری و ئەقڵی، جەزائیرییەکان و تەواوی موسڵمانان و عەرەب بوو. وەک دەبینیت شەڕی دووەم هیچی لە شەڕی یەکەم کەمتر نییە، بگرە زۆر ئاڵۆزترە و لە ڕووی زەمەنییەوە. دوور و درێژترە سەرەتا ڕەخنەم لەو شێوازی وانە وتنەوەیە گرت کە لە زانکۆی جەزائیردا مێژوویان پێ دەوتینەوە. ئەوە شتێکی ترسناک بوو کە نە لە زانست و لە پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندن نەدەوەشایەوە. خوێندنی ئەدەب یان زمانی عەرەبی و.. هتد، هەر بەو جۆرە بوو.

لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو یادەوەرییە خراپانەم هەر لا ماوە. پاشان بەڵێنی ئەوەم بە خۆم دا سەرلەبەر ئەوە بگۆڕم. کاتێک لە سەرەتای شەستەکاندا بوومە مامۆستا لە سۆربۆن، دەستبەجێ ئەو ئاقار و میتۆدانەم پەیڕەو کرد کە تەواو لە پەیڕەو و بەرنامەی ئۆریانتالیزمەکان جیاواز بوون. بۆ نموونە ئەوانەی لە سەرەتای (واتە لە ساڵی ١٩٦٠وە بەدەست نیشانکراوی) ئامادەی وانەکانم بوون، دەزانن ڕادەی جیاوازی لە نێوان مەنهەجییەتی ئۆریانتالیزمەکاندا چەندە. لە کاتی وتنەوەی ئەو وانانەدا چەند دەقێکم لە کتێبی مێژوونووسی فەرەنسی (Robert Mandrou) لەبارەی بنەمای فەرەنسای تازەوە بۆ خوێندکارەکان دەخوێندەوە، ئەم دەقانەم بۆ ڕوون دەکردنەوە و لەگەڵیاندا دەکەوتمە باسکردنی، بە مەبەستی ئەوەی ئەو جیاوازییەیان بۆ دەربخەم کە لە نێوان مەنهەجییەتی مێژووی تازە و

مەنهەجییەتی ئۆریانتالیزمیدا هەیە. هاوکات باسی ئەوەم بۆ دەکردن کە چۆن دەکرێت مەنهەجییەتی یەکەمیان بەسەر مێژووی کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا پراکتیزە بکرێت، بۆ ئەوەی بەرەنجامی چاکتر و بە سوودترمان دەسگیر بێت.

تۆ ئەوە دەزانیت کە "ڕۆبێرماندرۆ" سەر بە گرووپی (مێژووی تازەیە) لە فرەنسادا، واتە سەربە گرووپی قوتابخانەی (بڵاوکراوەی ساڵانە)یە. نەوەک سەر بە قوتابخانەی (مێژووی کۆن) بێت کە مێژوو بە شێوەیەکی فیلۆلۆجی و وەسفیی پەتی لێک دەداتەوە. پاشان لە دواییدا گرفتێکی تازەی تر هاتە بەردەم ڕەواتی زانستیم، ئەویش پێوەندی بە تێکستی قورئانی و چۆنییەتی خوێندنەوەی تێگەیشتن بوو لەو دەقە هەبوو. هەر دوای ئەوەی کارنامەی دکتۆراکەم لەبارەی (مرۆگەری عەرەبی لە سەدەی چوارەمی کۆچی)دا تەواو کرد و لە لێکۆڵینەوەی فیکری ئیسلامی کلاسیکی بوومەوە، هەستم کرد دەبێت زیاد لەوە بۆ دواوە بگەڕێمەوە. واتە بگەڕێمەوە سەر چرکەساتی قورئان، بۆ ئەوەی مەسەلەکان بە شێوەیەکی ڕاست تێ بگەم هەروەها بۆ ئەوەی باس و لێکۆڵینەوەکەم سەبارەت بە مێژووی فیکری ئیسلامی، لەسەر بنەمایەکی بەهێز و پتەو دابڕێژم ئەم مەسەلەیەش وەک دەزانیت بە درێژایی چەندین ساڵ و تا ئێستا بە خۆیەوە خەریکی کردووم.

خاڵی سەرەتا و دەسپێکی ئەم کارەش ئەوە بوو، بە ڕێکەوت هەندێ شتی گرینگم لەبارەی ئینجیلەوە بەرچاو کەوت. فزووڵی مەعریفیی خۆم پەلکێشی کردم بەرەو جێ و شوێنی تر و ئاینی تر، بۆ ئەوەی وێنەکە لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا ببینم و لە ڕێی بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنەوە تاوتوێی بکەم. بەراوردکاریش بۆ خۆی بنەمای زانست و تێگەیشتنە. ڕۆژێک بەسەر کتێبەکانی "دانییل ڕۆس"دا کەوتم سەبارەت بە ئینجیل. "ڕۆس" بۆ خۆی نووسەرێکی مەسیحییە و لە چل و پەنجاکاندا ژمارەیەک کتێبی لەبارەی ئینجیلەکان نووسیوە. بەرهەمەکانی زۆر میللی

بوون و به شێوازێکی جوان و سەرنجڕاکێش نووسرابوون. ئەم پیاوە ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسی بوو. کاتێک بۆ یەکەم جار کتێبەکانیم بەرچاو کەوت، لە خۆم پرسی ناکرێت ئێمەش سەبارەت بە قورئان شتێکی لەو جۆرەی ئەو بکەین؟ چ بەرەنجامێکمان دەسگیر دەبێت، گەر بەم شێوەیە بەراوردکاریمان لە نێوان ئینجیل و قورئاندا کرد؟

ئەمە دەستپێک بوو، هەر ئەمەش بووە بەم جۆرە و لە بواری قورئاندا، دەستم بە کار کرد و سەرەنجامیش ئەو کتێب و توێژینەوانەی لێ بەرهەم هاتبوو کە خۆت دەیزانیت.

هاشم ساڵح: ئەمە مانای وایە تۆ ئەوەت بەرامبەر قورئان کردووە کە بیریارانی ڕەخنەی مێژووی ئەوروپایی لەگەڵ ئینجیل و تەوراتدا کردوویانە.. بە واتایەکی تر تۆ دەقی قورئانیت هێناوەتە ناو چوارچێوەی توێژینەوەی زانستی هاوچەرخەوە، بەم جۆرەش ئیسلامت داخڵ بە (مێژووی ئاینی بەراوردکاری) کردووە؟

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ، بێگومان. هەر ئەمە بوو لەلایەن میتۆدی ڕۆژهەڵاتناسییەوە ڕەت دەکرایەوە، ئەو میتۆدەی ئیسلامی لەناو تایبەتمەندییەکی بەرتەسکدا قەتیس دەدا، تا پێوەندی بە هیچ شتێکی ترەوە نەبێت. ئەوان قسە لەمەڕ بەهای (یەهوودییەت – مەسیحییەت) دەکەن و ئیسلام دەکەنە دەرەوەی گۆڕەپانی دینە (ژیارییەکان)، یان دەرەوەی ئاینی کۆمەڵگە شارستانییەکان.

یاخۆ لە باشترین حاڵەتدا گەر دەست بە بەراوردکردنی نێوان قورئان و تەورات و ئینجیل بکەن، تەنیا بۆ ئەوەیە بڵێن قورئان چییە جگە لە لاساییکردنەوەی ئەوان و وتنەوەی شتەکانی ئەوان.. هەرچۆنێک بێت ئەوان

بلیمەتی و وزە و واتای زاتی قورئان دەسڕنەوە، لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە لەکایەی  وەحی یەکتاپەرستیدا دووری دەخەنەوە و ئەو بوارە تەنیا بە مافی یەهوودییەت و مەسیحییەت دەزانن.

بەڵام ئێمە دەزانین قورئانیش وەک ئەوان دەچێتە چوارچێوەی ئاینی یەکتاپەرستی، کتومت وەک هەریەک لە ئینجیل و تەورات. ناکرێت چارەسەری ئەو کێشە هەڵپەسێرراوانە بکرێت کە بە درێژایی چەندین سەدەیە لە نێوان هەرسێ ئاینە یەکتاپەرستییەکەدا هەیە، تەنیا بەژێر و ژوورکردنی ئەو مەنهەجییەتە تەقلیدی و حەساسییەتە بەرتەسکە نەبێت. لەبەر ئەم هۆیەیە دەبینیت من کاتێک قسە لەبارەی ئیسلامەوە دەکەم، بەردەوام ئاماژە بۆ یەهوودییەت و مەسیحییەت دەکەم. بۆ ئەوەی مەسەلەکان بخەمە ناو دیدگایەکی بەراوردکاری ڕاست و دروستەوە.

بەڵام ئەو هۆکارە ڕاستەقینانە چین کە هانم دەدەن بۆ ئەوەی، مەنهەجییەتێکی بەراوردکاری بەرفراوان بگرمە بەر و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بم، لەو چوارچێوە بەرتەسکانە بێمە دەرێ کە تێیدا هەر ئاینە و ئەوی تر ئافەرۆز دەکات؟ پێم وابێت سەرەکیترین شتێک لێرەدا پێویست بەوە بکات جەختی لەسەر بکەین، مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئاراستەی فیکری و مەعریفی خۆم ئەوەیە، هەرچی پێوەندی بە مەغریب نشینەکانی وەک نەوەی منەوە هەیە، ئەوەیە ئێمە لەناو فەزایەک لە پێکۆڵکردنی فکری و پێکۆڵکردنی کولتووریدا ژیاین و گەورە بووین. ئێمە لەو ئامادەیی و زانکۆیانەدا خوێندمان کە شێوازێکی فرەنساییان هەبوو. لەوێدا هەمان ئەو وانە و بەرنامەی فێرکارییەمان پێ دەوترا کە خوێندکارێکی پاریسی لێرە دەیخوێند.

ئەمە شتێکە ڕەنگە تۆ یاخۆ ئەوانەی هاوتەمەنی تۆن نەیزانن، بە تایبەتیش تۆ سەر بە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی عەرەبیت نەک ڕۆئاوای عەرەبی. بەڵام

هاوکات کە وەکی هەر فـرەنسـاییـیـەک لەوێدا کولتووری فرەنسـاییـمـان پێ دەوترایەوە، ئێـمـە لای کەسـوکـار و خـزمـانمان لە کـۆمـەڵگەی جـەزائیـریدا عـەرەب و مـوسـڵـمـان بـووین. لەبەر ئەم هـۆیە دووچاری شـۆکـێکی فـیکری بووین، شۆکێکی بە زەبر و پڕاوپڕ.

من هەر لە تەمـەنی حەوت سـاڵیـمـەوە دەسـتم بە فێربوونی زمانی فـرەنسی کرد، ئەویش لە خـوێندگەیەکی سـەرەتایی وەک هەمـوو ئەو جیلەی وەکی من وابوون، لە نەوەی جـەزائیـر و مـەغریب و تونس. ئەم پرۆسـەیەش تەنیا دوای سەربەخۆیی کۆتایی هات.

کاتێک بەم ڕادەیە کولتوورێکی تر و زمانێکی ترت دەدرێتێ و پاشان لەناو کولتوورو زمانی ڕەسـەنی خۆتدا گەشە دەکەیت و گەورە دەبیت، ئەوا تووشی ڕاچڵـەکین و شـۆکـێکی توند دەبیت و هەست بە هـەناسـەسـواری و دادڕان دەکەیت. بەڵام ئەم ئەزموونە (ڕووە ناکۆکەشی لەوەدایە)، ئەنجامی ئیجابی و گەورەشی لێ دەکەوێتەوە. یان ڕاسـتتر بڵـێین ئەو شـتـە پۆزەتیـڤـەی لە مندا دروست کرد، سەرەڕای ئێش و ئازار و ئەو شۆکە تاڵەی یەکەمین جاری.

لـەبەر ئـەوە مـن هـەسـت بـە نـائومـێـدی دەکـەم، کـاتێک دەبـینم ئەو خـوێندکـارانەی ئەمـڕۆ لە وڵاتانی عـەرەبیـیـەوە دێنە ئێـرە بۆ ئامـادەکـردنی بڕوانامـەی دوکـتـۆرا، ئاسـتی ڕۆشنـبـیـریـیـان بە ئەندازەیەکی زۆر لاوازە. بەداخـەوە بۆ ئـەو کـەلبـوونە ڕۆشنـبـیـریـیـەی بەرەنجـامـی ئەوەیە کـە ڕۆشنـبـیـرییـەکی بیـانی تازەیان نیـیـە، لە پاڵ ڕۆشنـبـیـرییـەکی عـەرەبیی ڕەسـەندا.

ئەمڕۆ ئێمە ئەوە دەزانین کە ناکرێت ڕۆشنبیرییەکی مەنهەجی و زانستی ڕاسـتـەقـینە دامـەزرێنین، گەر بێـتو خـوێندکار خـاوەنی زمـانێکی بیـانی یان تەنانەت دوو زمـان (بۆ نموونە ئینگلیزی و فرەنسی) نەبێت. ئەمـەش زیان بە زمـانە ئەسـڵـیـیـەکـەیان ناگـەیەنێت یاخـۆ لێی کـەم بکاتەوە. بۆ نموونە

ئەڵمانییەکان جگە لە زمانی خۆیان قسە بە زمانێکی بیانی تر دەکەن (کە زۆر جار زمانی ئینگلیزی)یە. مەسەلەکەش لای هۆڵەندییەکان و تەواوی گەلانی باکوری ئەوروپا بەو شێوەیە.

بناغەی پرۆژە رەخنەییەکەم و تێکەڵبوونم بە بواری توێژینەوەی زانستی، ئەوەیە من هەرگیز دەستبەرداری رۆشنبیریی ئەسڵی خۆم نەبووم و پێوەندیم بە کۆمەڵگە و ژینگەی ئەسڵی خۆمەوە نەپچڕاندووە. بە پێچەوانەوە هەوڵی ئەوەم داوە (ئەگەرچی لە تاراوگەش بووم)، بەرپرسیارێتی تەواو سەرشانی خۆم بخەم. مەبەستم لەوەش لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی کەشفکردنی کێشەی ژینگەی ئەسڵی خۆم و دەستنیشانکردنی گیروگرفتەکانی ناوی بووە، لە پێناو یارمەتیدان بۆ چارەسەرکردنیان. هاوکات بە جیدیش (بەڵام بە دیدگایەکی رەخنەییەوە)، کەرەستەکانی رۆشنبیریی ئەوروپیم وەرگرت. دوای زمانی فرەنسایی و رۆشنبیری فرەنسایی، فێری زمانی ئینگلیزیش بووم. هەنووکە کەم تا زۆر وەکی زمانی فرەنسایی دەستم بەسەر ئەویشدا دەشکێ.

هاشم ساڵح: یانی وەک زمانی فرەنسایی؟!

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ، بەڵێ. ئەو کارەشم بە مەبەست کرد لە پێناو فراوانترکردنی ئاسۆی مەعریفیمدا. چەندین کتێب و نووسراو هەن لەبارەی ترادسیۆنی ئیسلامی و عەرەبییەوە کە ڕاستەوخۆ بە زمانی ئینگلیزی دەنووسرێن و مەرج نییە نەک هەر بۆ عەرەبی، بگرە وەرگێڕرێنە سەر زمانی فرەنساییش. هەروەها مەنهەجیاتی نوێ لای ئەنگلۆ - سەکسۆن هەن کە ڕەنگە لای فرەنساییەکان نەبێت. سەرەڕای ئەوەش زمانی توێژینەوەی زانستیی هاوچەرخ لە ئێستادا ئینگلیزییە، نەک تەنیا لە بواری بەزانستە سروشتییەکاندا، بگرە سەبارەت لەو بوارانەشدا کە پێوەندییان بە زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە هەیە. هەروەها من بۆ خۆم ناچارم بەوەی زمانی

ئینگلیزی بەکار بهێنم، بۆ وتنەوەی ئەو لێکچەرانەی ناو بەناو لە هەریەک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا و وڵاتانی تری وەک ئەواندا پێشکێشی دەکەم.

***

هاشم ساڵح: ئەمرۆکە لە کۆمەڵگە عەرەبییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەقینەوەی سەرجەم ناکۆکی و دابەشبوونە تایەفەیی و مەزهەبییە کۆنەکان دەبینین، ئەم بارودۆخەش تەنیا تایبەت نییە بە لوبنان، بگرە تەواوی وڵاتانی عەرەبی و دەوروبەری گرتووەتەوە و هەڕەشەش لە یەکەتی و یەکانگیری ناوەخۆیی ئەو وڵاتانە دەکات.

پرسیارەکە ئەمەیە: گەر تۆ دەبوو، لە کوڕانی ئەم ناوچەیە، چ پلانێکی زانستی و پەروەردەیت یەکێک بوویتایە، بۆ قوتاربوون لەم قەیرانەش نەبێت ئەوا لانی کەم بۆ دەستنیشانکردنی هۆکاری ئەو قەیرانە و خستنە بەر باسی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست؟ من ئەمە لە کاتێکدا دەڵێم کە بیر لەو هەموو نووسینە ڕەشانە دەکەمەوە، لە ئێستادا بازاڕیان پڕ کردووە و لافی ئەوە لێ دەدەن گوایە باسی ئەو حەقیقەتە دەکەن کە لە تایەفە و ئاینەکان شاراوەیە، کەچی لە واقیعدا بەمە ئاگرەکە خۆشتر دەکەن.

هاوکات کە باسی ئەمەش دەکەم بۆ خۆم بیر لە چۆڵی و بەتالچی کایەکە دەکەمەوە، لە هەر کتێبێکی مێژوویی و زانستی تایبەت بەو مەسەلەیە. لە واقیعدا ئەوەی هەیە یان کتێبی کەلەپووری کلاسیکییە کە بە شێوەیەکی زانستی و میتۆدییانە تاوتوێ نەکراون و کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە و تێڕوانینێکی ڕابردوو خوازانە سەبارەت بە ڕابردوو دەسەپێنن، یاخۆ کتێبی ئیسلامییە

هاوچەرخەکانە کە زۆربەیان، لە کتێبە ئیسلامییە کلاسیکییەکان زۆر سنووردارتر و هەژارتر و بەدوورترن لە ڕووداوەکانی واقیع و مێژوو.

کەواتە بۆ بەڕوودا وەستانەوەی لێشاوی بێشوماری ئەو کتێبە نامێژوویی و نامیتۆدییانە چیت دەکرد کە کێشەکان قووڵتر و زیاتر دەکەن، لە بری ئەوەی دەستنیشانیان بکەن و ڕێگەی چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە. بە واتایەکی تر چارەسەر بۆ ئەمە چی بکەین؟

محەمەد ئەرکۆن: بە ڕای من، ئەو پرسیارەی دەیکەین لە بنەڕەتەوە پێوەندی بە تێڕوانینی سیاسی بۆ دەوڵەت و ئەو پێوەندییانەوە هەیە کە لە نێوان دەوڵەت و ئەو شتەدا هەیە کە ئێمە بە زاراوە فەلسەفییە سیاسییە هاوچەرخەکان پێی دەڵێین کۆمەڵگەی مەدەنی (Lasocite Civile).

هاشم ساڵح: مەبەستتە بڵێیت ئێمە کۆمەڵگەی مەدەنیمان نییە، بۆ نموونە وەک ئەوەی لە فرەنسادا هەیە؟

محەمەد ئەرکۆن: ئەڵبەتە ئێمە کۆمەڵگەیەکی پەرت و پەرش و بڵاومان هەیە کە تا ئێستا ملکەچی بیرو باوەڕ و ڕەفتار و هەڵسوکەوتە زۆر کۆنەکانە و شوێندەستی پەرەسەندنی تازەی پێوە دیار نییە. تەواوی توێژە کۆمەڵایەتییەکانیش کە کۆمەڵگە پێکدێنن، لە ڕووی مافەوە یەکسان نین! بە تایبەتی مافی ڕادەربڕینی ئازاد و تەعبیر لەخۆکردن. بە شێوەیەکی گشتی دەربڕینی ئازاد لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا بوونی نییە. کۆمەڵگەکانی ئێمە ئازادانە تەعبیر لە خۆیان ناکەن و سەرکوت کراون. هۆی نەبوونی ئازادی ڕادەربڕینیش ئەوەیە، ئەو دەوڵەت و ڕێژیمە سیاسیانەی دوای قۆناغی سەربەخۆیی دەسەڵاتیان گرتە دەست، لەلایەن تاقمێک لە خەباتگێڕە

سیاسییەکانەوە قۆرغ کران.

گومانی تێدا نییە ئەو کەسە تێکۆشەرانە لەناو کۆمەڵگەکانی ئێمەوە پەیدا بوون، بەڵام (ڕۆشنبیری سیاسییان) لە دەرەوەی کۆمەڵگەکانماندا بەدەست هێنابوو. کاتێکیش دەڵێم ڕۆشنبیری سیاسی بە زیادەڕۆییەوە دەیڵێم، لەبەرئەوەی لە واقیعدا ڕۆشنبیرییەکی ڕاستەقینەی یەکانگیر نییە. ئەوەی هەبووە ڕۆشنبیریی سۆسیالیستی. بووە ئەم ڕۆشنبیرییەش لە دەرەوەی کۆمەڵگەکان و بارودۆخ و کەلەپووری ئێمەدا دروست بووە و گەشەی کردووە. ئەوانەشی ئەو تێکۆشەرە سیاسییانە دەناسن کە پاش سەربەخۆبوون جڵەوی کاروباریان گرتە دەست، دەڵێن ڕۆشنبیریی ئەوان لە دید و بۆچوونی ئایدیۆلۆجی پچڕپچڕ و داپرژاو و هەمەجۆر دروست بووە. ئەوەش برێتییە لەو ڕۆشنبیرییەی بە گشتی پێی دەگوترێت سۆسیالیستی و بە شێوەیەکی گشتی لە دوای پەنجاکانەوە پەرەی سەند. گەیشتنی ئەو کەسانە بە کورسی حوکمڕانی، بووە هۆی ئەوەی تەواوی شەڕەکانی ڕزگاری نیشتمانی بە ناوی ئایدیۆلۆجیای (شۆڕشگێڕانە) یان (سۆسیالیستیانە) ڕوو بدەن، دەخوازم هەردوو وشەکە بخەیتە ناو دوو کەوانەوە.

واتە خەبات بۆ ڕزگاری نیشتمانی بە ناوی ڕۆشنبیری لیبراڵیەتەوە نەبووە و نەش دەبوو بە ناوی ئەویشەوە ڕوو بدات، لەبەرئەوەی ئەوە ڕۆشنبیریی خودی داگیرکەر خۆی بوو. ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشێ ئەمەیە، جۆری ئەو ڕۆشنبیرییە سۆسیالیزمە شۆڕشگێڕانەیە کامەیە، لە چل و پەنجاکاندا لە بەردەم ئەو خەباتگێڕە سیاسییانەدا بووە کە دوای سەربەخۆیی ڕێبەرایەتی وڵاتیان کرد؟ پێم وایە ئەوە ڕۆشنبیریی سیستەمە دیموکراتییە میللییەکان بووە کە ئەو کات لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتدا باو بوو.

هاشم ساڵح: مەبەستت ڕۆشنبیریی پارتە کۆمۆنیستییە مەحەلییەکانە؟

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ پارتە کۆمۆنیستەکان کە سەر بە ئەنتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی بوون (مۆدێلە ستالینییەکەی یاخۆ مۆدێلە چینییەکەی ماوتسی تۆنگ یان شێوە تیتۆییەکەی، لەبەرئەوەی تیتۆ هاوڕێی عەبدولناسر بوو، لە ڕێی عەبدولناسریشەوە هەندێ کاریگەری لەسەر جیهانی عەرەبی دروست کردبوو).

بەهەر حاڵ هەرچۆنێک بێت ئەم مەسەلەیە بە خۆیەوە خەریکی کردووم و ئومێد دەکەم توێژەرێکی لاو دەست بە لێکۆڵینەوەی بکات، ئەوکات لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا بە شێوەیەکی زانستیی تۆکمە بکەوێتە تاوتوێکردنی سەرچاوەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی سەرکردەکانی ئەو ڕێژیم و دەوڵەتانەی، ڕاستەوخۆ دوای قۆناغی سەربەخۆیی لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەسەڵاتیان گرتە دەست. گەر وەک پێویست ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام درا، ئەوا وێنەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و بەو جۆرە خەیاڵدانە سیاسییەی لەو سەردەمەدا باو بووە ئاشنامان دەکات (مەبەستم لە خەیاڵدان شتێکی ترە زیاد لە خەیاڵ و بریتییە لە کۆمەڵێک دید و بۆچوونی پێکەوە گرێدراو کە ئاراستەی هوشیاری تاکەکەس دەکات).

وتم خەیاڵدانی سیاسی ئەو سەرکردانە و ئەو گروهە فیکری و سیاسییانە. ئێمە کاتێک ناوی ئەو گەورە سەرکردانە دێنینە بەرچاوی خۆمان کە جڵەوی کاروباریان گرتە دەست و چەند بڕیارێکی ترسناکیان دەرکرد لە تافی سەربەخۆییدا، سەرنج دەدەین بەشێکی کەمیان خاوەن فکرێکی سیاسی بوون. ئەم خاڵە شایانی قسەلێکردنێکی بەرفراوان و تاوتوێکردنێکی قووڵە و ئەو کاتەشم نییە تا لێرەدا شیکردنەوەی لە بارەوە بکەم. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم قسانەی وەک قسەیەکی ئەبستراکت و تیۆری دێنە بەرچاو، دوو نموونە دێنمەوە. نموونەکانیش تایبەتە بە "مستەفا کەمال ئەتاتورک" لە تورکیا و "حەبیب بۆرقێبە" لە توونس.

هاشم سالّح: بەلاّم "کەمال ئەتاتورک" سەر بە قۆناغی لیبرالیزمە کە بەر لە قۆناغی (شۆڕشی سۆسیالیستی)یە؟

محەمەد ئەرکۆن: ئەڵبەتە وایە. بەلاّم نموونەیەکی زۆر گرینگە، لەبەرئەوەی ئەو بەر لە کەسانی تر بووە، ئەوا پێ دەچێت بووبێتە پێشەنگ و نموونەیەک بۆ ئەو سەرکردانەی لە دواییدا هاتن. ئەمە بۆیە دەڵێم چونکە تورکیا ولاّتێکی ئیسلامی گەورەیە و دەبێت حسابی بۆ بکرێت. ڕاستە تورکەکان بە خۆیان دەڵێن ئێمە ئەوروپایین، لە پێناو خۆنزیککردنەوە لە ژیاری ئەوروپایی، بەلاّم لە ڕووی ڕۆشنبیری و مێژووییەوە ئەوان سەر بە شارستانییەتی ئیسلامین. نموونەی "ئەتاتورک" زۆر بە کەڵکە بۆ لێکۆڵینەوە و بۆ ئەوەی پەند و عیبرەتی لێ وەربگرین. لێرەدا ئەزموونی پیاوێک دەبینین لە فەرەنسا فێربووە و خوێندوویەتی (بە تایبەت لە ئەکادیمیای سەربازی شاری تۆلۆز).

ئەمەش لە سەروەختی کۆماری سێیەمی فەرەنساییدا بوو کە عەقڵی پۆزەتڤستی توندڕەو تێیدا بالاّدەست بوو. قۆناغێک کە بە عەلمانیکردنێکی فەرەنسی دژ بە پیاوانی کڵێسا لەبرەودا بوو. "ئەتاتورک"یش لە ژێر کاریگەری ئەم تێڕوانینە ئایدیۆلۆجییەدا بوو. بە عەلمانیکردنی فەرەنسی لە دوادوای سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، ممارەسەکردنی لە بارودۆخێکدا بوو کە شەڕ و ململانێی سیاسی لە نێوان دەوڵەت (واتا کۆماری سێیەم)، لەگەڵ کڵێسای فەرەنسی کە لە پێناو پاراستنی دەسکەوت و بەرژەوەندییەکانی خۆی و هەروەها کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵیدا دەجەنگا، لەوپەڕیدا بوو.

کڵێسا بە خواستی خۆی دەستی لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە هەڵنەگرت، بەڵکو بە زۆر ناچار کرا. ئەم ململانێیە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گشتی و سەرانسەری لە فەرەنسادا هێنایە گۆڕێ کە لە یەک کاتدا دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیشی گرتەوە. ئەمە دەرفەتی ئەوەی بۆ کۆمەڵگەی فەرەنسی

ڕەخساند، تا بەرەو پێش بچێ و خۆی لەو کۆت و پێوەندە کۆنانە ڕاپسکێنێ کە ڕێگر بوون لە بەردەمیدا.

ئەو هەموو لایەنە سلبییەی هاوشانی قۆناغی عەلمانییەتی توندڕەوی فرەنسی بوون، پێویستە لەمڕۆدا (وەک ئەوەی لە دواییدا دێمە سەر باسکردنی) ڕاست بکرێتەوە و تەواو بکرێت. گەشەکردنی عەلمانییەت لە فرەنسا گەشەکردنێکی سروشتی و مەعقول بووە و دوای ماوەیەکی دوور و درێژ لە کێشمەکێشی فیکری و دیالەکتیکی کۆمەلایەتی – ڕۆشنبیری دروست بووە، ئەم پرۆسەیەش لە سەردەمی ڕێنیسانس و لە سەدەی شازدەوە دەستی پێ کردووە و بە درێژایی سەردەمی ڕۆشنگەری (لە سەدەی هەژدەدا) بەردەوام بووەو لە سەدەی نۆزدەدا (سەدەی پۆزەتیڤستی و زانست و باوەڕی ڕەها بە پێشکەوتن)، گەیشتووەتە ترۆپک. بەلام لە تورکیا کارەکە تەواو جیاوازە. تورکیا ولاتێکی تەقلیدییە و هیچ شتێکی نە لە ڕێنیسانس و نە لە ڕۆشنگەری بەخۆوە نەدیوە، بەم پێیەش گواستنەوەی ئەم ئەزموونە مێژووییە کتومت وەک خۆی چۆن هەیە لە فرەنساوە بۆ کۆمەلگەی تەقلیدی تورکی، بۆ خۆی سەرەڕۆیی و سەرکێشییەکە کە بەرەنجامەکانی پێشبینی ناکرێت.

گواستنەوەی ئەم ئەزموونە گەورەیە بۆ ولاتێکی تەواو جیاواز لە فرەنسا، ولاتێک کە خاوەن مێژوو و مەرجەعیەتێکی ڕۆشنبیری تەواو جیاوازە، بێنەوبەردەی گەورە و کاردانەوەی زۆری لێ کەوتەوە. ئەوەتا لە کۆمەلگەی تورکی ئەمڕۆدا پەی بەو کاریگەرییە نێگەتیڤانە دەبەین. سەرەڕای لایەنە ئیجابییەکانی ئەو ئەزموونە سەرمەشقەی "ئەتاتورک" کە ئافەرۆز ناکرێت.

هاشم سالح: بەلام ئەکادیمیستە تورکەکان، ئەوانەی لە کۆنگرەی زانستی لەبارەی ئیسلامەوە ئامادە بوون و چاومان پێیان کەوت، ئەو کۆنگرەی بەم دواییە لە پاریس بەستراو بۆ خۆت ئامادەی

بوویت، پێیان وتم: (ناکرێت له پرۆسەی بەعەلمانیکردن له تورکیا بکشێینەوە، شالاوی ئێستای ئاقاری ئیسلامگەراکانیش ناتوانێت بێتە مایەی ژێرەو ژوورکردنی سیستەمی عەلمانییەت...).

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ، گومانی تێدا نییە "ئەتاتورک" ئەزموونی عەلمانییەتی بە شێوەیەکی توند و ڕادیکالانە بەسەر کۆمەڵگەی تورکیدا سەپاند. پرۆسەی بە عەلمانیکردن لە تورکیا توندڕەوانەیە و جێی مشتومڕە، نەک کراوە و میانڕەوانە بێت. بەم جۆرە ئەوا جێی مەترسییە و بەردەوامیش لە ژێر هەڕەشەدا دەبێت. لەبەرئەوەی هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تورکی لەبەرچاو ناگرێت، بە تایبەت ڕەهەندی ئاینی ئەم کۆمەڵگەیە کە ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی هەیە. هاوکات فرە نەژادی و فرە مەزهەبی کۆمەڵگەی مەدەنی تورکیش ڕەچاو ناکات، بگرە بە جۆرێک ڕەفتار دەکات وەکی ئەوەی تەواوی ئەم شتانە لە ئارادا نەبن و یەکڕاست پشتگوێیان دەخات.

بەم جۆرە وەها عەلمانییەتێک تاکڕەهەندانە دەمێنێتەوە و لە ئاست گیروگرفتە واقیعی و ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگەی تورکیدا کوێر دەبێت. بەهۆی ئەوەشەوە گەڕانەوەی ئایدۆیۆلۆجیا ئاینی و مەزهەبی و ئەتنیکییەکان دەبینن کە چۆن سەرلەنوێ لەم ساڵانەی دواییدا، هاتنەوە ریزی پێشەوەی ڕووداوەکان. "ئەتاتورک" پێی وابوو هەموو ئەوانە تەنیا لە ڕێی پرۆسەی بەعەلمانیکردن و سەپاندنی بە زەبری هێز پرۆسەی بەعەلمانیکردن لە تورکیا، پرۆسەیەک بوو لە سەرەوە نەک لە خوارەوە، لە دەرەوە بوو نەک لە ناوەخۆدا. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە تورکیا نەیتوانی ببێتە نموونە و پێشەنگێک بۆ کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی تری وەک، کۆمەڵگەی ئێرانی یان پاکستانی یاخۆ میسری یان سووری یان عێراقی و.. هتد. بە پێچەوانەوە ئەو ڕۆڵی نموونەیەکی خراپی بینی، نموونەیەک نابێت پەیڕەو بکرێت و لاسایی بکرێتەوە.

دووەم نموونە کـە باسـی لێ دەکـەی-، نموونەی "حـەبیب بۆرقـێبـەیە". ئەم پیاوە توونسییە لە ڕووی کولتوورییـەوە، نموونەی بەرهـەمی کۆماری سێیەمە لە فـرەنسـا. لـەو مـاوەیەدا "بـۆرقـێبـە" وەک کـەسـانی تر لـە دەسـتـەبژێرە بۆرجوازییـەکانی شار و پایەتـەختە عـەرەبی و ئیسلامـییەکان، لە ئامادەیی و زانکۆکـانی فـرەنسـادا خـوێندوویەتی. وەک دەزانین ئـەم دەسـتـەبـژێرەش بە بەراورد لەگەڵ ئەم ژمارە زۆرەی تری هاوڵاتیاندا کە جۆرە خوێندنێکی تریان وەرگـرتووە (ئەویش خـوێندنێکی تەقلیـدی و لۆکـاڵی بووە)، ژمـارەیان کـەمـتـر بووە. کەواتە "بۆرقێبە" لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، لەو ماوەیەدا دروست بوو کە فرەنسا یاسای جیاکردنەوەی لە نێوان کڵێسا و دەوڵەتدا فەرز کرد. لەمەش چـەمکی دەوڵەتی عـــەلمانی کـــەوتەوە، هـەر لەم قـــۆناغـــەدا چۆنیـــیـــەتی مـومـارەسـەکردنی دەوڵەت بۆ ئەرک و فـەرمـانەکانی بەرامـبـەر بە کـۆمـەڵگەی مـەدەنی دیاری کرا. لە کاتێکدا ئەم عەلمانییـەتە ڕێزی فرەلایەنی کۆمـەڵگەی مـەدەنی دەگرت و بە یـەکسـانی مـامـەڵەی لەگـەڵ هەمـوو چین و توێژەکـاندا دەکرد و بووە پرەنسـیـپێکی کـۆنکرێتی، کـەچی لەبەرامـبـەردا هـەمـوو ئەو شـتـانـەی پێوەندیـیان بە ڕۆشنبـیری ئاینی کـۆمـەڵگەی فرەنسـاییـیـەوە هـەبوو وەلاوە خـران یاخـۆ کـەم کرانەوە. وتم ڕۆشنبـیری ئاینی و نەم وت سـرووت و ڕێوڕەسم و خواپەرستی، چونکە ئەمانە دوو شتی تەواو لێک جیاوازن.

لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ ڕۆشنبیریی ئاینی کۆمەڵگە، لە چوارچێوەی ڕێوڕەسم و ڕێنمـاییـیـەکانی کڵێسـادایە. فـەزایەی کڵێسـاش هـەرگـیـز تێکەڵ بە فـەزای گـشـتی کـۆمـەڵگەی مـەدەنی نابێت کـە دەوڵەت دەسـەڵاتی بەسـەریدا هـەیە. کەواتە جیاکارییەکی ڕوون و ئاشکرا ڕووی داوە و دیوارێکی جیاکەرەوە، لە نێوان ئەو فەزایەی تایبـەتە بە مومارەسەی ئاین و ڕۆشنبیری ئاینی، لـەگەڵ فـەزای گشـتی بۆ مـومارەسـەکردنی ژیانی مەدەنی و کۆمـەلایەتی و سیاسی هـەیە. "بۆرقـــێـــبـــە" لە ژێر کـــاریگەری ئەم مـــۆدێلەدا بوو، بـۆیە هـەوڵی دا بیگـوازێتـەوە توونس و ویسـتی سنوورێکی یەکـلایـیکەرەوە لە نـێوان ئەوەی

مەدەنییە و دەوڵەت باڵادەستە بەسەریدا لەگەڵ ئەوەی ئاینییە دروست بکات. تەنانەت جورئەتی هەبوو ئیجتیهاد لەوەشدا بکات کە تایبەت بوون بەڕوکنە سەرەکییەکانی ئیسلام کاتێک ڕێگەی دا بە نەگرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان گەر ئەوە کۆسپ بخاتە بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەوڵەت و کۆمەڵگە. هەروەها دەستکاری یاساکانی ئەحوال شەخسی کرد، لە ڕێی ئەو چاکسازییانەی بۆ گۆڕینی یاسای تەڵاق و قەدەغەکردنی فرەژنی پێشنیازی کرد.

"بۆرقیبە" ئەم کارانەی لەبەر ئەوە کرد، چونکە پیاوێک بوو لەناو چوارچێوەی ئەو مۆدێلە فرەنسییە بەناوبانگەدا بیری دەکردەوە کە پێی وابوو پێویستە ئاین کورت بکرێتەوە و تەنیا پێوەندی بە ژیانی تایبەتی هاووڵاتیانەوە هەبێت و بەدوور بێت لە کایەی گشتی و فەزای گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە ژێر ڕکێفی دەوڵەتدایە. ئەو بە پێویستی دەزانی مەرجەعیاتە ئاینی و مەزهەبییەکان لە کایەی فەزای مەدەنی بکاتە دەرەوە، لەبەرئەوەی سەرچاوەی دابەشبوون و ئاشووبن.

هاشم ساڵح: لەمەشدا لەسەر هەق بوو؟

محەمەد ئەرکۆن: ئەڵبەتە لەسەر هەق بوو. من داوای کشانەوە، لە مەسەلەی بەعەلمانیکردن (بە مانای جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت). ناکەم، بگرە داوای ئەوە دەکەم چاوی پێدا بخشێنرێتەوە و دەوڵەمەندتر بکرێت. ئەویش لە ڕێگەی سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە مەسەلەی کایەی ئاینی و کایەی دنیایی، بەو پێیەی هەردووکیان دوو ڕەهەندی لێکدانەبڕاو و جیانەکراوەی مرۆڤن. من دەڵێم ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی عەلمانییەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا و ڕێگەی 'ئەتاتورک و بۆرقیبەش' تەنیا ڕێگایەک نین، ڕەنگە بە کەڵک و سەرکەوتووش نەبووبن. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئێستا ڕوو دەدات، لەو گەڕانەوە بەهێزەی بزاوتە سیاسییە

ئاینییەکان لە هەریەک لە توونس و تورکیا و وڵاتانی وەک ئەواندا.

هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵگەی توونسی ئەو جووڵانەوە فیکرییە بەرز و لیبراڵییەی بەخۆوە نەبینی، وەک ئەوەی لە فەرەنسا لە ساتەوەختی سەردەمی ڕۆشنگەریدا ڕووی دا. کەواتە سەپاندنی بەعەلمانیکردن بەسەریدا لە سەرەوە و لە دەرەوە، بۆ خۆی سەرکێشییەکە پێشبینی ئەوە ناکرێت چ بەرەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە. پێویستە بەر لەوەی ئەم بڕیارە بوێر و سەرکێشییانە بدرێت کە هەریەک لە "ئەتاتورک و بۆرقێبە" پێی هەستان، زەمینەی بۆ ساز بکرێت. ئەمەش کارێکە تا ئێستا ڕووی نەداوە.

تا ئێستا هیچ تیۆریزەیەکی کامڵ دەرهەق بە بیرۆکەی عەلمانییەت لە ڕۆشنبیریی عەرەبی – ئیسلامیدا نییە. عەلمانییەت لەسەر زەمینەی واقیع لە ڕێی کار و کردەوەوە پەیڕەو دەکرێت، بەڵام لە بەرامبەر ئەم شتەدا و لە گوتاری عەرەبی هاوچەرخدا هیچ تیۆریزەیەکی مەسئوولانە نییە. توێژەرە جەسوورەکان لە کوێن؟ ڕۆشنبیران کوان؟ ئەو بیرمەندانە لە کوێن کە دەتوانن بە هەموو سەنگ و قورسایی خۆیانەوە، ڕووبەڕووی تەواوی هەڕەشەکانی ئێستا و ڕابردوو ببنەوە؟

لەبەر ئەوە کاتێک داوای چاوگێڕانەوە بەم ئەزموونە سەرەتاییانەی عەلمانییەتدا دەکەم، نابێت وا لەم قسانە بگەن کە من دژی عەلمانییەت یان ئازادی بیروڕا و عەقڵم. من بۆ خۆم پێشتر وتم: (بەعەلمانیکردن هەڵوێستی ڕۆحە لە بەردەم گرفتی مەعریفەدا). بەو مانایەی ئاخۆ مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە نهێنییەکانی گەردوون و کۆمەڵگە بزانێت، یان ئەو مافەی نییە؟ ئاخۆ لە دۆزینەوەی نادیارەکان و ڕێبەرایەتیکردنی مێژوودا، باوەڕ بە ئەقڵی بکەین یان نا؟ ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێت بە تەنیا لە ڕێی عەقڵییەوە، لە شتەکان بگات و بڕیار بدات یان نا؟ هەندێک دەڵێن مرۆڤ پێویستی بە هێزێکی دەرەکی (یان سروشتی) هەیە، تا ئاراستەی بکات و کارەکانی بۆ ئاسان بکات.

هەندێکی تریش دەڵێن، نەخێر مرۆڤ خۆی دەتوانێت کارەکانی بەڕێوە بەرێت و گرفتەکانی چارەسەر بکات و جوانترین و باشترین شێوەی ژیانیش لە کۆمەڵگەدا دابنێت. لە حاڵەتی یەکەمدا دەبینە لایەنگری هیومانیزمی ئاینی و لە حاڵەتی دووەمدا هەواداری هیومانیزمی نوێ دەبین.

من پێم وایە دەکرێت پێوەندییەکی تازە لە نێوان ئەم دووانەدا دامەزرێنین، بە جۆرێک کەمتر گرژی یاخۆ ئاڵۆزی تێدا بێت، وەک ئەوەی لە سەدەی نۆزدەدا لە ساتی باڵادەستی عەلمانییەتی توندڕەودا لە فەرەنسا هەبوو. ئەمڕۆش سەرنجی ئەوە دەدەین ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ تێگەیشتن لە عەلمانییەتێک کە زۆر ئیجابیتر بێت؟

هاشم ساڵح: تەنانەت لە فەرەنساشدا؟

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ تەنانەت لە فەرەنساشدا. ئەو قسانەی پێشتر لەبارەی فەرەنساوە کردم، مەبەستم ئەزموونی ئەوان بوو لەم بارەیەوە، بە هەموو ئیجابیات و کەموکوڕییەکییەوە. فەرەنسا ئەمڕۆ لە قۆناغی کردنەوەی فەزایەکی مەدەنی سەرتاسەریدایە بۆ تەعبیر لە پلورالیزمی ئاینی. پێ دەچێت فشاری هەبوونی ئیسلام و قورسایی ئەو ڕەوەندە ئیسلامییە لەوێ، کاریگەری خۆی هەبووبێت لەم مەسەلەیەدا. بەرپرسانی فەرەنسا سەبارەت بە عەلمانییەت ئێستاکێ دەستیان کردووە بەوەی هەندێ پرسیار لە ئەزموونی مێژوویی خۆیان بکەن.

ئەڵبەتە ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ناشێت لە پرۆسەی بەعەلمانیکردن بچینە دواوە و لێی بکشێینەوە، لەبەرئەوەی ئەوە عەلمانییەت بوو بە شێوەیەکی گونجاو دەرفەتی بۆ هاتنە ئارای مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبوون ڕەخساند و هەر ئەو بووە مایەی دروستبوونی ئەوەی بە پێکهاتەی کۆمەڵگە مەدەنی ناوی دەبەین. تەواوی ئەم دەسکەوتە

ئیجابییانەی سیستەمی نوێ، بەرهەمی ئەو شۆڕشە مەزنەیە کە بەر لە دوو سەد ساڵێک ڕووی دا. فرەنساش دوای ئەوەی بەروبوومە بەکەڵکەکەی چنییەوە و پێشتر و تا ئێستاش لە سایەیدا دەحەسێتەوە، ئامادە نییە دەستبەرداری بێت. بەڵام ئێستاکێ پرسیاری ئەوە دەکات کە ئاخۆ ناکرێت بە شێوازێکی جیا لەوەی ساڵی ١٩٠٥ (واتە ساڵی جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت، بە شێوەیەکی ڕەسمی و قەدەغەکردنی هەر شتێک لە خوێندنگەکاندا کە پێوەندی بە ئاینەوە هەبێت)، لە عەلمانییەت بگەین؟

لەسەر بەشی یەکەمی ئەم مەسەلەیە تەبان، بەڵام بەشی دووەمی بووەتە جێی قسە و باس.

هاشم ساڵح: بەڵام فرەنسا دوای ئەوەی قۆناغی حەساسیەتی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاستی تێپەڕاندووە ئەمە دەکات، دوای ئەوەی هیچ ترسێکی لە ئاژاوە و پشێوی نەماوە، گەر بێتو قسە لەسەر مێژووی ئاینەکان لە فەزای گشتی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکرێت؟

محەمەد ئەرکۆن: بێگومان وایە. هەرچۆنێک بێت ئێستا حزبە سیاسییەکانی فرەنسا (تەنانەت پارتی سۆسیالیستیش کە ئەمە زۆر گرینگە)، بە ڕووی ئەو بۆچوونەدا دەکرێنەوە کە بوار بە ڕۆشنبیری ئاینی یاخۆ ڕۆشنبیرییە ئاینییەکان دەدات تا تەعبیر لە خۆیان بکەن. دەشێت شێوازی ئەم تەعبیرکردنە لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێک بخرێت تەواو وەک چۆن دەوڵەت ئەو شێوازە دیار دەکات کە سەندیکاکان تەعبیری لە خۆیان پێ بکەن، یان وەک چۆن ستایلی کارکردنی هونەری و مۆسیقی و تەلارسازی.. هتد، ڕێک دەخات.

هاشم ساڵح: ئەمە ئەوە دەگەیەنێ فرەنسا بیری لەوە کردبێتەوە

سەرلەنوێ مەسەلە ئاینییەکان بخاتەوە ناو پرۆگرامی خوێندن، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٠٥ەوە بە تەواوی ڕێی لەو کارە گرت؟

محەمەد ئەرکۆن: هێنانەوەیان وەکو خواپەرستی و تەبشیر نا، بگرە وەکو سیستەمێکی ڕۆشنبیریی گەورە کە ڕۆڵێکی مەزنیان لە مێژووی مرۆڤایەتی ئەوروپایی و غەیرە ئەوروپاییدا بینیوە. بەڵام خوێندنی ئاین وەک ئایدیۆلۆجیای ئیمانی و تیۆلۆجیای تەبشیری، ئەوا ناشێت بهێنرێتەوە. لەبەرئەوەی ئەمە کەرتبوون و دابەشبوونێک لە ریزی کۆمەڵگەی فرەنسیدا دروست دەکات کە لە ڕووی مەزهەبی و ئاینییەوە هەمەجۆرە (کاسۆلیک، پرۆتستانت، جوولەکە، ئیسلام..). هەرچی خوێندنی ئایدیۆلۆجی و ئیمانی ئاینیشە، ئەوا لەو چوارچێوە تایبەتەی کڵێسادا دەبێت کە بۆی دیاری کراوە. یاخۆ لە مزگەوت یان پەرستگا و.. هتد، دەبێت.

خەسڵەتێکی ئیجابی عەلمانییەتی پێشوو ئەوەیە کە تەبشیر و خوێندنی عەقیدەی لە خوێندنگەی گشتی و فەزای گشتی کۆمەڵگەی مەدەنیدا قەدەغە کرد، گەر ئەمەش نەبوایە شۆڕشی فرەنسی نەیدەتوانی ئەو کۆمەڵگە مەدەنییە بەو جۆرەی ئەمڕۆ دروست بکات. ئەوەی مەبەستمە لە خوێندنی مێژووی ئاینەکان وەک سیستەمێکی کولتووری، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆجیای ئاینی.

دەزانی ئەمڕۆ مامۆستایانی خوێندنگە ئامادەییەکانی فرەنسا، نازانن چۆن چۆنی دەقێکی ئەدەبی "باسکاڵ" باس بکەن. ئەویش لەبەر هۆیەکی سادە کە خوێندکاران هیچ زانیارییەکیان لەبارەی مێژووی ئاینی مەسیحییەوە نییە. تەنانەت مامۆستاکانیش زۆرجار شتێکی وایان پێ نییە، شایانی باسکردن بێت.. پێویستە ئەوەت لە یاد نەچێ ئێمە کاتێک قسە لە عەلمانییەت دەکەین، لە فرەنسادایین نەک لە سووریا یان میسر یاخۆ جەزائیر. عەلمانییەتیش بەر لە دوو سەد ساڵ تەواوی فەزای کۆمەڵگەی

فرەنسای گرتەوە. ئامادەگی ئاین لێرە و لە ژیانی کۆمەڵی مەدەنیدا، بەراورد بە ئامادەگی لە وڵاتانی ئێمەوماناندا زۆر لاوازە.

لەبەر ئەوە کاتێک لە بەردەم عەرەبێک یان موسڵمانێکدا قسە دەکەم، ئەوا بانگهێشتیان دەکەم بۆ عەلمانییەتی زیاتر و داوایان لێ دەکەم زیاتر لە دیدێکی مێژووییەوە لە ئاین بڕوانین. کاتێکیش لە بەردەم فرەنسییەکاندا قسە دەکەم ئەوا داوایان لێ دەکەم وەک پێویست دیاردەی ئاینی وەرگرن، نەک شانیان هەڵتەکێنن گەر هاتوو وشەی (ئاینم) لە بەردەمیاندا باس کرد.

هاشم ساڵح: بەڵام لە فرەنسادا چەند کۆلێجێک هەن کە ئەنسرۆپۆلۆجیای ئاینییان تێدا دەخوێنرێت؟

محەمەد ئەرکۆن: بێگومان. کۆلێجی لەو جۆرە هەن، بەڵام لە سیستەمی خوێندنی ڕەسمیی گشتیدا نین. هەروەها ژمارەی پێویستی لە پسپۆڕان نییە بۆ وتنەوەی وانەی ئاین، بە پێی مەنهەجیەتێکی مێژوویی نەک بە شێوە ئیمانییە تەقلیدییە باوەکەی. پێویستە بە باشی لە هەڵوێستی من حاڵی بیت، من دژ بە خوێندنی ئاین نیم بە شێوازە تەقلیدییەکەی، بەڵام پێویستە ئەمە لە مزگەوت یان لە کڵێسادا بێت نەوەک لە پەیمانگەکانی توێژینەوەی زانستی و زانکۆکاندا. پێویستە تەقلیدییەکان بەوە ڕازی بن چەند کۆلێجێک بۆ سۆسیۆلۆجیای ئاین و مێژووی ئاینی بەراوردکاری و ئەنسرۆپۆلۆجیای ئاین، لە زانکۆ عەرەبی و ئیسلامییەکاندا بکرێتەوە. وەک چۆن ئەوان پەیمانگە و داوودەزگای جۆراوجۆری خۆیان هەیە، ئەوا پێویستە دیدگای مێژوویی نوێش پەیمانگە و دامەزراوی تایبەت بە خۆی هەبێت. کاتێکیش باس لە ڕاستکردنەوەی ئەو مەسەلەی عەلمانییەتە دەکەم کە لە سەدەی نۆزدەدا باو بوو، ئەوە بەو مانایەیە کە هەریەک لە فەزای ئاینی و عەلمانی بە شێوەیەکی باشتر و زۆر تۆکمەتر ڕێک بخرێتەوە.

هەروەک چۆن نابێت مرۆڤ بە ناوی وتەزا تیۆلۆجییەکان یاخۆ بە بەهانەی (بەرگریکردن لە شتە پیرۆزەکان) لە ئازادی بیرکردنەوە مەحرووم بکرێت، ئاوەهاش نابێت رێ لە مرۆڤ بگیرێت لێکۆڵینەوە لەبارەی ئاین بکات و تێیدا قووڵ بێتەوە. دەبێت دیاردەی ئاینی بە بوارێکی بەکەڵک بۆ مەعریفە و تێگەیشتن دابنرێت.

تا ئێستاش زۆر لە عەلمانییە فرەنسییەکان بە چاوی سووک دەڕواننە ئەوانەی پسپۆڕن لە زانستە ئاینییەکانداو، پێشوەخت بە کۆنەپەرستیان لە قەڵەم دەدان! ئەمەش هەڵوێستێکی عەلمانی ڕووکەشە، نەک هەڵوێستێکی عەلمانی قووڵ یان منەوەر بێت. چونکە وەک پێشتر وتم، عەلمانییەت بریتییە لە هەڵوێستی ڕۆح لە بەرامبەر گرفتی مەعریفەدا. دیاردەی ئاینی بۆ خۆی یەکێک لە ڕەهەندەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ پێک دێنێت. بەم پێیەش نابێت بە هێند وەرنەگیرێت یاخۆ چاوپۆشی لە باسکردنی بکرێت، بە بەهانەی (پێشکەوتن) یان (پێشکەوتنخوازی)یەوە..

گەر هاتوو ئەمەمان کرد (ئەمەش ئەوە بوو کە بە درێژایی ماوەی ڕابردوو لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا ڕووی دا)، ئەوا ئاین وای لێ دێت تایبەت بێت بەو پیاوە تەقلیدییانەی وێنەیەکی کەلەپووری ئیمانی لێ دەخەنە ڕوو، واتە وێنەیەکی نامێژوویی و نامەعریفی. من بۆ خۆم نە دژ بە تێڕوانینی ئاینم و نە دژ بەو پیاوە ئاینییانەشم کە ڕێزی خۆیان دەگرن و تەواوی کاتی خۆیان بۆ کاروباری ڕۆحی نەوەک سیاسی تەرخان دەکەن. بەڵام من داوای ئەوە دەکەم ئەم تێڕوانینەی ماوەیەکی درێژ باڵادەست بوو بە سەرمانەوە، لە ڕێی تێڕوانینێکی ترەوە (مەبەستم تێڕوانینی مێژووییە)، پارسەنگ بدەینەوە کە چاکە و خێری زۆری بۆ عەرەب و موسڵمانان تێدایە.

دەگەڕێمەوە بۆ ئەو نموونەیەی پێشووتر و دەڵێم لە دوای ئەوە فرەنسا بە درێژاییی قۆناغی یەکەمی عەلمانییەت، توانی ئازادیی فکریی خۆی لە چنگ

هەرەشـە و تۆقـاندنی کـەهەنووتـی دەربهـێنێت کـە لـە ڕووی مـێـژوویـیـەوە باڵادەست بوو، ئەوا ئێستا ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت ئیعتبار بۆ دیاردەی ئاینی بگێڕێتەوە و پلەوپایەی خۆی پێ ببەخشێتەوە کە لە بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا شایستەیەتی، چونکە وەها دیاردەیەک سەرچاوەیەکی مرۆیی و فـیکرییـە، وەکـو تەواوی سـەرچاوەکـانـی تر و پێـویسـتـە وەهـاش تاوتوێ بکرێت و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت.

ئەڵبەتە لە فەزای کۆمەڵگەی مەدەنیدا وەکو ئێستا باوە، ڕێگە نادرێت هیچ ئاینێک پڕوپاگەندەی ئاینی بۆ خۆی بکات، بەڵام وەک باسم کرد لەم ڕووەوە چاو بە عەلمانییەتدا دەخشێنرێتەوە، بۆ ئەوەی زۆر کاراتر و کامڵتر بێت و بایەخ بە هەمـوو ڕەهەندەکـانـی مـرۆڤ بدات، بە بێ ئەوەی هیچ یەک لەو ڕەهەندانە بسـڕێتـەوە. سـێـیـەمـین نموونەش کـە دەمـەوێت باسی بکەم شا"حەسەنی دووەم"ە لە مەغریب. ئەم پیاوە میراتگری سیستەمێکی پاشایی ئێجگار کۆنە و سەرەتای ئەم سیستەمە پاشایەتییەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٨٠٨ زاینی)، کاتێک بۆ یەکەمین جار بنەماڵەی ئیدریسییەکان لەوێدا (واتە لە مەغریب) دامەزرا.

هاشم ساڵح: بەڵام ئەو بۆ خۆی ئیدریسی نییە؟

محـەمـەد ئەرکـۆن: نـەخـێـر، ئەم پاشـایەی ئـێـسـتـا سـەر بە بنەمـاڵەی عەلەوییەکانە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانیت لە سەردەمی ئیدریسییەکانەوە نەک بـنەمـاڵەیەک، بگرە چەندین بنـەمـاڵە دوابەدوای یـەک حـوکـمـڕانیی مەغریبیان کردووە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە دەوڵەتی ئیسلامی بۆ یەکـەم جـار سـاڵی (٨٠٨ زاینی) لە شـاری (فـاس) دامـەزرا. ئەم مێـژووەش گرینگە لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتەی لەو کاتەدا دامەزرا، بەردەوامـیـیـەکی بێ پچڕانی بە خۆیەوە بینی کە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا ڕووی نەداوە.

هەر بۆ نموونە لە جەزائیردا چەندین پچڕان و دابڕان ڕووی دا و هیچ بەردەوامییەکمان نەبینی، وەکی ئەوەی لە مەغریبدا هەیە. پێ دەچێت ئەمە هۆکاری ئەو شلۆقی و گرژی و ئاڵۆزییە بێت کە کەسێتی جەزائیری بە شێوەیەکی گشتی بە دەستییەوە دەناڵێنێت. بەڵام لە مەغریبدا پرەنسیپی دەوڵەتی ئیسلامی، واتە ئەو دەوڵەتەی خۆی دەباتەوە سەر مەشرووعییەتێکی دێرین و دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری پێغەمبەر، بگرە ڕاستەوخۆ خۆی بەم مەشرووعییەتەوە دەبەستێتەوە، بە شێوەیەکی بەردەوام ئامادەگی هەبووە. عەلەوییەکانی مەغریب خۆیان دەبەنەوە سەر پێغەمبەر و خۆیان بە نەوەی ئەو دەزانن.

هاشم ساڵح: کەواتە ڕەچەڵەکیان لە ڕۆهەڵاتە؟

محەمەد ئەرکۆن: ئەڵبەتە. ئیدریسییەکان لەلایەن ئەمەوییەکانەوە وەدەر نران، پاشان ڕوویان کردە مەغریب بۆ ئەوەی بنەماڵەیەکی شاهنشایی لە چوارچێوەی مەشرووعییەتی عەلیدا (مەبەستم عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب)ە دابمەزرێنن.

هاشم ساڵح: کەواتە ئەمانە لە سەرەتادا شیعە بوون و پاشان لە دواییدا هەڵگەڕانەوە و بوونە سوننی؟

محەمەد ئەرکۆن: نا، نا. لەو کاتەدا تەنیا یەک مەشرووعییەت لە ئارادا بوو، ئەویش گەڕانەوە بوو بۆ پێغەمبەر و کەلەپووری پێغەمبەر و (سوننەتی پێغەمبەرایەتی). سوننە و شیعە بەو مانا باوەی ئەمڕۆ هەیە، یان وەک ئەوەی لە دواییدا هاتە ئارا نەبوو. پێویستە ئەوە بزانیت کە ئێمە هێشتا لە سەرەتای سەدەی نۆیەم (٨٠٨ زاینی)داین، بیر و ڕای ئاینزاکانیش تەنیا لە ساڵی (٨٥٠ زاینی)دا (ئەم مێژووە بە چاکی لای خۆت تۆمار بکە)، هاتە ئارا و ڕەگی داکوتا. ئەم جیاکارییانە لە دواییدا ڕوویان دا. موسڵمانان

پێیان وایە ئەوان لە سەرەتای خەلیقەتەوە سوننەن یاخۆ شیعەن! ئەمەش وەهمە و وێنەیەکی نامێژووییە سەبارەت بە مێژووی ئیسلامی.

بۆچی بە شێوەیەکی تایبەتی بایەخ و گرینگی بە مەنهەجیەتی مێژوویی دەدەم؟ تۆ لێرەدا ئەو بوارەم دەدەیتێ تا جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە موسڵمانان کار بە مەنهەجییەتی مێژوویی بکەن و بە شێوەیەکی مێژوویی بڕواننە کاروباری خۆیان، ئەو کات لە زۆر لەو وەهمانە ڕزگاریان دەبێت کە هیچ بناغەیەکی ڕاست و دروستیان نییە.

چەمکی سوننە و شیعە بە شێوەیەکی (مادی و مەعنەوی)، تەنیا دوای سێ یاخۆ چوار سەدە لە دەرکەوتنی ئیسلام هاتە ئارا. بەهەرحاڵ دروستبوونی هەردوو ئەرسۆدەکسییەتی سوننە و شیعە ئەو کاتە بە تەواوەتی بووە واقیعی حاڵ کە کتێبی حەدیس لای هەردوولایان چەسپی: (بوخاری و موسلیم) لە بەرەی سوننە و (کلینی و ئیبن باوەی) لە بەرەی شیعە. بەڵام بەر لەم قۆناغە موسڵمانان تەنیا بە مانا سەرەتاییەکانی وشەکە هەبوون. هەرچی دەستە و تاقمە تیۆلۆجی و سیاسییەکانیشە، ئەوا لە ڕووی مێژووییەوە پێنەگەیشتبوون و لە یەکتری جیانەبووبوونەوە، تەنیا پاش ماوەیەکی دوور و درێژ لە ململانێی ئایدیۆلۆجی و سیاسی و دەسەڵاتخوازی نەبێت. لێرەدا دوایی بەم باری سەرنجەم دەهێنم، بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی مەغریب و دەڵێم: پاشای ئەوێ درێژە بە کەلەپوورێکی زۆر تەمەن درێژ لە مەشرووعییەتی ئیسلامی دەدات.

ئەم حاڵەتەش لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامی تردا، ئەو بەردەوامیەتییەی بە خۆیەوە نەبینیوە و درێژەی نەبووە. هەندێک جار سەبارەت بە بەردەوامێتی دەوڵەت و بنیاتی دەوڵەتی مەرکەزی، لەگەڵ مەغریبدا وەکی نموونەی دووەم باس لە میسریش دەکرێت. بێگومان هەر لە زووەوە لە میسردا هەیکەلی دەوڵەت هەبووە، بەڵام ئەو مەشرووعییەتەی حوکمی دەوڵەت دەکات

بەردەوامـــێـــتی نەبووە وەکی ئەوەی لە مـــەغـــریبـــدا هەبووە. بۆ نموونە لە مەشرووعییەتدا لە نێوان فاتمییەکان و مەمالیکەکاندا دابڕانێکی تەواو هەیە.

هاشم ساڵح: مەبەستت دابڕانە لە مەزهەبدا؟

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ. دابڕانێکی تەواو لە مەشرووعییەتدا هەیە، لەبەرئەوەی مەشرووعییەتی فاتمییەکان هەمان مەشرووعییەتی مەمالیکەکان نییە. بەڵام لە مەغریبی دووردا تەنانەت گەر بنەماڵە شاهنشاییەکانیش گۆڕابن (لە ئیدریسییەکانەوە بۆ مورابیتین و مووەحیدین و عەلەوییەکان) و ناوی پاشاکانیشیان گۆڕابێت، ئەوا هەموویان سەر بە یەک مەشرووعییەتی ئیسلامی بوون.

هاشم ساڵح: بەڵێ، بەڵام (فاتمییەکان و مەمالیکەکان) ئەوانیش سەر بە مەشرووعییەتی ئیسلامین؟

محەمەد ئەرکۆن: بەڵام بە هەمان شێواز نا، چونکە مەمالیکەکان وەک بە ناوەکەیاندا دیارە بە ڕەچەڵەک کۆیلە بوون. هەوڵی ئەوەیان داوە دەوڵەتێک دروست بکەن و لەسەر چەندین مەشرووعییەت و چەندین مەزهەب یاری بکەن.

هاشم ساڵح: ئەوانە سوننی بوون؟

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ سوننی بوون و فاتمییەکان شیعە بوون. نابێت ئەم دابڕانە مەزهەبی و تیۆلۆجییەش بەهێند وەرنەگیرێت. بەڵام لە مەغریبدا بە بەردەوامی مەزهەبی (مالیکی) باڵادەست بووە، لەوەش گرینگتر ڕەچەڵەکی بنەماڵەیە. لەبەرئەوەی بنەماڵەی پاشا بەردەوام و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆی دەباتەوە سەر خودی پێغەمبەر، واتە خۆی دەباتەوە سەر ترۆپکی

مەشرووعییەتی ئاینی مەشرووعییەتێک کە لەسەروو هەموو شتێکەوەیە و هیچ شتێک سەرووی ناکەوێت.

کەواتە لێرەدا دەگەمە کۆتایی و ئەسڵی مەبەست، شا "حەسەنی دووەم" بە پێچەوانەی "ئەتاتورک و بۆرقێبە"وە، هەوڵی جۆرە تەبایی و پێکەوەژیانێکی لە نێوان مەشرووعییەتێکی ئیسلامی دێرین و ڕەسەن لەگەڵ نوێگەری و سەردەمدا داوە. "حەسەنی دووەم" شێوازی بە عەلمانیکردنێکی خێرا و لە ناکاوی پەیڕەو نەکرد، عەلمانییەتێک وەها دیار بێت وەک ئەوەی لە دەرەوە هێنرابێت زیاد لەوەی بەرهەمی کۆشش و تەقەللای ناوخۆ بێت. بەڵام ئاخۆ شا "حەسەن" لەم کارەیدا سەرکەوتوو بووە یان نا، ئەمە مەسەلەیەکی ترە.

تەنیا مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم نموونانە ڕوونکردنەوەی جیاوازی ئەو هێڵ و ئیشکردنانە بوو کە دەوڵەتی عەرەبی - ئیسلامی پاش سەربەخۆیی پەیڕەوییان کردووە، ئەمەش لە پێناو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان و گەیشتنە پەرەسەندن و گەشەکردن، لە کاتێکدا نوێگەری ئەورووپی لە دەرگەکانی دەدان.

بەڵام گەر بێتو سەیری دۆخی جەزائیر بکەین، ئەوا دابڕانێکی مێژوویی تەواو دەبینین. دابڕانێک لە بنیاتی دەوڵەتدا، دابڕانێک لەوەی پێوەندی بە مەشرووعییەتەوە هەیە، دابڕانێک لە کولتوور و ئایدۆلۆجیای سیاسیدا. لە جەزائیردا هەموو شتێک پارچە پارچە یان دابڕاوە، چونکە ئەو بۆشاییەی ئیستعماری فەرەنسی لە دوای خۆیەوە بەجێی هێشت، لە ڕێی ئایدیۆلۆجیایەکی خواستراوەوە پڕ کرایەوە، ئایدیۆلۆجیایەک نامۆ بە پێکهاتەی ئەو وڵاتە و ڕەگەزە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی. ئەو ئایدیۆلۆجیا خواستراوەش بریتی بوو لە سۆسیالیزم. بەم جۆرە جەزائیر لە دوای سەربەخۆییەوە بە سۆسیالیزم دەستی پێ کرد، یان بڵێین بە شێوازێکی تایبەتی سۆسیالیزم دەستی پێ کرد، ئەوەی لەبارەی جەزائیرەوە وتم،

دەشـێت لەبارەی عـێراق یان سـوریا یاخـۆ وڵاتانی تری وەک ئەوانیـشـەوە بیڵـێین. لە هـەمـوو جێیـەکدا سـەرنجی دیاردەیەکی نەگۆڕ و گشـتی دەدەین، ئەویش مەسـەلەی دابڕانێکی قووڵە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

هاشم سالّح: ئەمە مانای وایە کۆمەڵگەی مەدەنی تەنیا لە ڕێی تەقـــینەوەوە نەبێت ناتوانێت دەنگ هەڵ بڕێت. هەروەها ناشـتـوانێت لە ڕێی تەواوی هێـزە پێکهێنەرەکـانی و چین و توێژەکانییەوە گوزارشت لە خۆ بکات؟

محـەمـەد ئەرکـۆن: بەڵێ ئەمـە ڕاسـتـە.. لای ئێـمـە کـۆمـەڵگەی مـەدەنی کۆمەڵگەیەکی چەپێنراوە. ئێمە دەزانین ناکرێت چارەسەری ئەو گیروگرفتانە بکەین کە سەبارەت بە ڕۆهەڵاتی عەرەبی (لوبنان، سووریا، عێراق، میسر..) خستمە ڕوو، مەگەر تەنیا هاوکارییەک لە نێوان دەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی یان ڕوونتر بڵێین دەنگە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگەی مەدەنی، لەگەڵ دەوڵەت کە بەرپرسیارێتی ئەم دەنگانەی لەسەر شانە دروست بێت.

مـەبەسـتم ئەوەیە بڵـێم دەبێت دەوڵەت ڕێزی ئەو دەنگانەی کـۆمـەڵگەی مەدەنی بگرێت و هەلومەرجی لە بار و داوودەزگای شیاویان بۆ دەستەبەر بکات تا لە ڕێیـانەوە گـوزارشـت لە خـۆیان بکەن، لە بری ئەوەی بکەوێتـە سەرکوتکردن و چەپاندنیان.

بەڵام چۆن چۆنی دەتوانین بگەینە ئەوە؟

یەکـەم لە ڕێی وەزارەتی ڕۆشنبـیـری و ڕاگـەیاندنەوە، دووەم لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردەوە. پێویسـتە کتێبی خـوێندنگەکان بە شـێوازێکی تازە دابنرێن، نەک هەر ئەوەش بگرە دەبێت سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندن لە وڵاتـانی ئیـــســـلامی و عـــەرەبیـــدا بگۆڕدرێن، لەبەرئەوەی لە ئاست پێداویستییەکانی کۆمەڵگەدا نین و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە نییە. هاوکات بوار

بۆ هەموو دەنگەکانی کۆمەڵگە نارەخسێنێت، بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن و ڕێگە لە بەردەم ئاینده و نوێگەریدا ناکاتەوە.

پێویستە لە خوێندنگە عەرەبییەکاندا لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و تەنانەت زانکۆکانیشدا، مێژوو بەو شێوەیە بوترێتەوە کە ڕوونم کردەوە و باسم لێ کرد، نەک بەو جۆرەی هەتا ئێستاش پەیرەو دەکرێت. ئەمە هەنگاوێکی سەرەکی و پێویستە لە پێناوی گرتنەبەری ڕێگەی نوێگەری و عەلمانییەت و ئاییندەخوازیدا.

ئەو شێوەیەی هەنووکە لە کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا مێژووی پێ دەوترێتەوە، شێوەیەکە ڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی ئاژاوە نانەوە و پێکدادانی گرووپەکانی ناو کۆمەڵگە (بە شێوەیەکی تایبەت بڕوانە کێشەی لوبنان). گەر دەمانەوێت کێشە و ئاژاوەکان بەردەوام بن ئەوا با درێژە بە وتنەوەی وانەی مێژوو و پەروەردەی ئاینی بدەین، هەروەک ئەوەی ئێستا دەیکەین. گەر دەمانەوێت درێژە بە دابەشبوون و پارچەپارچەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بدەین، ئەوا با بەم شێوەیەی ئێستا لەسەر وتنەوەی مێژوو بەردەوام بین. لەبەر ئەم هۆیە دەڵێم، با کەس سەری لەو کارەساتانە نەسوڕمێ کە لەمڕۆدا ڕوو دەدەن، چونکە ئەمە بەروبوومی ئەو درەختەیە.

چارەسەر و وەڵامی ئەو پرسیارە گرینگەی کردت لەم چەند وشە سادەدایە: (با مادەی مێژوو بە شێوەیەکی زانستی و کراوە و گونجاو لەگەڵ واقیعدا بخوێندرێت و بوترێتەوە). پێویستە ئەم دەوڵەتانە دەست لە بەسووک سەیرکردنی (واقیع و مێژوو) و پێکهێنەرەکانی واقیع و مێژوو هەڵگرن و هەموو ئەوانە لە بەرچاو بگرن و بە یەکسانی سەیریان بکەن. تەنیا بەم جۆرەش دەتوانین تووندوتۆڵ پێکهاتەی کۆمەڵگەی مەدەنی بچنین و لەگەڵ یەکەمین ڕاچڵەکیندا دووچاری دادڕان نەیەت. ئەمە وەڵامە و ئەمەش چارەسەر.

من وتم مـادەی مـێـژوو نەمگوت فـەلسـەفـە. یەکـەم جـار مـێـژوو پاشـان فـەلسـەفە. ئـەمـەش دەمـانگێـڕێتـەوە بۆ ئەوەی لـە سـەرەتای قـسـەکـانماندا باسـمـان کـرد سـەبارەت بە ئەولەویەتـی زانسـتی مـێژوو، مـەنهـەجـیـیـەتی مـێـژوویی بەراورد لەگـەڵ شـتـەکـانی تردا. ئەڵبـەت من نـامـەوێت خـوێندنی فـەلسـەفە بسـڕمـەوە، بەڵام دەڵێم زانسـتی مێژوو ئەولەویەتـی ئەبستـمۆلۆجی هـەیە. بە مـەرجێک وا لـە مێژوو تێبگەین کـەوا تەواوی زانسـتـە ئینسـانییـە دیارەکانی وەک (سۆسیۆلۆجیا و ئەنسرۆپۆلۆجیا و دیمۆگرافیا و ئابووری و پەروەردەی ئاینی و.. هتد) دەگـرێتـەوە. ئێـمـە ئێـسـتـا هیچ شـتـێ لەمـەڕ کـۆمـەڵگەکانی خـۆمـان نازانین و بێـئـاگـاین لە واقـیـعی کـۆمـەڵگەکـانمان. ئەمێستا ئێمـە مێژووی کۆمـەڵگەکانمان دەشـێوێنین و بە مێژووییـیـەکی تری خەیاڵی دەگۆڕین، مێژووییـیـەک کە پێوەندی بە واقیعەوە نییە. هەموو ئەمەش لە ڕێی ئایدیۆلۆجیا و بەهۆی ئایدیۆلۆجیاوە دەکرێت. کەواتە دەتەوێت چۆن چارەسەرێک بخەینە ڕوو بۆ واقیعێک کە لە ئارادا نییە!

لێـرەدا دەگـەینە ئەوەی چاکـسـازیکردن لـە سـیـسـتـەمی خـوێندن و پرۆگرامـەکانیدا بـە شـێوەیەکی ڕیشـەیی، چ پێداویسـتییـەکی هەنووکەین. ئەمەش ئەرکی سەرشانی وەزارەتی پەروەردە و لێپرسراوانییەتی. نازانم گەر پێویستمان بە وەزارەتی کاروباری ئاینی بمێنێت یان نا.. من هەتا ئێستاش ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم.

هـاشم سـاڵح: ئەم وەزارەتە لای ئێـمـە (لە سـووریا)، پێـی دەڵێن وەزارەتی ئەوقاف..

مـحـەمـەد ئـەرکۆن: ئەمـە هـەر هـەمـان شـتـە.. لای ئێـمـە (لە جـەزائـیـر) پێی دەڵێن وەزارەتی کـاروباری ئاینی. بەهـەر حاڵ ئەمـە مانای وایە ئێـمـە هێشـتا دەسـتـبـەرداری نەبووین و وەک خۆی هێشـتـوومـانـەتەوە. لێرەدا پێویسـتـە بە باشـی لەگـەڵ هـەردوو وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیریدا کار بکات. پێویسـتـە

بە شێوەیەکی زۆر کراوە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و بە ڕوحییەتێک کار بکات کە بە ئاراستەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هەنگاو بنێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە ببێتە پێکهاتەیەکی یەکگرتووی پتەو. بەڵام گەر ئەم وەزارەتە دەستبەرداری هەموو داوودەزگا و پەیمانگە ئاینییەکانی خۆی نەبوو کە خوێندنی تەقلیدی و مەزهەبی و تایەفەگەری و نامێژوویی بڵاو دەکەنەوە و کۆمەڵگە پارچە پارچە دەکەن و گیانی ئاژاوەگێڕی و دووبەرەکی تێدا دەچێنن، ئەوا پێویستە دەستبەجێ دابخرێت.

ئەم وەزارەتە پێویستە بە ڕۆحێکی کراوەوە کار بکات، بۆخاتری ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گرێ کۆنەکانی، نەک بە گیانێکی پروپاگەندەیی ئایدیۆلۆجییەوە کە ستایشی ئاینێکی دیاریکراو یاخۆ مەزهەبێکی دیاریکراو دەکات و ئاین و مەزهەبەکانی تر بە سووک سەیر دەکات. کارێک کە بە داخێکی زۆرەوە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە و ڕوو دەدات. دەبێت ڕێ بەم ڕوحییەتە بەرتەسکەی سەدەکانی ناوەڕاست بگیرێت، گەرنا ئەوا نە چارەسەرێکمان دەسگیر دەبێت و نە ڕزگاریشمان دەبێت.

هاشم ساڵح: بەڵام گوتاری ئایدیۆلۆجیی باو (بە هەموو جۆرەکانییەوە)، ئیعتراف بە پێکهێنەرەکانی واقیع ناکات و بە شێوەیەکی زانستی و مەعریفی بەرپرسیارێتی ناگرێتە ئەستۆ. لەبەرئەوەی پێی وایە دەتوانێت لە ڕێگەی بازدان بە سەریاندا ئەو کێشانە تێپەڕێنێت، سەرەڕای ئەوەی هەموو جارێک دەبینێت لە بەردەمیدا قووت بوونەتەوە و ڕێگەی پێ دەگرن..

محەمەد ئەرکۆن: ئەوەی دەیڵێیت وایە. ئەو دەوڵەتەی هەیە ممارەسەی پرۆسەی بازدان بەسەر قۆناغەکاندا دەکات و لێیان هەڵدێت. پێش ناچێت بەو شێوە و فۆرمەی ئێستایەوە توانای لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مێژووییەی هەبێت کە تایبەتە بە

کۆمەڵگەی مەدەنی. کێشە سەرەکییەکەش لێرەدایە. ئەو دەوڵەتەی لە پاش سەربەخۆیی دامەزرا، شکستی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعدا سەلماند، پێم وابێت ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی بەڵگەی ئەوەن.

ئەو دەوڵەتەی ئێستا هەیە بە خۆی دەڵێت، گەر بێتو تەواوی پێکهێنەرەکانی واقیعم ڕەچاو کرد و ئیعترافم پێ کردن وەکی ئەوەی لەواقیعدا هەیە و گەر ئیعترافم بە هەمەڕەنگی و فرەدەنگی کرد لەناو کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ئەوا یەکەتیی نیشتمانی ڕووبەڕووی پارچەپارچەبوون و لە بەریەک هەڵوەشان دەبێتەوە. ئەوە لە کاتێکدا ئێمە دەزانین ئەم دەوڵەتە سەرەتاکانی خۆی و مەشرووعییەتی خۆی، لەسەر دیدگایەکی تایبەتی لەمەڕ یەکەتی نیشتمانی و نەتەوەیی بینا کردووە، ئەویش ئەو بۆچوونەیە کە لەناو نەتەوە تازە دروستبووەکانی سەدەی نۆزدەدا باو بوو. دەوڵەتی دوای قۆناغی سەربەخۆیی دەکەوێتە خواستنی ئەم مۆدێلە نەتەوەییە مەرکەزییە لە ئەوروپا، بەبێ ئەوەی پرسیار لە مەشروعییەتی ئەم جۆرە خواستنە و هەلومەرجی دروستبوونی بکات، دەوڵەتی ئێمە ئەم مۆدێلە دەخوازێت بە بێ ئەوەی بپرسێت لەوەی چۆن چۆنی نەتەوەیەکی تازەپێگەیشتووی وەک فرەنسا لە سەردەمی "هیغ کابی" پاشاوە (واتە بەر لە هەزار ساڵی تەواو لە ئێستا)، لە پێناو پاراستنی یەکەتیی نیشتمانی خۆیدا لە هەوڵدا بووە.

ڕێژیمە سیاسی و حزبە ئایدیۆلۆجییەکانی ئێمە لە ڕووی مێژووییەوە، پرسیاریان لە چۆنیەتی دروستبوونی ئەو نەتەوەیەی ئێستای فرەنسا نەکردووە و لەوەشیان نەکۆڵیتەوە چۆن چۆنی هاتووەتە ئارا. بگرە بێ چەندوچون دەستیان بە سەپاندنی ئەم مۆدێلە کرد وەک خۆی و بە شێوەیەکی زۆرەملێیانە. بەبێ هیچ زەمینەخۆشکردنێک یان دەسکاریکردنێکی، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیەدا بگونجێت. سەرەڕای ئەوەش دەیان ویست یەکەتیی نیشتمانی لەسەر یەک پایەگا لە پایەگاکانی نەتەوە، یاخۆ لەسەر یەک بنەما لە بنەماکانی دابمەزرێنن، واتە پەیڕەوی یەک

دەنگ لە دەنگەکانیان کرد و دەمبەستی دەنگەکانی تریان کرد. بەم هۆیە شتێکی سەیر نییە کە کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگەی مەدەنی پاش تێپەڕبوونی دەیان ساڵ بتەقنەوە. ئەمەش بۆ خۆی ئەو هەڵە گەورەیەیە کە لایەنە پێوەندیدارەکان نایانەوێت ئیعترافی پێ بکەن.

شیکردنەوەی مێژوویی و کۆمەلایەتی و سیاسی (بە مانای فەلسەفەی سیاسی)، هەڵەی ئەو پێوەندییانەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆر بە ئاسانی دەردەخات. شتێکی تریش کە حەز دەکەم سەربارى ئەو قسانەی سەرەوەمی بخەم، ئەوەیە کە فیدرالییەت وەکی چارەسەرێکی سیاسی گونجاو بۆ کێشەی فرەکولتووری لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، بە هیچ شێوەیەک بە خەیاڵی هیچ سەرکردەیەکی سیاسی عەرەبی یاخۆ ئیسلامی و هیچ کەسێکی تردا نەهاتووە.

هاشم ساڵح: لەبەر چی؟

محەمەد ئەرکۆن: لەبەرئەوەی عەرەب و موسڵمانان هەمیشە لە کاتی مەرکەزییەتەوە، بیریان لە مەسەلەی دەوڵەت کردووەتەوە.

هاشم ساڵح: ئاخۆ ئەمە بۆ کاریگەرێتی مۆدێلی فەرەنسی و ناسیۆنالیزمی ئەوروپایی دەگەڕێتەوە، یاخۆ پێوەندی بە خودی مێژووی ئیسلامی خۆیەوە هەیە؟

محەمەد ئەرکۆن: نا، ئەمە هەمووی بۆ کاریگەری مۆدێلی فەرەنسی یان ئەوروپایی ناگەڕێتەوە. لێرەدا پێویستمان بەوەیە بازنەی شیکردنەوەی مێژوویی بەرفراوانتر کەین، بۆ ئەوەی ماوەیەکی زەمەنی دوورتر و کۆنتر بگرێتەوە. ئەمەش ماوەیەکە بە تەواوەتی سەدەی نۆزدە (کە سەدەی ناسیۆنالیزمی ئەوروپاییە) تێ دەپەڕێنێت. لەم سەروبەندەدا دەبوو ئەو کەلەپووره دوور و درێژ و ئێجگار دێرینەی ئاینە یەکتاپەرستەکانمان بە

هێند وەرگـرتـایە. بەڵام بـا بزانین ئـاینی یـەکـتــاپـەرسـتـی بە تەواوەتـی چی دەگەیەنێت؟

ئاینی یەکتاپەرستی بە تەنیا مانای بڕوابوون بە یەک خـواوەند ناگەیەنێت، بگرە هـاوکات بـە مـانای ڕاگەیاندنی هەبـوونی یەک هـەقیـقـەتیش دێت کـە لە ڕێی ئینسـانەکـانەوە تـەعـبـیـری لێ دەکرێت.. با بـزانین ئەم دەسـتـەواژەی دواییيان چ مانایەکی هەیە؟

مـانای وایە بەردەوام کـەلێنێـکی گـەورە لە نێـوان ئەو هـەقـیـقـەتەدا هـەیە کـە کتێبە ئاسـمـانییەکان مەبەستیانە و (ئەمەش بۆ خـۆی حەقیەتێکی کراوە و بە بڕشـتــە، لەبەرئەوەی بە شـێـوەیەکی مـەجـازی – ڕەمـزی تەعـبـیـر لە خـۆی دەکات) لەگەڵ هەقیەتی تیۆلۆجییەکان (واتە فوقەهاکان)، لەبەرئەوەی ئەمانە (واتە فوقـەهاکان) ئەو هەقیقەتە ڕەمزییـە کراوانەی ناو کتێبە پیـرۆزەکان بە جۆرە هـەقیقەتێکی مەرکەزی داخراو (Log Centriqu) دەگۆڕن.

ئێـمـە دەشـزانین کە فوقـەهاکـان (بە مـانا بەرفـراوانەکەی وشـەکە) دەست لەناو دەسـت کـاریان لـەگـەڵ دەسـەڵاتی سـیـاسـی، واتە لـەگـەڵ خـەلیـفـە یان ئیـمپـراتۆر یاخـۆ ئەمـیـر و سـوڵتـان و پاشا و سـەرکۆمـاردا کـردووە. کـەواتە هـاریکارییــەکی پتــەو لـەســەر ئـاسـتـی بۆچوونـی تیـۆری و لەســەر ئـاسـتـی مـومـارەسـەی سـیـاسـی و بەرجـەسـتـەبوونی داوودەزگـایی ناو پێکهـاتە تیۆلۆجییـەکان (کە بەرەنجامی ئاینە یەکتاپەرستییەکانە) و لە نێوان چەمکی دەوڵەتی مـەرکـەزیدا هـەیـە. ئەم کێـشـەیە بە قـووڵی پێوەندی بـە فـەلسـەفـەی سـیـاسـیـیـەوە هـەیە. جـۆرێک لە ناکـۆکی و جـیـاوازی لـە نێـوان کـولتـووری سـیـاسـی (کـە لە ڕوانگـەی فـیـدراڵیـیـەتـەوە سـەیری کـێـشـە و گـرفـتـەکـانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات)، لەگەڵ فیکری سیاسییدا (فیکرێک کە لە ڕێگەی چەمکی تاکڕەهەندی و مـۆنـۆپۆلی و سـەنتـەرییـانـەی ئاراسـتـەکـراو ڕووەو هـەقیـقـەت، واتە حـەقیـقـەتی دەوڵەت و حـەقـیـقـەتی تـیـۆلۆجی لە یـەک کـاتدا

سەیری کێشە و گیروگرفتەکانی کۆمەڵگە دەکات)، هەیە.

هاشم ساڵح: کەواتە ئەوە تەنیا هەقیقەتێکە و هیچ هەقیقەتێکی تری قبووڵ نییە؟

محەمەد ئەرکۆن: بێگومان. ئەم خۆی وەک تاکە هەقیقەتێک نیشان دەدات. ئەو دروشمە بەناوبانگەی دەڵێت: (عەرەب یەک نەتەوەیە و خاوەنی پەیامێکی نەمرە)، دروشمێکی جوان و ڕەوانە، بەڵام ئاخۆ پێویست بەوە ناکات بە هەموو جیاوازی و فرەڕەنگییەکانەوە سەیری واقیع بکەین؟ ئاخۆ مافی ئەوەمان هەیە ئەو جیاوازی و فرەڕەنگییە پشتگوێ بخەین، بۆ ئەوەی واقیع بە درۆ بخەینەوە و باوەڕ بەو دروشمە بکەین؟ گەر وامان کرد کێ لەمە سوودمەند دەبێت؟

من دەڵێم نە واقیع و نە دروشمەکە کەسیان قازانج ناکەن. تەنانەت ئێستا فرەنساش لەو مەرکەزیەتە توندوتۆڵەی خۆی خاو دەکاتەوە، پلانێکی گشتی بەرفراوان بۆ سیاسەتێکی لامەرکەزی دەگرێتەبەر. کەواتە ئیعترافکردن بە پلورالیزم و هەمەڕەنگی و جیاوازی، دژ بە هاوکاری یاخۆ یەکێتی و یەکگرتن نییە. بگرە کارێکی وا یەکگرتوویی بەهێزتر دەکات. واقعیتر و زۆر ئینسانیتر دەبێت. سروشتی مرۆڤ خۆی هەمەجۆر و هەمەڕەنگ و جیاوازە. هەرچی ئەو دروشمە سیاسییە کۆنکرێتییەشە، بوارێک بۆ جیاوازی و هەمەڕەنگی ناهێڵێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم دروشمە دروشمی ئەو کولتوورە سیاسییەیە کە هەیمەنەی بەسەر هەموو فۆرمەکانی دەوڵەتدا کردووە. ئەو دەوڵەتەی لە ڕووی مێژوویییەوە لە فەزای ئیسلامیدا بەرجەستە بووە، ئەگەرچی ڕۆژێک لە ڕۆژان بە شێوەیەکی تەواوەتی نەگەیشتووەتە ئەنجام. لەبەرئەوەی بەردەوام ناوچەی چەپەک و سەخت و دوورە دەست، یاخۆ ناوەندی دەسەڵاتخوازی

ڕکابەر لە ئارادا بووە. بۆ نموونە لە مەغریبدا بەردەوام جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان دوو کایەدا هەبووە، وڵاتی (المخزن) و وڵاتی (السباع)، (ئەم ناولێنانە هەتا ئەمڕۆش شتێکی باوە).

وڵاتی (المخزن) بریتییە لەو کایە سیاسییەی دەوڵەتی مەرکەزی تێیدا باڵادەستە و پارێزەری هەقیقەتی ئیسلامییە، بەو جۆرەی فوقەها و موتەکەلیمین دیاریان کردووە. هەرچی وڵاتی (السباع)ە، بریتییە لە ناوچە دوورەدەستەکان و هەرێمە چەپەک و هەڵەتەکان کە مل بۆ دەوڵەتی مەرکەزی نادەن و ناچنە ژێر کۆنترۆڵییەوە. ئەم دابەشکردنە زۆر گرینگە و زۆر کۆنیشە.

گەر بمانەوێت دەستنیشانی کێشە هەنووکەییەکانی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی بکەین، ئەوا دەبێت لە ڕێی مێژووی ماوە درێژەوە (ئەمە چەمکە بەناوبانگەکەی – فێرنان برۆدێل –ە، یەکێک لە گەورە پێشەنگەکانی مێژووناسی نوێ لە فرەنسا)، سەیری مەسەلەکان بکەین.

سەیرکردنمان بۆ مێژوو (یان بۆ کێشە و گرفتەکانی) دەگۆڕێت، گەر هاتوو لە بری ماوەیەکی زەمەنی کورتخایەن (سەدەیەک یان دوو سەدە) ماوەیەکی درێژتر (بۆ نموونە چەندین سەدەمان) وەرگرت. بۆیە ئەم کێشانەی لە پرسیارە سەرەکییەکەی تۆدا هاتوون لەمەڕ تایفەگەرایی و مەزهەبگەرایی لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا، ناکرێت بە تەنیا لە ماوەی سی یان چل ساڵدا لێک بدرێنەوە. بگرە دەبێت چەندین سەدە بچینە دواوە، بۆ ئەوەی بزانین ئەم کێشانە چۆن چۆنی دروست بوون، بۆچی دروست بوون و بە چ شێوەیەک تەشەنەیان سەند و جێگیر بوون؟

هەموو ئەم شتانەش حزبە سیاسییەکان و تیۆرسینە هەڵەشەکانیان کە سەرقاڵی وردەکارییەکانی ئێستان و بە دوای ڕووداوەکاندا هەڵوەدایانە، وەڵامی نادەنەوە. کەواتە دەبێت دەست بەم شیکردنەوەیە بکەین،

شـیکردنەوەی دەوڵەت و مـێـژووی تیـۆلـۆجـیـای سـیـاسی، نەوەک تـەنیـا شیکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی کە ڕێنوێنی یان ئاراستەی دەوڵەت دەکات. دوای ئەوەی لە تاوتـوێکردنی ئەم مـەسـەلەیە دەبینەوە لە قـۆناغی ئیـسـلامی کلاسیکیدا، دەکرێت بێینە سەر هەڵسەنگاندنی قۆناغی هاوچەرخ. ئەو کات دەتوانـین ئەوە ئاشکرا بکەین چۆن چۆنی فـەلسـەفـەی سـیـاسـی دەوڵەتی نـەتەوەیی هاوچـەرخ (دەوڵەتێک کـە بەرەنجـامـی ناسـیـۆنالیـسـتـە یەکگرتووخـوازەکـانی سـەدەی نۆزدەمی ئەوروپایە، لـەگـەڵ ئەو ئـەقـڵـە عەلمـانییـەی باسمان لێ کرد)، درێژکراوەی ئەو تیۆلۆجیا سیاسییەیە کە لە سـەردەمی کلاسیـکی ڕۆژگـاری خـەلافەتدا ئاراسـتـەی دەوڵەتی ئیـسـلامی کـردووە. بەو مـانایەی ئـەم دەوڵەتەی ئێـسـتـا بەردەوامیـیـەتـی ئەوە، بەڵام بە بەرگێکی تـر و بە تێرم و چەمک و زاراوەی ترەوە. لە جیـاتی ئەوەی پێشـتـر پێـمـان دەوت ئومـەی ئیـسـلامی یان ئومـەی مـحـەمـەدی، لەگـەڵ تەواوی ئەو دونیـابینییـە ئاینییـەی هاوشـانی بوو، ئەمێـسـتـا دەڵێین ئومـەی عـەرەب یان نەتەوەی عەرەبی، یاخۆ نەتەوەی تورک یان نەتەوەی فارس و، هتد..

سـەرکردە سیـاسـییـەکان لەم پرۆسـەی بەردەوامـێتی و بەدوایەکداهاتنە ناکۆڵنەوە، لەبەرئەوەی ئەوان دەسەلاتی سیاسییان لە دەستدایە و دەیانەوێت پارێزگاری لێ بکەن. واتە (ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی سیاسی)، بە ئەرکی خۆیان نازانن. هەر کاتێکیش توێژەرێک یاخۆ مێژوونووسێک بەم کارە هەڵدەستێت، ئەوا تاوانبـاری دەکەن بەوەی کەسێکە پێوەندی بەو مەسەلـەیەوە نییـە، یاخۆ هیچ نازانێت و پێویستە گوێی لێ نەگیرێت.. ئەمە ئەگەر نەشڵێن ئەو کەسە خائینە بە ئومـەی عەرەبی و ئیسلامی!.. چونکە ئەوان لە پێناو سووککردن و شـکاندنی زمــانی شــیکردنەوەی وردی مــێــژوویـیــدا، پەنا دەبەنە بەر بەکـارهـێنانی چەکـێکی بەرپەرچدانـەوەی ڕەهـا، واتـە تەکـفـیـرکـردن و ناوزەدکـردنی ئەو کـەسـە بە خـائین. ئەم چەکی بەرپەرچدانەوە ڕەهـایەش لە یەک کـاتدا لەلایەن سـەرکردە سـیاسـییـەکان و پیـاوانی ئاینیـیـەوە بەکـار

دەهێنرێت، هەروەها لە لایەن ئەو فەرمانبەرە ئایدیۆلۆجییانەشەوە پەیڕەو دەکرێت کە جێگەی فوقەها تیۆلۆجییەکانیان لە مومارەسەکردنی ئەم وەزیفە بەرپەرچدانەوە ترسناکەدا گرتووەتەوە.

هاشم سالّح: ئەم مەسەلەیەت بە ئاشکرا لە کتێبی (تأریخیة الفکر العربي الاسلامي) کە ساڵی ١٩٨٦ لە بەیروت بڵاومان کردەوە، خستبووە ڕوو. لەوێدا باست لە مەسەلەی ئەو پێوەندییە دیالەکتیکییە کردبوو کە لە نێوان ترۆپکی سەروەریی باڵای مەشرووعییەت و ئەو دەسەڵاتە سیاسییەدا هەیە کە لە سەرەتاوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، لەسەر خاکی ئیسلام بەردەوام بووە. پێم وابێت ئەو لێکدانەوەیە زۆر لەبار و لە جێی خۆیدا بوو..

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ هەموو ئەمانە پەیوەستە بە مەسەلەیەکی گشتی و هەمیشەیی کە من ناوی دەنێم (ترۆپکی سەروەریی باڵا). ئەم ترۆپکی سەروەری باڵایە لە ترادسیۆنی ئیسلامیدا (پێشتر و لە ئێستاشدا)، ڕۆڵی بە پیرۆزکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەگێڕێت و هەندێک کات دەسەڵاتێکی زۆر ڕاستەوخۆ دنیاگەراو توندوتیژە.

هۆکارەکەشی ئەوەیە لە زەینی خەڵکیدا، خەیاڵدانی تیۆلۆجی ئاینی بە تەواوەتی تێکەڵ بە خەیاڵدانی سیاسی بووە. زۆربەی زۆری خەڵک تەنانەت ڕۆشنبیرانیش ناتوانن لە یەکیان جیا بکەنەوە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆکە سیاسەتمەدار خۆی لە بەرگی تیۆلۆجی و ئاینیدا نیشان دەدات و ئەم گەمەیەش بەسەر هەمووواندا تێ دەپەڕێت.

ئەمەش بۆیە ڕوو دەدات، چونکە ئەم مەسەلە مێژووییە ئاڵۆزە تا ئێستا تاوتوێ نەکراوە و نە لە زمانی عەرەبیداو نە لە زمانەکانی تردا نەبووەتە جێگەی قسە و باس. لە کاتێکدا جیاکردنەوەی نێوان تیۆلۆجی و سیاسی لە

ولاتێکی مــۆدێرنی عــەلمانیــدا (بۆ نموونە وەک فــرەنســا)، زۆر ڕوون و ئاشکرایە. ڕۆڵی گوتاری سیاسی لە ساتەوەختی سەربەخۆییەوە، بە واتایەکی تر (سەرکەوتنی) ئەم گوتارە لەوەدایە توانیویەتی مەشرووعییەتی ئایدیۆلۆجی و سیاسی بێنێتە جێگەی گوتاری تیۆلۆجی (ئەو گوتارەی مەشرووعییەتی بە خەلیفە و سیستەمی خەلافەت دەدا).

هاشم ساڵح: بەڵام هەنووکە ئەم گوتارە بەلادا دێت و تێکوپێک دەشکێت، لە بەرامبەریشدا تێبینی گەڕانەوەی گوتاری کۆن (مەشرووعییەتی تیۆلۆجی) دەکەین کە ئەمیش لەلای خۆیەوە دوای ئەزموونی دە ساڵ بەرەو تێکشکان دەچێت؟

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ، بێگومان. هەنووکە ئەو گوتارەیە بەلادا دێت و لەبەریەک هەڵدەوەشێت، بەڵام ئەلتەرناتیڤەکەی ئامادە نییە. کاتێک لە هەندێ ولاتدا ڕووداوی خوێناوی ڕوو دەدات، دەبینین دەسەلاتی سیاسی بە توندی ســەرکــوتی دەکــات. پاشــان تۆزێک ملی بادەدات تا ئەو گــەردەلوولە دەنیــشــێتــەوە. دوای ئەوەی شــتــەکــان دەخــاتەوە ســەر ڕێگەی خــۆیان و سەرلەنوێ دەست دەکاتەوە بە پرسەی ئاساییکردنەوە، وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت. بەم جۆرە مەسەلەکان بەردەوام دەبن تا ڕووداوی خوێناوی تازەتر ڕوو دەدات.

بۆیە من وەک مێژوونووس و توێژەرێک تەئکید لەسەر گرینگی شیکاریی ڕەخنەیی دەکەمەوە لەسەر کێشەی دەوڵەت و کێشەی مەشرووعییەت و کێشەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تا ئێستاش وەکی پێویست لە ولاتانی ئێمەدا دروست نەبووە. کەوا دەڵێم مەبەستم هێرشکردنە سەر ئەو دەوڵەت و ڕێژیمانەی ئێستا نییە چونکە ئەمە ئەرکی من نییە، بگرە ئەرکی من ئەوەیە لە ڕێی میتۆدەکانی فەلسەفەی سیاسی و تیۆلۆجیای سیاسییەوە هەلومەرجی ئێستا شی بکەمەوە.

لێرەدا ئەم هەلە دەقۆزمەوە تا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە تێرمی (تیۆلۆجیای سیاسی) باو وەکی پێویست بەربلاو نییە، بۆیە  دەبێت بایەخی پێ بدەین، چونکە زۆر گرینگە بۆ حاڵیبوون لەوەی هەنووکە لەناو کۆمەڵگە ئیسلامی و عەرەبییەکاندا چی ڕوو دەدات. ئاقاری ئیسلامی هاوچەرخ، تیۆلۆجیای سیاسی بە گوتارێک پەردەپۆش دەکات گوایە گوتارێکی ئاینییە، بەڵام لە واقیعدا گوتارێکی سیاسی تەواو دنیاییە.

هاشم سالح: بەڵام خەڵکی نازانن چۆن چۆنی جیاوازی لە نێوان گوتاری سیاسی و گوتاری تیۆلۆجیدا بکەن، بۆیە دەکەونە دوای ئەو گوتار و دروشمانەی خۆیان دەدەنە پاڵ ئاین و لافی مەشرووعییەتی  لێ دەدەن. ئەمە لە کاتێکدا خۆی پرۆژەیەکی تەواو سیاسی، دەسەڵاتخوازی، مادییە.

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ، بێگومان. لێرەوە وەکی پێشتر باسم کرد، تێکەڵییەک لە خەیاڵدانی (تیۆلۆجی - سیاسی) جیهانی ئیسلامی هاوچەرخدا ڕوو دەدات. ئەمێستا ئەم جیهانە سەرلەبەر نوقمە لەناو ئەو خەیاڵدانەی باسمان لێ کرد. کارێکی گرانە کایەی تیۆلۆجی لە کایەی سیاسی بە عەلمانیکراو لە یەکتر جیا بکرێتەوە. ئەم لێک جیاکردنەوەیە لە ئەوروپادا ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام ئەم مەسەلەیە بەر لە شۆڕشی فەرەنسی وا نەبوو. فەزای ئەقڵانی سەدەکانی ناوەڕاست کە ئاین تێیدا تێکەڵ بە هەموو شتێک بووبوو یاخۆ هەموو شتێکی کۆنترۆڵ کردبوو، جیاوازە لەو فەزا ئەقڵانییەی قۆناغی مۆدێرنە. شیکردنەوەی مەسەلەکە بەم جۆرە تەنانەت لەلایەن ڕووناکبیرە موسڵمان و عەرەبەکانیشەوە ڕووی نەدا.

کەواتە دەبێت چی بەو جەماوەرە هەژارە بڵێین کە دەرگیری بەو ئایدیۆلۆجیایە کە بە میراتی بۆی ماوەتەوە و لەسەر باوەڕپێکردن و پەرستنی ڕاهاتووە؟ مەسەلەکە هەرچۆنێک بێت ئەوا لە دنیای ئێمەدا

پرۆسـەی عـەلمانیـیـەت و بـە عـەلمانیکردن ڕوو دەدات، تەنانەت بـە بێ ئەوەی هەسـتـیـشـی پـێ بکەین. بەڵگەش بۆ ئەمـە ئەوەیە کـە خـواسـتـی پێکهێنانی یەکەتییەکی نیشـتـمانی نەتەوەیی لەسـەر مـۆدێلی ئەوروپایی، بە تەواوی لە هوشـیـاری دەسـتـەجـەمـعـیدا جـێگەی ئایدیای یەکەتیی مـحـەمـەدی یاخـۆ ئیسلامی گرتووەتەوە (کە بریتییە لە ئایدیایەکی ئاخیرەتخوازی تیۆلۆجی، نەک ئایدیایەکی مێژیی بێت).

کێ ئێـسـتـا لە سـووریا یان مـیـسـر یاخـۆ عـێراق، خـەون بە گـەڕانەوەی خـەلافـەتی عوسـمـانی یان بە دروسـتکردنی یەکەتیـیـەکی ئیـسـلامـیـیـەوە دەبینێت؟ لەبەرامـــبـــەردا خـــەڵکانێکی زۆر هەن خـــەون بە دامـــەزراندنی یەکەتییەکی نەتەوەیی یان هەرێمایەتی هەندێک ناوچەی عەرەبییەوە دەبین. کەواتە بمانەوێت و نەمـانەوێت عـەلمانییـەت پرۆسـەیەکە و لە واقیـعی ئێـمـەدا ڕووی داوە. ئەمـەش تەنیـا نموونەیەکـە لەناو هەمـوو ئەو نموونـە زۆرانەی لە ئەژمـاردن نایەت. تەنانەت دەبینین عـەلمانیـیـەت زمـانیش دەگـرێتـەوە، بە سـەرجەم زاراوە و پێکهاتەکانییەوە. دیدگای ئاخیرەتخوازی (واتە ئاینی-تیۆلۆجی)، بە تەواوی ئاوا بووە و موسـڵـمـانە هاوچەرخـەکان نازانن ئاقاری ئاخـیـرەتخـوازی چی دەگـەیەنێت. لە سـەروبەندی ئەمـەدا ئایدیای یەکـەتی نیشـتـمـانی بـە تەواوەتی وەکی جۆرێک لـە ئاین یاخۆ تیـۆلۆجیـای زەمـینی، ڕۆڵی خۆی وازی دەکات.

ئەم پرۆسـە مێژووییە (مـەبەستم پرۆسـەی بەعەلمانیکردنە)، زۆر گرینگە و هەنووکە لە سـەرتاسەری جیـهانـی ئیسـلامی لە قۆناغی جێخـۆگرتنندایە. با دیاردەی گــەڕانەوەی گــوتاری (ئیــســلامـی) و ئەو دروشم و زاراوانـەی بە توندی دێنەوە ئارا چەواشـەت نەکەن، چونکە ئەم مەسـەلەیە شتـی زۆر قووڵتر و گرینگتری لەپشت خۆیەوە حـەشـار داوە. لەمڕۆدا عـەلمانییـەتی (فـیعلی و واقیعی) تەواوی کۆمـەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکانی گرتووەتەوە. بەڵام کەس دەرکی پێ نـاکـات و سـەرنجی ناداتێ، هـۆکـەشی زۆر ئـاسـانە، لـەبەرئەوەی

وەکی پێویست گوتاری شیکارگەری مۆدێرن، لە کایەی ڕۆشنبیری ئیسلامیدا لە ئارادا نییە.

هاشم سالّح: کەواتە عەلمانییەت لە کۆمەڵگەکانماندا بەردەوامە؟

محەمەد ئەرکۆن: بێگومان. من پێم وایە ئەمڕۆکە جیهانی ئیسلامی و، هەروەها عەرەبی، کەوتوونەتە ژێر باری هێزێکی عەلمانیی گەورەوە، بەڵام نازانین چۆن چۆنی، شرۆڤەی بکەن بەم جۆرە ناشتوانین ئەو پرۆسەیە ببینین. ئەمە بەوە دەچێت کە لە دەستپێکی گفتوگۆکەماندا لەبارەی "الطبري" باسم کرد. "الطبري" کاتێک دەیوت: (خوا دەفەرموێت). پاشان تەفسیری خۆی دەکرد وەک ئەوەی تەواو هاوشێوەی قسەی یەزدان یاخۆ مەبەستی یەزدان بێت، نەیدەزانی بێئاگایانە گەمە بە سیستەمە تیۆلۆجییەکان دەکات. چونکە بە لای "الطبري"یەوە چەمکی سیستەمی تیۆلۆجی بۆ خۆی بریتی بوو لە بیر لێ نەکراوە. "الطبري" سیستەمێکی هێرمینۆتیکی بەرهەم دەهێنا پێی وابوو تەنیا ئەوەی ئەو ڕاستە. بێ ئەوەی بزانێت لەوانەیە سیستەمی هێرمینۆتیکی و سیمۆلۆجی تر لە ئارادا بن کە بێگومان لە ئارادا بوون.

بە هەمان شێوە ئێمەش ئێستا لە جیهانی ئیسلامیدا دەژین کە لە قۆناغی بەعەلمانیبوونێکی بەرفراواندایە، بەبێ ئەوەی بتوانین لە چوارچێوە عەلمانییە پەتییەکەیدا ببینین. هەروەها بێ ئەوەی بتوانین ئەو پرۆسە جۆراوجۆرانە ببینین کە بە هۆیانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پرۆسەی عەلمانییەت و دنیاگەرایی بەرهەم دێن. پاشان چاومان دەنووقێنین، یان بڵێ ئەوان لە ڕێی ئەو تێرمە ئیسلامییانەوە کە ئەم پرۆسەی بە عەلمانیکردنەمان لێ دەشارێتەوە، چاوەکانمان پێ دادەخەن.

ئەوەی ئێستاکێ ڕوو دەدات وەهای نیشان دەدەن وەک ئەوەی ئاینی و ئیسلامی بێت. لە کاتێکدا لە ژێر پەردەی ئەم ئیسلامییەتەدا، پرۆسەی

بەعەلمانیکردنێکی زۆر بەرفراوانتر و تێکوپێکدەرتر ڕوو دەدات. کە دەڵێم بەرفراونتر و تێکوپێکدەرترە، لەبەر ئەوەیە:

یەکەم: ئەم پرۆسەیە تەواوی هەلومەرجە مادییە ئیجابییەکەی، بۆ موسڵمانان ڕوون و ئاشکرا نییە.

دووەم: جیهانە کۆنەکان تێکوپێک دەدات و لە جێگەیاندا جیهانی تازە دروست دەکات.

بەڵام بەهۆی نەبوونی لێکدانەوە و شیکردنەوەی زانستی وردەوە لە ناوجەرگەی کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا، ئەوا هیچ کەس ئاگای لە مەسەلەکان نییە و خۆمان لەناو پشێوی و ئاژاوەیەکی مەعنەوی تەواودا دەبینینەوە. دەڵێم پشێوییەکی مەعنەوی، دەکرا بشڵێم پشێوی و بێ سەروبەرییەکی سیمۆلۆجی. ئەم پشێووی و بێ سەروبەرییە تەنیا سیستەمی زمانی ناگرێتەوە، بگرە تەجاوزی ئەو سیستەمە دەکات و سەرجەم دیاردە و بوارەکانی ژیانی ئیسلامی دەگرێتەوە. هەر بۆ نموونە ئەوەتا سیستەمی تەلارسازی بەدەست ئەو پشێوییە مەعنەوییەوە دەناڵێنێت، لەبەرئەوەی دەبینین بینایەکی تازەی قەشەنگ و جوان بە تەنیشت بینایەکی کۆنی رووخاوەوەیە.

بە کورتی دەبینین کۆن تێکەڵ بە تازە بووە، بە شێوەیەکی بێ سەروبەرو نارێک لە ڕووی مەعنەوی و دەلالییەوە. بە نیسبەت جلوبەرگ و سیستەمی جل لەبەرکردنیشەوە هەمان شتە. لە یەک شەقامدا هەموو جۆرە جلوبەرگێک دەبینیت، لە تەقلیدی کۆنەوە بۆ تازەترین مۆدێلی ئەوروپایی. ئێستا ئێمە لە پشێوی و بێ سەروبەرییەکی مەعنەوی و سیمۆلۆجی بێوێنەدا دەژین. ئەمە بێ ئەوەی قسە لەبارەی ئەو پشێوی و بێسەروبەرییە زاراوەییەوە بکەم کە لە بواری زمان و نووسینی عەرەبیدا هەیە. توانای ئەوەمان نییە تەعبیر لە ئایدیایەک بکەین و دڵنیا بین لەوەی وەکی خۆی دەگاتە خوێنەران. ئەمەش بە

هۆی شـێـواندنی زۆری ئەم زمـانە و تێكدانی مـانا و دەلالـەتەكـانیـیـەوەیە، لەسـەر دەستی نووسـەرە هەڵەشـەكان. بەگشتی بۆشایی و كەموكورتییەک لە لێكۆڵینەوە و لـێكۆڵەرەوەكـان، لە فیـكر و بیـریاران، لە توێژینەوەی زانسـتی و توێژەرەواندا هەیە.

هاشـم سـاڵح: بێگومـان ئـەو ڕۆشنبـیـرە عـەرەبانەی توانای شـرۆڤـەكردن و لێكدانەوەی ورد و كـۆنترۆڵكردنی زاراوەكـانیـان هەیـە، تا ئێـسـتـاش ژمـارەیان كـەمـە. بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا كـێـشـەیـەكی تر هەیـە، ئەویش ئەوەیە دەنگ و سـەدای ئـەوانە لە ژێرەوەیـە یاخـۆ سـست و لاوازە، گـەر بـە دەنگی سـەلەفـیـیـە میانڕەوەكانی وەک "شێخ شەعراوی" بەراورد بكرێت. باس لەوە دەكرێت ئەم پیـاوە هەمـوو هەفتـەیەک جارێ لەسـەر تـەلەفزیۆنی مـیـسـر قـسـە دەكـات، بە شـێـوەیەک كـە دوورە لە زانست و مـێـژووەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا ملیـۆنان بینـەر بەلای خـۆیدا ڕادەكـێـشـێت. لە بەرامـبـەر دیاردەیەكی گـەورە و گـرانـی لەم جۆرەدا، توێژینەوەی زانسـتی و توێژەران دەتوانن چی بكەن و چ كاریگەرییەكیان دەبێت؟

محـەمـەد ئـەركـۆن: ئەم دیاردەیە لەم چەند سـاڵەی دواییدا بەدیار كەوت. "شێخ شەعراوی"ش لە گۆڕەپانەكەدا تەنیـا نییە، بگرە كەسانی تری وەک ئەو لە جـەزائیـر یان سـووریا یاخـۆ لـە توونس و سـوودان و، هتـد.. هـەن. هەتا ئێستاش ئەمـە شێوازی تەعبیركردنی كۆمەڵگەكانی ئێمە بووە لە خـۆیان، لەبەرئەوەی بێبـەشن لە فرەمـینبـەری لە قسـەكردن و لە ئاقارە فكرییەكاندا. دەسـەڵات لە كـۆمـەڵگەكـانی ئێمـەدا نـاچارە بەوەی گوێ لە تەنیـا یەک دەنگ بگرێت، لە پێناو سـەرخستن و دەسـتـەبەركردنی یەكـەتـی نیشـتمـانیدا. لای ئێـمـە یەكـە شت دەبێت گـوێی لێ بگیـرێت، دەنگی سـەرۆک یان ئەمـینداری

گشتی یاخۆ سەرکردە. دووەم دەنگیش دەبێت گوێی لێ بگیرێت ئەو دەنگەیە کە مەشرووعییەتی ئاینی دەکاتە بەر دەنگی ڕابەر و ئاقاری سیاسی، ئەمەش بۆ خۆی بریتییە لە دەنگی ئیسلامی ڕەسمیی میانڕەو، واتە دەنگی "شێخ شەعراوی" و نموونەکانی وەک ئەو لە وڵاتانی تردا.

بەڵام وەک پێشتر باسم لێ کرد، دەسەڵاتی سیاسی خۆیشی گرێ دراوە بە فەلسەفەیەکی سیاسی خوازراوەوە، نەک هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەکانی ئێمە تەواو وەک ئەو نەخۆشە وان کە بەر لە پشکنین و دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشییەکەی، چارەسەرەکەی بۆ دیاری دەکەن. بەم پێیەش مایەی سەرسوڕمان نییە کە ئاکامی چارەسەرکردنەکان کارەساتی لێ بکەوێتەوە.

هاشم ساڵح: بەڵام "شێخ شەعراوی" و کەسانی تر لەوانەی سەرکردایەتی ڕای گشتیی ئاینی دەکەن، لەناو کۆمەڵگەکانی خۆمان و بگرە لە هەناوی کۆمەڵگەکانمانەوە هاتوونەتە دەرەوە لە دەرەوە نەهێنراون و نەخواستراون!

محەمەد ئەرکۆن: چاکتر وایە بڵێین لە ناخی خەیاڵدانی کۆمەڵگەکانی خۆمانەوە هاتوونەتە دەرێ. پێویستە ئاگامان لە مەسەلەکە بێت. ئەوەی ئەوانە پێشکێشی دەکەن خەیاڵدانی کۆمەڵگەکانمانە، نەک مەعریفەیەکی ڕاستەقینە بێت بەو شتانە. ئەوان بەردەوام خەیاڵدانی ئەو جەماوەرە میللییە هەژارە پڕ دەکەن و یاری بە هەست و سۆز و ئارەزووەکانیان دەکەن. بەو پێیەش ئەمە خەیاڵدانی باڵادەست و سەردەستە لە ڕووی مێژووییەوە، ئەوا ڕێگە لەو دەنگانەی تر دەگرێت کە لەناو کۆمەڵگەکانی ئێمەدا هەن و قسە دەکەن، بەبێ ئەوەی کەس گوێی لێیان بێت و کەس دەنگیان ببیستێ. بۆ نموونە کێ لە میسر ناوی "سەید عویس"ی بیستووە؟ کەسانێکی زۆر کەم. ئەگەرچی "سەید عویس" سۆسیۆلۆجە و توێژەرێکی بە توانایە و چەندین لێکۆڵینەوەو شیکاری جوان و ڕاست و دروستی لەسەر کۆمەڵگەی میسری

پێـشکێش کـردووە.. بەڵام وەک ئەوە وایە لـە بیـاباندا هـاوار بکات و کـەس گوێی لێ نەبێت. ئـەو خـاوەنی ئەو ئامـرازە سـیـحرییـەی ڕاگەیاندن نییـە کە "شێخ شەعراوی" و کەسانی تر خاوەنیەتی. هۆکەشی ئەوەیە گوتاری ئەو بە ئاقـاری ئایدیۆلۆجیـای ڕەسمی و گوتاری ڕەسـمیدا نـاڕوات. ئەمـەش مـانای ئەوە نیـیـە نەتەوەیی یان نیـشـتـمـانی نەبێت! بە پێـچـەوانەوە، ئەو بۆ خـۆی نەتەوەییـیـەکی مـیـسرییـە و شـانازییـەکی زۆر بە وڵاتەکـەیەوە دەکات. بەڵام پەراوێز خراوە و گۆشەگیر کراوە.

هـاشـم سـاڵح: پاش ئەوە گـفـتوگـۆکـەمـان گـەیشـتـە ئـەم ئاسـتـە دەمەوێت لێت بپرسم، پێشنیازی چی دەکەیت بۆ چارەسەرکردنی ئەو پەتا و گـیروگرفـتـانەی ئێسـتـا لە کۆمـەڵگە عـەرەبییـەکاندا بە گشتی و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی هەیە؟

مـحەمـەد ئەرکۆن: وەک پێشـتـر باسم کرد، چارەسـەر ئـەوەیە بە شێـوازی نوێ مێژووی ئاینەکان و ئەنسرۆپۆلۆجیای ئاینی بخوێنین و بە یەکجاری واز لەوە بێنین، مـافی قسـەکردن لە فەزای مـەدەنی گشـتی کۆمـەڵگەدا بدەینە ئەو گـوتـارە تەقلیـدییـە تایفـەگەرییـەی، وەهـا خـۆی دەردەخـات وەک ئەوەی تـاکە هەقـیـقـەت بێت! ئەمـە مـانای ئەوە ناگـەیـەنێ ئێـمـە داوای ئەوە بکەین یان ڕێگـیـری لـە خــەڵک بکرێت، تا ڕێوڕەسـم و سـرووتی ئاینـی ئەنجـام نەدەن! ئاگات لەوە بێت، ئـەمـە شـتێکی نەشـیـاو و نابەجـێیـە. ئەوەی داوای دەکەین هـاوشـێوەی ئەوەیە بۆ نموونە کە لە فرەنسـادا ڕووی دا، دوای ئەوەی کڵێـسـا و دەوڵەت لە یەکتری جیاکرانەوە.

هـاشـم سـاڵح: کەواتە ئـەوەی بە عەلمانییـەتی پەڕگیر ناوی دەبەین ئیجابی و بەسـوود بووە، سـەرەڕای هـەمـوو کەمـوکوڕییـەکی و ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی دەکەیت؟

محەمەد ئەركۆن: بێگومان. كێ وتوویەتی ئیجابی نییە؟! جیاكردنەوەی یاسایی نێوان كڵێسا و دەوڵەت (یاخۆ نێوان مزگەت و دەوڵەت)، شتێكی چاك و پێویستە. فەزای مەدەنیی كۆمەڵگە دەبێت بۆ تەواوی هاووڵاتیان بێت، بێ هیچ جیاوازی و جیاكارییەك لە نێوانیاندا، ئیتر هەڵگری هەر بیروباوەڕێكی ئاینی بن، كەمینە بن یان زۆرینە، مەسیحی بن یاخۆ ئیسلام. ئەمە شتێكی پێویستە و زۆر گرینگە. عەلمانییەتیش بەم مانایە ڕەوایە و ئەركێكی بەجێیە.

لە كۆمەڵگەی مۆدێرنی بەعەلمانیكراودا هیچ هاووڵاتییەك مافی ئەوەی نییە خۆی لە هاووڵاتییەكی تر بە باشتر بزانێت، لەبەر هۆیەكی سادە و ساكاری وەك ئەوەی سەر بە ئاینی زۆرینەیە یان ئاینزای زۆرینەیە! گەر ئەمە ڕاست بێت ئەوا "میشال ڕۆكار"ی سەرەك وەزیرانی ئێستای فەرەنسا مافی ئەوەی نەبوو، جگە لە بەڕێوەبەری ناوچەیەك لە فەرەنسا زیاتر شتێكی تر بێت، لەبەرئەوەی "ڕۆكار" پرۆتستانتییە و زۆربەی زۆری فەرەنساش كاتۆلیكین. یاخۆ "لیۆنیل جۆسپان" كە گەورەترین وەزیرە لە حكوومەتەكەی "ڕۆكار"دا مافی لەوە زیاتری نەدەبوو بەڕێوەبەری زانكۆیەك بێت، لەبەرئەوەی ئەویش بە هەمان شێوە پرۆتستانتییە. ئەم قسەیە "پییەر چۆكس"ی.. وەزیری ناوەخۆی بەڵام ئەوەی مایەی خۆشبەختییە ئەوەیە فەرەنساییەكان ئەم جۆرە بیركردنەوەیان تێپەڕاندووە، ئەگەرچی لە دوای ماندووبوون و چەرمەسەرییەكی دوور و درێژیش بێت.

ئێوەش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانن ئەو شتانە تێپەڕێنن، گەر هاتوو ڕێگەی ڕۆشنگەری و ڕێنیسانسێكی ڕاستەقینە و دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی مۆدێرنتان گرتەبەر. ئەمە مانای وایە عەلمانییەت قەڵەمبازێك و وەرگۆڕانێكی چۆنایەتییە لە مێژووی كۆمەڵگە مرۆڤایەتییەكاندا. ئەوە عەلمانییەت بوو مرۆڤایەتی لە فەزای ئەقڵانی

سەدەکانی ناوەڕاستەوە، گواستەوە بۆ ناو فەزایەکی ئەقڵانی پێشکەوتوو و مۆدێرن. بۆ خۆشت دەبینیت چۆن هاووڵاتییانی فرەنسی لە سایەیدا حەساونەتەوە و بووەتە مایەی ئاسوودەیی تاکەکەس و خێر و خۆشیی تەواوی کۆمەڵگە.

دەوڵەتی عەلمانی مۆدێرن کە ڕێ نادات فەزای گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەوێتە بەر شالاو و گوتاری ئایدیۆلۆجی ئاینی، کارێکی ڕاست و دروستی کردووە. چونکە گوتاری ئایدیۆلۆجی و تەقلیدیی تەبشیری، دەکرێت لەناو خێزان یاخۆ لە مزگەوت یان کڵێسادا پەخش بکرێت. هەموو ئەمانە ڕەوان و ڕێگرییان لێ ناکرێت، لەبەرئەوەی عەلمانییەت بە مانای سڕینەوە و لەناوبردنی ئاین نایەت یاخۆ ڕێگە نەدرێت بەوەی خەڵک مومارەسەی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی خۆی بکات. گەر کار بەم جۆرە بێت، ئەوا ئێمە یەکەم کەسین کە لە دژی ڕادەوەستین و ڕووبەڕووی دەبینەوە. سەیری (پاریس) بکە دەبینیت موسڵمان دەتوانێت ڕێوڕەسمەکانی خۆی لە مزگەوتدا بە ئەنجام بگەیەنێت، هەروەها مەسیحی لە کڵێسادا و یەهوودی لە کنێس و بووزی لە پەرستگادا و.. هتد. بەڵام کەس زۆر لە کەس ناکات بەو کارانە هەستێ، گەر خۆی ئارەزووی لێی نەبێت. بەم جۆرە موسڵمانێکی فرەنسی هەمان ئەو مافانەی هەیە کە کاتۆلۆکییەکی فرەنسی هەیەتی، ئەگەرچی کاتۆلیکییەت لە دێرزەمانەوە ئاینزای زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتەیە.

بەڵام مافی ئەوە نادرێتە هیچ کەس بۆ ئەوەی، فەزای کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی یاخۆ ئاینەکەی بەکار بهێنێت (بۆ نموونە وەک ئەوەی تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ یان قوتابخانەی گشتی و.. هتد، بۆ ئەو کارە بەکار بهێنێت)، چونکە ئەمە پشێوی دروست دەکات و دەبێتە مایەی کێشەی تایفەگەری. ئەم کارەش بە هەموو جۆرێک قەدەغەیە. بەم جۆرە فرەنسا دەتوانێ پارێزگاری لە بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات. بە واتایەکی تر، پێویستە فەزای گشتی کۆمەڵگە تایبەت بێت بە فێرکردن و خوێندنی

مـێژووی ئاینەکان و ئـەنسرۆپۆلۆجیـای ئاینی و زانستـی هێرمـینۆتیکای مۆدێرن..

هاشم ساڵح: ئەی چی لە کۆلێجەکانی شەریعەت دەکەیت؟

مـحەمـەد ئەرکـۆن: دەبێت کـۆلێجـەکـانی شـەریعـەت و (تەواوی پـەیمانگە ئاینیـیە تەقلیدییـەکان)، ڕێچکە و شـێوازی خـۆیان بگـۆڕن، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. وەک چۆن پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی کاتۆلیکی لە فرەنسا ڕۆڵی خـۆی دەگـێـڕێت، هاوکـات وەک چۆن پەیمانـگەی تیـۆلـۆجی پرۆتسـتـانـتی لە سـتـراسـبـۆرگ کـاری خـۆی دەکـات. هـەمـان شت بە نیـسـبـەت پەیمانگە هاوشێوەکانی تر لە ئینگلتەرا و ئەڵمانیا و.. هتد.

بچـۆرە ئەم پەیمانـگەیانە و سـەیری پەیڕەو و پرۆگـرامـەکـانیـان بکە، تا جیـاوازی نێوان ئەمـان و کـۆلێجـەکانی شـەریعـەت لای خـۆمـان ببـینیت. بۆ نموونـە بڕوانە پرۆگـرامی خـوێندنی تـایبـەت بە پەیمانگەی تیـۆلـۆجـیـای کـاتۆلیکی لە سـتـراسـبـۆرگ. ئەمـە پەیمانگەیەکـە دەوڵەتی فـرەنسی خـۆی سـەرپـەرشـتی دەکـات و بڕوانامـەی زانکـۆیی دەدات بە خـوێنـدکـاران، وەک ئەوەی لـە تەواوی کــۆلێـج و زانکـۆکــانی تری فــرەنســادا بـەڕێوە دەچێت. خوێندنیش لەم پەیمانگەیەدا بە شێوەیەکی عەلمانی بەڕێوە دەچێت.

هاشم سـاڵح: جـا بە ئـەقـڵـدا دەچێت ئاینەکـان بە شـێـوەیەکی عەلمانی بخوێندرێن و بوترێتەوە؟!

مـحەمـەد ئەرکۆن: بێگومـان! خـوێندنێکی عـەلمانیمان هەیە بۆ تیۆلـۆجیا و مـێـژووی ئاینەکـان و فـیکری ئاینـی کە بـەرامـبـەر بە خـوێندنـی تەقلیـدی و ئیـمـانـی ئایدیۆلۆجـیـیە و ئەمـەش چاکـترین مـانای عـەلمانیـیـەتە. من لای خـۆمـەوە داوای دامـەزراندنی پەیمانگەیـەکی تیۆلۆجیـای ئیـسلامی دەکەم لە فـرەنسـا، وەک هەمـوو ئەو پـەیمانگەیانـەی باس کـران. ئەم پەیمانـگەیە گـەر

دامەزرا، ئەوا مامۆستایانی زانکۆ و توێژەر و پسپۆڕ لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بە هەموو بەشەکانییەوە، سەرپەرشتی دەکەن و لەلایەن شێخ و پیاوانی ئایینییەوە بەڕێوە نابرێت. لەبەرئەوەی ئەوانە تەنیا لە مزگەوتەکان و ئەو پەیمانگەیانە بەرپرسیارن کە سەر بە مزگەوتەکانن. بۆ نموونە مزگەوتی (پاریس) و ئەو پەیمانگە ئیسلامییەی سەر بەوە ڕۆڵی تایبەتی خۆی بەرامبەر بە تایەفەیەک دەگێڕێت، ئەمەش بۆ خۆی شتێکی گرینگ و پێویستە. بەڵام ئەو پەیمانگەیەی من داوای دامەزراندنی دەکەم تەواو جیاوازە. ئەوە پەیمانگەیەک دەبێت بۆ توێژینەوەی زانستی و مێژوویی لەبارەی ئیسلام، وەکی هەر پەیمانگەیەکی تر بۆ توێژینەوەی زانستی لە جیهاندا.

مامۆستای تایبەتیش دادەمەزرێن وەک چۆن مامۆستایانی زانکۆی فرەنسی لە کۆلێجەکانی کۆمەڵناسی یان مێژوو یاخۆ ئەنسرۆپۆلۆجیا یان دەروونناسی و.. هتد، دادەمەزرێن. بە پێی هەمان پێودانگی لێهاتوویی و شارەزایی ئەوان. ئا ئەمەیە مانای دەوڵەتی عەلمانی پلۆرالیزمی. دەوڵەتی عەلمانی ڕێزی جیاوازییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگرێت و مافی ئازادی ڕادەربڕین بۆ هەموو ئەندامەکانی دەستەبەر دەکات. بە مەرجێک وەها ئازادییەک نەبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی هۆکاری پشێوی و ئاژاوە لەناو کۆمەڵگەدا.

دەوڵەت پابەندە بە یارمەتیدانی هەر دەزگایەکی زانستی (پەیمانگە بێت یان زانکۆ)، لە چوارچێوەیەکدا بەڵێنی ئەوە بدات ڕێزی گوتاری زانستی عەلمانی بگرێت سەبارەت بە ئاین و مەرجی بوون و بڵاوبوونەوەی بۆ مسۆگەر بکات. کەواتە هەموو ئەوەی من داوای دەکەم بۆ ڕاستکردنەوەی عەلمانییەت لە فرەنسادا، ئەوەیە خوێندنی مێژووی ئاینەکان داخڵ بە بەرنامەی خوێندنی ئامادەییەکان و زانکۆکانی ئەوێ بکرێت. لەو ڕووەوەی ئاینەکان سیستەمی کولتووری مەزنن و بە درێژایی چەندین سەدە کاریگەرییان

لەسەر مرۆڤی ئەوروپایی هەبووە.

ئەو کات دەکرێت مامۆستایان تێکستە کلاسیکییەکانی ئەدەبی فرەنسی بۆ خوێندکارەکانیان باس بکەن و لێکی بدەنەوە. هەمــوو ئەوەشی داوای دەکەم لە پێناو هێنانی عەلمانییەتێکی ڕاست و دروستدایە بۆ ناو کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان و برێتییە لە لابردن و دەستکاریکردنی ئەو پرۆگرامی خوێندنە تەقلیدییە و لابردنی ئەو شێوازە نامێژوویی و ئایدیۆلۆجییە تەبشیرییەی، لە خوێندنگە گشتییەکاندا ئاینی پێ دەخوێنرێت. لە بری ئەوە مێژووی ئاینەکان و ئەنسرۆپۆلۆجیای ئاینی لە جێگەیان دابنرێت.

پاشان دەبێت مێژووی سیستەمە تیۆلۆجییەکان وەها بوترێتەوە کە سیستەمی کولتوورین، نەک سیستەمێک بن لە ڕاستی ڕەها و هەریەک ئەوی تر ڕەت بکاتەوە. ئەمەش ئەو شتەیە هەر لە منداڵییەوە خۆی بەسەر منداڵی موسڵمان یان مەسیحی یاخۆ یەهوودی و بووزیدا فەرز دەکات، کاتێک توانای ئەوەی نییە بە شێوەیەکی زانستی ڕووبەڕووی بێتەوە. ئەم پرۆسەیە ڕۆحی تایفەگەری جۆش دەدات و بەردەوامیش دووبەرەکی و دابەشبوون لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا دروست دەکات.

پێشتر باسم کرد و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، خوێندنی ئاین بە شێوە تەقلیدییەکەی دەکرێت لە چوارچێوەی داوودەزگا تایبەتەکان و پەرستگاکاندا بەڕێوە بچێت، نەک لەناو فەزای گشتیی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. لەبەرئەوەی ئەم فەزایە بۆ هەموو کەسێکە، بەبێ گوێدانە ئەوەی سەر بە چ تایەفە و ئاینزایەکە. لەسەر دەوڵەتیش پێویستە بەهەر شێوەیەک بووە پارێزگاری لەم فەزایە بکات، چونکە بەرژەوەندی نەتەوە (وەک تاکە کەس وەک گرووپ)، لەمەدایە.

بۆ ئەمەش پێویستە لە یەک کاتدا هەستین بە لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی

مێژووی تیۆلۆجیای یەهوودی و مەسیحی و ئیسلامی، بۆ ئەوەی بزانین ئەم تیۆلۆجیایانە لە ڕووی مێژووییەوە چۆن دروست بوون؟ چۆن ڕۆڵی خۆیان دەبینن و چۆن چۆنی ئەقڵی تیۆلۆجی بەڕۆڵی خۆی هەڵدەستێت؟

وەک دەزانیت ئەمــە ئەو کــارەیە من لە کــاتی وتنەوەی وانەکــانمدا لە (سۆربۆن)، ئەنجامی دەدەن. هەندێک جار ئەو لێکچەرانەی من پێشکێشی دەکەم، خەڵکانێک ئامادەی دەبن سەر بە ئاینی جیاجیای وەک (مەسیحییەت و یەهوودین). دوای موحـازەرەکەش کەس نایەت پێم بڵێت، تۆ لایەنگیری ئیسلامت کردووە لە دژی ئەم ئاینانە. پێویستە لەسەر مێژوونووس (بە تایبەت مێژوونووسی مێژووی ئاینەکان)، بە شێوەیەکی پسپۆڕانە و بابەتییانە کاری خۆی جێبەجێ بکات. دەبێت توانای ئەوەی هەبێت مەسافەیەک لە نێوان خۆی و ئارەزووی شەخسی و ئەو بیرو بڕوایەدا بهێڵێتەوە کە لە منداڵییەوە لە سەری پەروەردە بووە، گەرنا ئەوا با بچێت گوتاری ئاینی خۆی یان پەند و ئامۆژگاری چاک پێشکێش بکات. بەڵام ئەوکات لەوە دەکەوێت ببێتە مێژوونووسێک یاخۆ توێژەرێک.

من ناڵێم با خوێندنی ئایدیۆلۆجی سیستەمە ئایدیۆلۆجی و ئاینییەکان لاببرێن، بەڵام دەڵێم با لە کۆمەڵگەکانماندا لە ڕێی کردنەوەی پەیمانگە و کۆلێجەکانەوە بۆ سۆسیۆلۆجیای ئاینەکان و مێژووی بەراوردکاری ئاینەکان و ئەنسرۆپۆلۆجیای ئاینییەوە، هاوسەنگییەک دروست بکرێت. ئەم کارەش خێری زۆری بۆ هەموو لایەک تێدایە، بۆ زانست و بۆ ئاین بۆ کۆمەڵگە. بە بڕوای من چارەسەر لەمەدایە. ئەمەش بریتییە لە (عەلمانییەت) بەمانای پڕوپڕی وشەکە. نەک مانای ئەوە بێت ئاین یاخۆ ئیمان نەهێڵێت، وەکی ئەوەی هەندێک مەزندەی دەکەن! بە پێچەوانەوە، عەلمانییەت گرینگییەکی زۆر بە ڕەهەندی ڕۆحی و ئاینی مرۆڤ دەدات.

جیاوازی نێوان ئەم عەلمانییەتە و فەلسەفەی پۆزەتڤستی و عەلمانییەتی ڕادیکال (کە لە سەدەی نۆزدەمدا باو بووە و تا ئێستاش لەلایەن هەندێک

عەلمانی توندڕۆوە پەیڕەو دەكرێت)، لێرەدایە. ئەم بەریانە بە شێوەیەكی تەواو ئەوە ڕەت دەكەنەوە كە مەسەلەی ڕەهەندی ئاینی لای مرۆڤ لە بەرچاو بگرن، تەنانەت ڕێگەش بەوە نادەن قسەی لێوە بكرێت. من لای خۆمەوە عەلمانییەت بەم جۆرە پێناسە دەكەم: (عەلمانییەت بریتییە لە هەڵوێستێكی ئازاد و كراوەی ڕۆح لە بەرامبەر كێشەی مەعریفەدا). نابێت هیچ شتێك ببێتە لەمپەر لە نێوان مرۆڤ و كەشفكردنی شتە نادیارە مادییەكان یان ڕۆحییەكانی بوون. بە ڕای من ئەمەش عەلمانییەتێكی ئیجابییە كە مرۆڤ بە هەردوو لایەنی ڕۆحی و مادییەوە قبووڵ دەكات، بەبێ ئەوەی ڕەهەندێك لە ڕەهەندەكانی كار بكاتە سەر ڕەهەندێكی تر.

مادامەكی تا ئێستاش لوبنان و (غەیری لوبنانیش) ئەم عەلمانییەتە ئیجابییە كارایەیان وەرنەگرتووە (نەك عەلمانییەتی سلبی)، ئەوا چارەسەرێكی ڕیشەیی هەمیشەیی بۆ كێشە تراجیدییەكانی خۆیان نادۆزنەوە. مەبەستم لە عەلمانییەتی سلبی هەڵوێستی ئەوانەیە كە دەڵێن: (باشە با هەریەكە لە ئێمە بە داخراوی لەسەر ئاین و ئاینزای خۆی بمێنێتەوە و واز لەو مەسەلانە بهێنین كە لێكمان دوور دەخەنەوە و تەفرەقەمان لەناودا دروست دەكەن. لە بری ئەوانە با تەنیا باس لەو مەسەلانە بكەین كە لێكترمان نزیك دەخەنەوە، وەك مەسەلەی ئابووری و بازرگانی و كشتوكاڵ و.. هتد). بە مانایەكی تر مەبەستیانە بڵێن: (ئاین بۆ یەزدان و نیشتمانیش بۆ هەمووان).

بەڵام ئەفسووس ئەم دروشمە جوانە كێشەكان چارەسەر ناكات، بگرە شێوە خۆدزینەوەیەكە لە بەردەم كێشە سەرەكییەكان و نەبوونی جورئەتە لە ڕووبەڕووبوونەوەیان. چونكە ئاین بە تەنیا هی یەزدان نییە، بگرە لەسەر شەقام و لە ناخی تاكە كەس و كۆمەڵدا ئامادەیی هەیە.

مادامەكی ڕۆشنبیرانی عەرەب توانای خستنەڕووی چارەسەرێكی تریان نییە و ناتوانن ئەسڵی مەبەست بپێكن و بچنە ناو جەوهەری بابەتەكە، ئەوا

بەردەوام لەم مەسەلەیە ڕا دەکەن. هاوکات هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەو تێڕوانینە ترادسیۆنییە تەقلیدییە نادەن بۆ ئاین و ڕێگەیەکی نوێی عەرەبی – ئیسلامی و عەرەبی – مەسیحی ناکەنەوە بۆ عەلمانییەتێکی ئیجابی، بۆیە من بۆ خۆم ئاسۆی هیچ چارەسەرێکی گونجاو و لەبار بەدی ناکەم. ئەمە ئەو ئەرکە مەزنەیە لە سالانی ئایندەدا بەرەو ڕووی فیکری عەرەبی دەبێتەوە. لە ساتەوەختی ئێستاشدا هیچ ئەرکێک لەوە بە گەورەتر نابینم.

ئەو عەلمانییەتەی بانگەشەی بۆ دەکەم بریتییە لەو عەلمانییەتە ئیجابی و کارایەی مانای هەماهەنگی کولتووری و بەرپرسیاریێتی فکری دەگەیەنێت. من لە چارەسەرکردنی کێشە تاقەتپڕووکێن و قورسەکان سڵ ناکەمەوە، بەڵام بەجۆرێک چارەسەری دەکەم ڕێگە بە خۆم نەدەم، ئاینزایەک لە دژی ئاینزایەکی تر یاخۆ ئاینێک لە دژی ئاینێکی تر هەڵبژێرم. لەبەرئەوەی من دەمەوێت لە بنیاتی ئەقڵی ئاینی و شێوازی کارکردنی ئەقڵی ئاینی و وەزیفەکانی بکۆڵمەوە، هەرچی جەوهەری ئاین و ئاینزاکانە وەک خۆیان بە لامەوە گرینگ نین. ڕەنگە لە جەوهەر و وردەکارییەکاندا جیاواز بن، بەڵام میکانیزمەکان یەک شتن.

هاشم سالح: ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی بە لای تۆوە گرینگە، تاوتوێکردنی میکانیزمەکانی ئەقڵی تیۆلۆجییە..

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ، ئەوەی بە لای منەوە گرینگە لێکۆڵینەوەیە لەو میکانیزمە ئەقلانییەی بووەتە مایەی بەرهەمهێنانی ئەم سیستەمە تیۆلۆجی و عەقائدییە جیاجیایانە. هاوکات گرینگیش بە باس و لێکۆڵینەوەی میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانیش دەدەم کە ئەم سیستەمە ئایدیۆلۆجییانە لە پێناو ئامانجی دەسەڵاتخوازیدا بەکاری دەهێنن. بە واتایەکی تر، کاری من لێکۆڵینەوەیە لە میکانیزمەکانی لێکترازان و دابڕانی نێوان (تیۆلۆجی و/ سیاسی) و گەڕانە بە دوای کاریگەری هەریەک لەم دووانە لەسەر یەکتری.

ئەمەش ئەو عەلمانییەتە ئیجابییەیە، هەوڵی ئاشتی دەدات لە نێوان ئاینەکان و ئاینزا و گرووپە دینییە جیاجیاکاندا.

بەڵام ئەم هەڵوێستە عەلمانییە بەرفراوان و کراوەیە وەدەستهێنانی زۆر گرانە، چونکە پێویستی بە تێکوپێکدان و ڕووخاندنی ئەو دیوار و بەربەستانە هەیە سەردەمانێکی زۆر مرۆڤیان کۆنترۆڵ کردبوو، هەروەها ڕۆژگارێکی زۆریش خەڵکانی یەک نیشتمانیان لە یەکتری نامۆ کردبوو، لێکیان جیا کردبوونەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەوڵی لەناوبردنی (کتێبە ڕەشەکان) بدرێت کە تۆ لە پرسیارە سەرەکییەکەتدا باست لێ کرد. ئەو کتێبانەی لە هەلومەرجی ئێستادا ئاگرەکە خۆشتر دەکەن.. ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی پڕن لە هەڵە و هەڵەی مێژوویی و لە ڕووی زانستییەوە نرخێکی ئەوتۆیان نییە. پێویستە هەوڵی قەڵاچۆکردنیان بدرێت، نەک وەڵام بدرێنەوە (چونکە شایەنی هیچ وەڵامدانەوەیەک نین)، بگرە دەبێت لەڕێی زیاترکردنی بڵاوکراوە مێژوویی و مەنهەجییەکانەوە لەبارەی پێوەندی نێوان (ئاین و کۆمەڵگە و مێژوو)ەوە. ئەو کارە بکرێت ڕەنگە لەم ڕووەوە پێویست بەوەش بکات، لێکۆڵینەوەیەکی گەورە سەبارەت بە چۆنییەتی سەرهەڵدانی سەرجەم قوتابخانە و ئاینزا ئیسلامییەکان بکەین لە سەردەمی کلاسیکیدا. بە واتایەکی تر لەوە بکۆڵینەوە چۆن چۆنی ئەو ئاینزایانە پەرەیان سەندووە و بەردەوام بوون، تا گەیشتووە بە ئێمە. ئازادی بەدی نایەت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە دەستمان بە کەشفکردنی ساتەوەختی سەرەتا و بنەڕەتی کرد و مەسەلەکەمان لە چوارچێوەی دیدگایەکی مێژوویی ماوە درێژدا خستە ڕوو، وەک پێشتر باسمان کرد.

هەرچی لێکۆڵینەوە سیاسییە ڕووکەشەکانە، ئەوە لە ماوەی مێژووی بیست ساڵ یان سی ساڵدا باس لە مەسەلەکە دەکەن و پێیان وایە ئەمە فیتی هێزە دەرەکییەکانە، هیچ چارەسەر ناکەن، بگرە ئەو کارە دەبێتە کۆسپ و ڕێگر لە بەردەم چارەسەرکردنیدا.

چارەسەر بە بڵاوکردنەوەی باس و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ڕۆشنبیرکردنی خەڵک و ڕاهێنانیان لەسەر لۆجیکی تازەی فیکر دەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن لەو جۆرە هەڵوێستە کراوەیە تێبگەن. مادامەکیش کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان نەوەکانی خۆیان بەو جۆرە فێر نەکردووە و بەو ئاراستەیەی من هێڵە پان و بەرینەکانیم بۆ دەستنیشان کردی، ڕۆشنبیریی نەکردووە، ئەوا شەڕی تایفەگەری و مەزهەبگەرایی بەردەوام دەبێت. بەڵام ئەفسووس، کۆمەڵگەکانمان تا ئێستاش لە مانای عەلمانییەتی ئیجابی و سوودەکانی بێ ئاگان. زۆربەی موسڵمانان تا ئێستاش وەک شتێکی نێگەتیڤ و ڕووخێنەر، سەیری عەلمانییەت دەکەن.

هاشم ساڵح: پێیان وایە عەلمانییەت ئامانجی لەناوبردنی ئاینە!

محەمەد ئەرکۆن: بەڵێ بڕوایان وایە، ئەمەش لە بنەڕەتەوە قەناعەتێکی هەڵەیە. عەلمانییەت بە پێی ئەو مانایەی واتە مەبەستمە زۆر سوورە لەسەر ڕەهەندی ڕۆحی و ئاینیی مرۆڤ و لە جێگەی شیاو و ڕاست و دروستیی خۆیدا دایان دەنێت. ڕێگە نادات سیاسەتمەداران و بازرگانەکان، بۆ ئامانجی ناپاک و خراپەکاری بەکاریان بهێنن.

عەلمانییەت بایەخ بە هەموو پلەوپایە ڕۆحییە بەرز و باڵاکانی ئیسلام دەدات. بۆ زیاد لە سی ساڵ دەچێت من لە سۆربۆن وانە دەڵێمەوە و ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری موسڵمان و عەرەب گوێبیستی لێکچەرەکانم بوون، هەندێک لەوانە سەبارەت بە تێگەیشتن لە کەلەپوور گۆڕانێکی تەواویان بەسەردا هاتووە و هەندێکی تر گۆڕانێکی مامناوەندی، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بەرەنجامەکانی دڵخۆشکەرن. تۆ بیر بکەرەوە لەوەی ئەم وانەیەی من دەیڵێمەوە (لەبارەی مێژووی فیکری ئیسلامی و ئەنترۆپۆلۆجیای ئاینی)یەوە، لە هەموو زانکۆکانی وڵاتە عەرەبییەکاندا بوترێتەوە چی ڕوو دەدات؟

هاشم سالّح: شۆڕشێکی ڕاستەقینە ڕوو دەدات..

محەمەد ئەرکۆن: بە داخەوە، ئەوەی لە وڵاتەکانماندا لە دوای سەربەخۆبوونەوە ڕووی دا، تەواو بەپێچەوانەوە بوو. بۆ نموونە لە جەزائیردا تا ئێستا ئیسلام لە چوارچێوەی دیدگایەکی تەقلیدییەوە دەوترێتەوە، دیدگایەکی تەفرەقەخوازی – تائیفی.

هاشم سالّح: بەڵام لە جەزائیردا تەنیا یەک ئاین هەیە؟

محەمەد ئەرکۆن: مەبەستم دابەشبوونی ناو کۆمەڵگە نییە، بگرە مەبەستم دابەشبوونە بەرامبەر بەوانی تر. سەیرکردنی (بەرامبەر) ئیتر ئەو بەرامبەرە مەسیحی بێت یان یەهوودی یاخۆ بوودی یان تەنانەت مارکسی، سەیرکردنێکی ترسناک و تۆقێنەرە. ئەمەش بەراورد بکە بە حاڵی تەواو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان. ئەڵبەتە ئەم دیدگا ترسناکەی سەدەکانی ناوەڕاست لەو وڵاتانەدا کە فرەئاین و فرەمەزهەبن زۆر مەترسیدارترە. بەتایبەت لە لوبنان و سووریا و عێراق و میسر و فەڵەستین و.. هتد. لەم هەلومەرجەدا خوێندنی پەروەردەی ئاینی بە شێوە تەقلیدییەکەی، بە فیعلی وەک بەنزین کردنە بە ئاگردا.

گەر عەلمانییەتێکی ئیجابی نەیەتە ناو ئەم کۆمەڵگەیانە و ڕەگوڕیشەی خۆی بە قووڵی لەسەر زەمینی ئەوان دانەکوتێ، گەر چەندین کۆلێجی بۆ خوێندنی مێژووی ئاینی بەراوردکاری و ئەنترۆپۆلۆجیای ئاینی نەکرێتەوە و هاوسەنگییەک لەگەڵ کۆلێجەکانی شەریعەت و پەیمانگە تەقلیدییەکاندا دروست نەکرێت، ئەوا من لای خۆمەوە هیچ ئاسۆیەک بۆ ڕزگاربوون بەدی ناکەم. ڕەنگە مەسەلەکان ساڵێک یان دوو ساڵ یاخۆ دە ساڵ هێور ببنەوە، بەڵام سەرلەنوێ فیتنە و ئاشووب و نائارامی سەرهەڵ دەداتەوە..

٣

# عەلمانییەت و ئیسلام

ئەتاتورک وەک نموونەیەک

هەرچی نموونەی تورکیا و ئەتاتورکە ئەوە دەهێنێت لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی لە بارەوە بکرێت.. لە ڕۆئاوا حوکمێکی پێشوەختی ئیجاب نەک سلبی بەرامبەر تورکیا هەیە، لەبەرئەوەی پێش سەرجەم وڵاتانی جیهانی ئیسلامی کەوتووە و پشتیش بە یەکێک لە بەها سەرەکییەکانی ئەوروپا و ڕۆئاوا دەبەستێت: مەبەستم بەها (عەلمانییەتە). ئەمە لە کاتێکدا کە وڵاتانی تری جیهانی ئیسلامی لە ستانییەت بەدوورن و تا ئێستاش بە ڕووی پێشکەوتنی بیرو بۆچوون و داوودەزگاکاندا داخراون! بە شێوەیەکی گشتی ئەمە ئەو حەساسێتە کولتووری و وێنە باوەیە (ئیتر ئاشکرا بێت یان شاردراوە) کە لە ئەوروپادا سەبارەت بە تورکیا لە ئارادایە.

ئەمە دەڵێم لە کاتێکدا ئێمە دەزانین ئیستاکێ ناوبەناو چ مشتومڕێکی توند و ڕووگیر لە ئەنجوومەنی بازاڕی ئەوروپی هاوبەشدا ڕوو دەدات، سەبارەت بە ئەندامبوونی ئەم وڵاتە ئیسلامییەی وەها خۆی نیشان دەدات کە بەشێکی ئەوروپایە و لێی جیا نابێتەوە.

وەک دەشزانین هەتا ئێستاش بەئەندام وەرنەگیراوە. هەمان شت سەبارەت بە وڵاتی مەغریبیش ڕاستە. لەبەرئەوەی شا حەسەنی دووەم جورئەتی ئەوەی کرد وڵاتەکەی بۆ بازاڕی ئەوروپایی هاوبەش کاندید بکات! وەڵامیش بەو داواکارییەی ڕوون و ئاشکرا بوو: واتە وەرناگیرێن، لەبەرئەوەی ئیسلام (یاخۆ بەهاکانی) لەگەڵ بەها ئەوروپاییەکاندا ناگونجێت. بەم جۆرە دەبینین ئیسلام وەکی ڕابردوو لەمڕۆشدا بووەتە بەربەستێک کە ڕێگرە لە بەردەم دیالۆگ و پێوەندیدارێتی لەگەڵ ئەوروپا و

ڕۆئاوا به گشتی.

کەواتە چی ڕووی دا کاتێک (ئەتاتورک) هات و دەسەڵاتی گرتە دەست، دوای ئەوەی تورکیای عوسمانی (هاوپەیمانی ئەڵمانیا لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم)دا تووشی شکست و دۆڕاندن هات؟ یەکەمین شت پێویستە ئەوەمان لە یاد نەچێت کە هاووڵاتییانی تورک، وەکی قارەمانێکی ژیاری و باوکی تورکیای نوێ سەیری (ئەتاتورک) دەکەن. گومانی تێدا نییە ئەوە ئەو بوو وڵاتەکەی لە چنگی دەمارگیری عوسمانی موحافیزکار دەرهێنا خستییە سەر ڕێگەی نوێگەری، بەڵام لەم هەوڵەیدا هەندێک ڕێڕەو و بیرو ڕای بەکارهێنا و کردنیە نموونە کە بەردەوام مایەی ئەوەیە قسە و باسی لە بارەوە بکرێت و ڕەخنەی توندی ئاراستە بکرێت.

ئەزموونی (ئەتاتورک) بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و هەمەلایەن هەڵدەسەنگێنین، بۆ ئەوەشی بە وردی ئاستی بایەخ و گرینگی پرۆژە عەلمانییەکەی و کاریگەرییەکانی بپێون، پێویستە لە سەرمان وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەینەوە:

– جۆری ئەو ئیسلامە کامەیە کە دەبوو ئەتاتورک لە تورکیا لە نێوان ساڵانی (١٨٨٠–١٩٣٨)دا واتە لە ماوەی دروستبوونی لە ڕووی فیکرییەوە پاشان دەستکردنی بە مومارەسەی عەمەلی و کاری سیاسی پێی ئاشنا بێت؟

– شێوازی ئەو عەلمانییەتە چۆن بوو کە لەو ماوەیەدا دەیتوانی دەست پێ بکاتن و ببێتە خاوەنی؟

لە ڕاستیدا تێڕوانینی ئەتاتورک بۆ ئیسلام لەلایەک و بۆ عەلمانییەت لەلایەکی ترەوە، هەمان ئەو تێڕوانینە تەقلیدییە هاوبەشەیە کە لە هوشیاری ساویلکەیی زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرانی عەرەبی و موسڵمانانادا هەبووە. لەبەرئەوەی ئەو ڕۆشنبیرانە لە نێوان ساڵانی (١٨٨٠–١٩٤٠)دا بەهۆی

خـوێندنیـان لە خـوێندنگە و زانکۆکانی ئـەورووپادا دووچاری ڕاچڵـەکینێکی فیکری بووبوون. ئەم ڕاچڵەکینە لە قۆناغێکی تری تەمەنیاندا هەندێک جار کـۆنتـرۆڵ دەکـرا، هـەندێ جـاریش لە کـۆنتـرۆڵ دەردەچوو. ئەو کـۆمـەڵگە ئیسـلامییـەی ئەوانی تێـدا لەدایک بوون (ئیتـر ئەمـە لە تورکیـا بێت یان لە وڵاتانی تر) ملکەچی کۆمەڵە شتێک بوون، لەوانە: ئەو شـتانەی ئاین ڕێیـان پێ نادات، لەگەڵ سیحر و جادوودا. هەروەها ئەو کۆمەڵگەیانە جیاوازییەکی کۆمـەڵایـەتی بێ ئەندازە پەیڕەوکـردنی سـیاسـەتێکی زۆرەملێیـان تێدا بوو، ئیـتـر سـەرچاوەکـەی ناوەخـۆ بووبێت یان ئیـسـتـعـمار. ئەمـە و سـەرەڕای دواکـەوتوویی پلەیەکی ترسناک لە ڕووی ڕۆشنبـیـرییـەوە. هـەمـوو ئەمـانەش وێنەیەکی تەواو پێچەوانەی ئەو وێنەی کۆمـەڵگەی فرەنسی بوو کە سەرشـار بوو بەو ئازادییـانەی سـیسـتـەمی کـۆماری لە دوای شـۆڕشـەوە بناغـەی بۆ داڕشتبوون. هاوکات کۆمەڵگەیەک بوو لیوانلێو بوو لە جموجووڵی ئابووری و ئەفـراندنی ڕۆشنبـیری و بەرفراوانبـوونی تێـڕوانینی مـێژوویی و ئیـرادەی مەعریفە و کۆنترۆڵکردن. لەگەڵ ئەو خۆشگوزەرانی و پاکوخاوێنییەی کە بە شـەقـام و شـوێنە گـشـتـیـیـەکـان و خـانووبەرەکـانەوە دیار بـوو. هەروەها دەسـتـپـێـداهێنان و باش بەکـارهێنانی زەویوزار و کـەڵەکـەبوونی سەرمایەگوزاری لە شارەکانداو.. هتد.

هەموو ئەمانەش جێی سەرنجی لاوانی موسڵمان یاخۆ ئەو عەرەبانە بوون کە بە مـەبەسـتی خـوێندن ڕوویان دەکردە پایەتەختی وڵاتانی ئەورووپایی، بە تایبەتیش: لە پاریس و لەندەن و بەرلین و برۆکسل و ڕۆما و مەرسیلیا. هەر ئەمەش بوو لە خودی (ئەتاتورک) خۆی ڕووی دا، کاتێک ڕووی کردە شاری تۆلۆزی فرەنسی بۆ ئەوەی لە ئەکادیمیا سەربازییەکەیدا بخوێنێت.

(ئەتاتورک) چەندێ بە کەشفکردنی ئەورووپا خۆشحاڵ بوو، ئەوەندەش لەو چارەنووسـە مـێـژووییـیـەش بە داخ بوو کـە بـە شـایسـتـەی خـۆی (یاخـۆ شایستەی وڵاتەکەی) نەدەزانی.. دوای (ئەتاتورک) (ڕەفاعە رافع تەهتاوی)

میسری، پاشان (تەها حسێن کاتب یاسین)ی جەزائیری و حەبیب بۆرقێبەی توونسی، زۆر لە کەسانی تریش دووچاری هەمان حاڵەت بوون. هەموو ئەوانە و هەریەک لە شێوازی تایبەتیی خۆی و لە ڕێی نووسین و هەڵسوکەوتەوە کەوتنە گوزارشتکردن لەو تراجیدیا مێژووییە، تراجیدیای ئەو جیاوازییە بێ ئەندازەیە لە نێوان دوو جیهانی جیاواز لە یەکتر. ئەم تراجیدیایەش بەردەوام ئاڵۆزتر دەبێت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بە شێوەیەکی زەقتر بەردەوامە و درێژەی هەیە.

ئەمە ئەو پاشخانە دەروونی و کولتوورییە هاوبەشەیە کە لە پشت هەموو کار و چالاکییەکی سەرکردەیەکی سیاسیی عەرەبی یاخۆ موسڵمانەوە ڕاوەستاوە (ئیتر ئەو سەرکردەیە هەر کەسێک بێت و سەر بە هەر گەل و نەتەوەیەک بێت)، وەها حاڵەتێکیش لانی کەم تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئارادا بوو. ئەو قۆناغەش قۆناغی هوشیاری ساویلکانە بوو. مەبەستم لەوەیە ڕۆشنبیران و سەرکردە سیاسییەکان بەوپەڕی ساویلکەییەوە لەو باوەڕەدا بوون ئەوەندە بەسە ئەم نموونەیە بگوازینەوە (بۆ ئەم وڵات یان ئەو وڵاتی ئیسلامی)، یان ئەو چارەسەرە حازربەدەستانە بخوازین کە بوونە مایەی سەرکەوتن و باڵادەستبوونی ژیاری ڕۆئاوا. عەلمانییەتیش یەکێک بوو لەو چارەسەرکارییانە بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی ئاین تێیاندا پێشەنگە و کۆنترۆڵی تەواوی چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی کردووە (ئەڵبەتە لێرەدا مەبەستم کۆمەڵگە ئیسلامییەکانە).

بەڵام ئەوکات نە ڕۆشنبیران و نە سەرکردە موسڵمانەکان خاوەنی ئەو ڕۆشنبیرییە مێژووییە پێویستە نەبوون، تا دەستنیشانی دروستبوونی ئایدیۆلۆجیای عەلمانییەت لە ڕۆئاوا و ئەرکە کۆمەڵایەتی و سیاسی و سنووره فەلسەفییەکانی بکەن، وەک ئەوەی من لە لاپەڕەکانی پێشوودا کردم. لەسەر ئەمە ئەم نموونەیەت بۆ باس دەکەم: ڕۆشنبیری تورکی (عەبدوڵلا سیڤیت)، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ئیجتیهاد) لە ساتەوەختی

شۆڕشی کەمالییەتدا بەوپەڕی ساویلکەییەوە دەنووسێت: (شارستانییەتی دووەم لە ئارادا نییە. تەنیا یەک شارستانییەت هەیە. وشەی شارستانییەت مانای شارستانییەتی ئەوروپایی، بۆیە پێویستە وەک خۆی چۆن هەیە بیخوازین و بە هەموو لایەنە سلبی و ئیجابییەکانییەوە بیسەپێنین).

(ئەتاتورک) زۆر لەمە زیاتر پێی لێ هەڵبڕی. ئەو هەر بەوەندە نەوەستا ئەو سەڵتەنەیە لابەرێت کە هوشیاری دەستەجەمعی موسڵمانان گەیاندبوویانە ئاستی خەلافەتی پیرۆز (هەر لێرەوە ناڕەزایی لە لایەن زانایانی ئاینی ئەزهەرەوە دروست بوو، بە هۆی ئەو گورزە ڕەمزییە توندەوە کە بەر هوشیاری ئیسلامی کەوت). هاوکات پەلاماری ئەو کەش و هەوا سیمۆلۆجییە یاخۆ سەرجەم موسڵمانانی دا. ئەوە بوو پیتە عەرەبییەکانی بە پیتی لاتینی گۆڕی و شەبقەی ئەوروپایی لە جێی (تەربووش) دانا و جلوبەرگی هێنایە جێی جلوبەرگی تەقلیدی و شەریعەتیشی بە یاسای سویسری گۆڕی.. وەک دەشزانرێت ئاهەنگ و بۆنە ڕەسمییەکان و موبەق و کەلوپەل و هونەری بیناسازی و ساڵنامە و.. هتد، ئەو سیستەمە سیمۆلۆجییە یاخۆ ڕەمزییە پێک دێنن کە جڵەوی حەساسیەتی فەردی و دەستەجەمعی کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکان، شارستانییەتێک لە شارستانییەتەکان دەکات. هەر ئەم سیستەمەش ئاراستەی ئەو شتانە دەکات کە بەر لە ئەقڵ و تێگەیشتن دەگرن (بە پێی زاراوەی ئیمانوێل کانت).

هەموو ئەم سیستەم و شێوازانە تەنیا لە ماوەی چەندساڵێکدا لەلایەن ئەتاتورکەوە وەلاوە خران، سیستەمی ئەوروپییان لە جێگەدا دانرا. ئەمەش ئەو هەڵەی شۆڕشگێڕە فەرەنسییەکانمان بەبیر دێنێتەوە، کاتێک پێیان وابوو دەتوانن سرووت و پەرستنی مرۆڤی باڵا، بێننە جێگای سرووت و خواپەرستی مەسیحییەت. لێرەدا هەم چاکە و هەم گرینگیشە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ڕۆڵی وەزیفەی ڕەمزی و بایەخی ڕۆڵی ئەم وەزیفەیە لە دامەزراندنی سیستەمێکی مەعنەوی و سیمۆلۆجی تازەدا دەستنیشان

بکەین، کە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئابووری نوێی لێ جیا دەبێتەوە.

لێرەدا دەتوانین سەرکێشییەک بکەین بەوەی لێکدانەوەیەک لەبارەی سەرکەوتنی هەمیشە و بەردەوامی ئاینییە تەقلیدییەکانەوە بخەینە ڕوو، لەوەی دەتوانن ڕۆڵی ئەم وەزیفە ڕەمزییە بگێڕن، لە بەرامبەریشدا شکستی سەرتاسەرییان یاخۆ مامناوەندی شۆڕشە دنیاییەکان کە دژ بە تەقالیدەکانن لە جێگرتنەوەی ئەم وەزیفەیەدا دیاری بکەین. ئەویش لە ڕێگەی تاوتوێکردنی هەر حاڵەتە وەک خۆی و بە جیا لەوی تر، بۆ ئەوەی بزانین کە چۆن چۆنی پێغەمبەر یان سەرکردەیەکی کاریزمی چارەسەری ئەم وەزیفە ڕەمزییەیان کردووە، یاخۆ بە چ شێوەیەک کاریان پێ کردووە و بەگەڕیان خستووە.

بێگومان بە پێی هەلومەرجەکان ڕەمز ڕۆڵێکی زۆر جیاواز دەگێڕێت: بۆ نموونە لەناو کولتوورێکی زارەکیدا کە بنیاتێکی میسۆلۆجی هەبێت شتێکە و لەناو سیستەمێکی لۆجیکی مەرکەزی کولتوورێکی نووسراودا (کولتوورێک کە لەناو سنووری ڕوئیای مێژووییدا بێت) شتێکی ترە. شۆڕشی (ئەتاتورک) سەرکەوتنی ئەقڵی پۆزەتڤستی – مێژووگەرێتی چەسپاندنەکە زۆر جیاوازە لە هۆشیاری میسۆلۆجی، هوشیارییەک کە تا ئێستاش کاریگەری بەسەر زۆربەی زۆری ئیمانداران و پیاوانی ئاینی و نەخوێندەوارانی تورکیا و وڵاتانی تری ئیسلامییەوە هەیە. لێرەوە دەبینین ئەو دابڕانە ئایدیۆلۆجییەی نێوان سەرکردە شۆڕشگێڕەکان لەلایەن ئەو جەماوەرەی کە سەرکردەکان خوازیارن ئازادی بکەن لەلایەکی ترەوە، ڕووبەڕووی خودی ئەو سەرمایە ڕەمزییە دەبێتەوە کە کەلەپووری زیندوو، بە درێژی چاخەکان لە هەوڵی بە نەکریکردنیدا بووە.

ئەوکات سیمبولەکان تەنیا دەبنە چەند دروشمێک کە لە ڕێیانەوە

ڕاستەوخۆ هەریەک لە تازەگەر و کۆنسێرڤاتیڤەکان خۆیانی پێ دەناسنەوە و بە خۆیان ئاشنا دەبن. ئەم ئاماژانە یاخۆ ئەم دروشمە دەرەکییانە ماناکانیان پێچەوانە دەبنەوە، یان دەکرێت بڵێین لە ماوەی خەبات لە دژی ئیستعمار لە جەزائیر لە نێوان سالآنی (١٩٥٤-١٩٦٢) یاخۆ لە ماوەی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) هەڵگێڕدرایەوە. ئەو کات حیجاب پۆشین لەلایەن ژنان، یان ڕیش بەردانەوە لەلایەن پیاوانەوە و دروستکردنی مزگەوتی تازەی هەمەجۆر و گەڕانەوە بۆ جلوبەرگی تەقلیدی و کەلوپەلی کۆن و شەریعەت و.. هتد، هەموو ئەمانە بوونە نیشانەی ئیجابی. ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوەوەیە، کە لە سەردەمی (ئەتاتورک)دا ڕووی دا. هاوکات ئەم شتانە بوونە نیشانەی بەدەستهێنانەوەی (شوناسی) ئیسلامی، شوناسێک کە لە ناوجەرگەی نیشتمانی خۆیدا لەلایەن ئیمپریالیزمی ڕۆئاوا شالآوی دەکرێتە سەر. نووسینەوەی مێژووی (ئیسلام)ی هاوچەرخ بەم جۆرە، واتە لە ڕێی ڕووداوی سیاسی و زاراوە و دروشمی ئایدیۆلۆجییەوە نا کە ناسیۆنالیستەکان مێژووی پێ دەنووسنەوە، بگرە نووسینەوەی لەسەر ئاستی (بنیاتە ئەنترۆپۆلۆجییەکانی خەیاڵ یان خەیاڵدان) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆن چۆنی ڕەمزێکی بەرز و باڵا دەپووکێتەوە و دەگاتە ئاستێکی نزم و تەنیا دەبێتە نیشانە و دروشمێک. پاشان ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات کە چۆن چۆنی ئەو ئاماژە و دروشمانە هەوڵی بەدەستهێنانەوەی وەزیفەی ڕەمزی دەدەن، بەبێ ئەوەی لەم هەوڵەیاندا سەرکەوتوو بن. نووسینەوەی مێژوو بەم شێوەیەی دووەمیان مانای سەرلەنوێ بیرکردنەوەیە لە چارەنووسی تەواوی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان، کە لە چوارچێوەی تێگەیشتن و مەعقوولییەتێکی تازەی سەرتاسەری و ڕیشەییدایە. ئەم ڕۆشنبیرییە زانستییەی ئێستا دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ قەڵەمبازێکی مەعریفی وا بدەین تا حاڵەتی ئەفسانەیی لەبەر زۆر لە سەرکردە و شۆڕشە خوێناوییەکان بکەینەوە، بەڵام داوودەزگا سکولائی و

زانکۆکان کە ڕاستەوخۆ بە دیدگای سیاسی ئەو جۆرە سەرکردانەوە گرێ دراون، تا ئێستاش ڕێگەی ئەوە نادەن تا ئەم ڕۆحە زانستییە تازەیە بڵاو ببێتەوە.

تورکیا کە ئەزموونی (ئەتاتورک) بە قووڵی کاری تێدا کرد، لەمڕۆدا نموونەیەکی دەوڵەمەندمان لە پەند و دەلالەت پێشکێش دەکات لە پێناو تاوتوێکردنی ئەم دیاردەیە. ئەویش ئەوەیە چۆن چۆنی سیمبولە بەرز و باڵاکان شڵۆق دەبن و تەنیا دەبنە چەند دروشم و ئاماژەیەک. پاشان ئەو هەوڵەی بە شێوەیەکی پێچەوانە دەدرێت بۆ سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ئەو ئاماژە و دروشمانە، سەرلەنوێ کردنەوەیان بە ڕەمز لە سیاقێکی ئایدیۆلۆجی و ڕۆشنبیریدا، بواری ئەوەمان دەداتێ تا بیر لە مەسەلەی نەگەڕانەوە لە مێژوودا (مێژووی کۆمەڵگە ئینسانییەکان) بکەینەوە.

لەبەر ئەم هۆیە پێم خۆشە بە درێژی ئیستێک لە بەردەم نموونەی تورکیادا بکەم، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی تر زیاتر زۆر بە قورسی هۆکارەکانی ڕابردووی ئیسلام لەگەڵ هۆکارەکانی تازەگەری یاخۆ ئامادەگی ئەو وڵاتە بۆ بە (ئەورووپی) بوون و پێنانە ناو مۆدێرنێتەوە تێکەڵ بە یەکتری دەبن و بەیەکدا دەچن. پێم وایە پێویستە لەسەر هەموو ئەو موسڵمانانەی دەربایسی دەوڵەمەندکردنی فیکری ئیسلامی هاوچەرخن، کەوا بە درێژی لە بەردەم لێکۆڵینەوە لە ئەزموونی تورکیدا بوەستن. بەم جۆرەش دەبێت خۆمان بە ڕۆشنبیرییەکی ئەنسرۆپۆلۆجی بەراوردکاری چەکدار بکەین، بۆ ئەوەی دوو بابەت تاوتوێ بکەین کە بە قورسی تەواوی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردووە، هەردوو بابەتەکەش پێوەندییان بەو ئەزموونەوە هەیە کە دژ بە ڕابردووی تەقالیدەکانە: مەبەستم لەوەش ئەزموونی (کەلەپوور)، واتە میراتی ڕۆشنبیریی سەردەمی کلاسیکی لە مێژووی عەرەبی – ئیسلامی کە ماوەی ساڵانی (١٦٣٢–١٢٥٨) دەگرێتەوە. دووەمیشیان برێتییە لەوەی بە شالاوی فیکری ڕۆئاوا لە قەڵەم دەدرێت، ئەو

شـاڵاوەش بـە شـێـوەیەکی تەواو و تـایبـەت لـە ئەزمـوونـەکـەی (ئەتـاتورک)دا بەرجەستـە بوو، لەبـەرئەوەی دەنگدانەوەی ئەم ئەزمـوونە ئـەوەندەیە کـە لە بن نایەت و کۆتایی نایەت.

**محەمەد ئەرکۆن**

- لە ناوچەی (تاویرت میون) لە وڵاتی جەزائیر لەدایک بووە.
- قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری (وەهران) خوێندووە.
- پاشان چووەتە جەزائیری پایەتەخت و لە زانکۆی ئەوێ زمانی عەرەبی لە کۆلێجی ئاداب خوێندووە.
- لە دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ڕووی کردووەتە فەرەنسا و لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە لە پاریس نیشتەجێیە..ساڵی ١٩٦٨ لە زانکۆی سۆربۆن بڕوانامەی دکتۆرای دەوڵەتی وەرگرتووە. کارنامەی دکتۆراکەشی لەبارەی (مەسکوەیهی و ئاقاری مرۆگەری عەرەبی لە سەدەی چوارەمی کۆچی)دا بووە.
- ساڵی ١٩٦١ بووەتە مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سۆربۆن، پاشان لە ساڵی ١٩٧٠دا کۆرسی مێژووی فیکری ئیسلامی پێ دراوە لە هەمان زانکۆدا.
- لە ١٩٧٦ بۆ ١٩٨٨ بەڕێوەبەری (پەیمانگەی خوێندنی ئیسلامی) بووە لە سۆربۆن.
- سەرنووسەری کۆواری ARABICA بووە کە تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوەی عەرەبی و ئیسلامی.
- لە زانکۆکانی ئەمەریکا و ئەوروپا و ئاسیا و ئەفەریقا وانەبێژ بووە.
- ئەندامی لێژنەی نەتەوایەتی ئاکار بووە لە فرەنسا.

- خاوەنی چەندین کتێبی گرینگە لەبارەی فیکری ئیسلامییەوە کە بە زمانی فەرەنسی نووسیونی و، "هاشم سالح" لەگەڵ پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسیندا زۆربەی زۆری وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی، لەوانە:

١- مێژووی فیکری عەرەبی - ئیسلامی ١٩٨٦.

٢- فیکری ئیسلامی/ خوێندنەوەیەکی زانستی ١٩٨٧.

٣- ئیسلام: ئاکار و سیاسەت ١٩٨٨.

٤- ئیسلام: ڕەخنە و ئیجتیهاد ١٩٩٠.

٥- ئیسلام، ئەوروپا، ڕۆژئاوا ١٩٩٥.

٦- ئاقاری مرۆگەری لە فیکری عەرەبیدا ١٩٩٦.

٧- چەند مەسەلەیەک لەبارەی ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ئاینییەوە ١٩٩٨.

## هاشم سالّح

* سالّی ١٩٥٠ له پارێزگای (لاذقية) له سووریا لەدایک بووه.
* سالّی ١٩٧٣ لیسانسی له ئەدەب و زمانی عەرەبیدا له زانکۆی دیمەشق وەرگرتووه.
* له هەمان زانکۆ سالّی ١٩٧٥ بڕوانامەی ماستەری پێ دراوه.
* سالّی ١٩٨١ بڕوانامەی دوکتۆرای له زانکۆی سۆربۆن وەرگرتووه، کارنامەی دوکتۆراکەشی لەسەر "ڕێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی نوێ" بووه.
* بەدرێژایی ئەم بیست ساڵه له پاڵ وەرگێڕانی زۆربەی زۆری کارەکانی "محەمەد ئەرکۆن"دا بۆسەر زمانی عەرەبی، چەندین وتار و لێکۆڵینەوه و تێبینی لەسەر فیکری ئەوروپایی تازه پێشکێش به کتێبخانەی عەرەبی کردووه.